## زانكۆیا زاخۆ - فاكۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی



# 2

# دوویەمین كۆنفرانسێ نێڤدەولەتییێ
# فاكۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی

## ل ڕێكەفتی ٤/٤/ ٢٠١٨ هەتا ٥/٤/ ٢٠١٨

## ناڤەرۆک


| بابەت | ڤەکۆلەر | بەرپەڕ |
|---|---|---|
| پراگماتیکی نیشان و ئادرێس لە زمانی کوردیدا | دیار علی کمال و تاڵیب حسین عەلی | ١ |
| پۆلگۆڕینی مۆرفێمەکان لە زمانی کوردیدا | شیروان حسین حمد | ١١ |
| رۆمان و ئازار: جیهانبینییا گەنجان پشتی هێرشا داعش، 2014 – 2017 | ئەمین عەبدولقادر عومەر | ٢٢ |
| رۆمانا خەیالا زانستی و ئەدەبییەت (مرۆڤێ بەلەچەك وەك نموونە) | نفيسة اسكاعيل حاجي | ٣٠ |
| بەرجەستەبوونا ڕەهەندێن کارەکتەرێ دراماتیکی د داستانا "شێخێ سەنعان" یا (فەقیێ تەیران) دا | شڤان قاسم حسن و عبدالله عزيز خالد (ئاگرین) | ٤٧ |
| فەلیتێ قوتۆ و نارسیسم (خواندنەکا ڕەخنەیی دەروونشیکاری) | حسين عثمان عبدالرحمن | ٥٦ |
| پراکتیزەکرنا بنەمایێن رەخنا ئەدەبی یا رەوشتی د دیوانا (بازارێ خەما) دا | نعمت الله حامد حامد | ٦٧ |
| رەمزییەتی نەی لە چوارچێوەی شیعری سۆفیگەریدا | پەخشان سابیر حەمەد | ٨٦ |
| هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەی کوردستان پرێسی سویدا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٩٦ |
| کارایی وێنە لەسەر دەربڕینی نووسەکی | ئیبراهیم قادر محمد و نظام حسن رشيد | ١١١ |
| رۆشنگەرییا فەقێ قادرێ هەمەوەندی د ئەدەبێ کوردیدا | دولت محمد احمد | ١٢٣ |
| پەروەردە و فێرکرنا زارۆکی د هزر و هوزانێن هوزانڤانێ کورد ئەحمەدێ خانی دا | ستار جبار حاجي | ١٣٢ |
| Fonetîka Devoka Semsûrê | Şerif GÜZEL û Zafer ATLI | ١٤٢ |
| Edebiyata Zarokan A Kurdî Li Bakur | Türkan Tosun | ١٤٧ |

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 1–10, Mar.-2018*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# پراگماتیکی نیشان و ئادرێس لە زمانی کوردیدا

**دیار علی کمال* و تاڵیب حسین عەلی**

بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق (darya80s@gmail.com)

وەرگرتن:2017/12 پەسەندکرن: 2018/03 بەلاڤکرن: 2018/03 [https://doi.org/10.26436/2018.6.1.538](https://doi.org/10.26436/2018.6.1.538)

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناسینی وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێس و جیاوازی، لێکچون و تایبەتمەندی هەریەکەیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی زمانیدا. خستنەرویەکی وەسفیشە بۆ ئەو گۆڕانە واتاییانەی بەسەر ئەم وشانەدا دێن لەکاتی بەکارهێناندا بە پێی دەرکەوتن و دەوروبەرەجیاجیاکانی بەکارهێنان لە زمانی کوردیدا. توێژینەوەکە لەوە سەرچاوە دەگرێ کە وشەکانی نیشان و ئادرێس تارادەیەك تێکەڵن و لە بەکارهێناندا سنور و تایبەتمەندییان روندەبێتەوە بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت بە هەڵسوکەوتی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەندێ دیاردەی واتایی نزیکی تردا بە پێویست زانرا.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە دەروازە و ئەنجام بەسەر سێ پاردا دابەش بووە:

پاری یەکەم: لەم پارەدا هەوڵدەدراوە بەگشتی وەسف وپەسنی نیشان و ئادریس بکرێ، هەروەها چەند بابەتێکی تایبەت بە واتاسازی و پرۆسەی ناوناون بخرێتەروو، لەگەڵ ئاماژە و چرکردنەوەی ئاماژەو زاراوەکانی بواری چرکردنەوەی ئاماژە، پاشان باسکردن لە( ناو و نیشان) و( ناو و ئادرێس).

پاری دوەم: شیکردنەوەیەکە بۆ هەڵسوکەتی واتاییانەی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس لە کردەی پەیوەندیکردنی زمانی و جیاکردنەوەی نیشان و ئادرێس و ناسناو لەناوخۆیاندا و دیاریکردنی سنوری تێکەڵ نەبونیان.

پاری سێیەم: تیشکدەخاتە سەر میتافۆری نیشان و ئادرێس، هەروەها ئاماژە بەو جۆرە دەربرینە میتافۆرانەش دەکا کە لەگەڵ بەکارهێنانە فەرهەنگییەکاندا بەرامبەریان ناوەستن، هەر لە توێژینەوەکەدا هەوڵدەدرێ ئەو جولەیە دیاریبکرێ کە لە نێوان نیشان و ئادرێسدا هەیە، لەگەڵ پەرینەوەیان لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك، واتە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو وشە و زاراوانە دەکرێتەوە کە ئاستی سیمانتیکیان بەزاندووەو واتای پراگماتیکییان بە هەر دوو ئاراستەی رێزداری، یان بێرێزی دەربرینەکە لێکەوتۆتەوە. هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئاماژە بەو دیاردەیەش دەکرێ کە لە هەندێ باردا وشە و دەربرینە زمانییەکانی نیشان و ئادریس دەبنە ناو (proper name ). ئەنجامی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراوەتەرو.

**پەیڤێن سەرەکی:** نیشان، ناونان، ئادرێس، ناسناو، مێتافۆر.

## 1.دەروازە

### 1.1. ناونیشان و سنوری توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەژێرناونیشانی (پراگماتیکی نیشان و ئادرێس لە زمانی کوردیدا) ئەنجامدراوە، سنوری توێژینەوەکە پراگماتیکی دیاردەکە دەگرێتەوە.

### 2.1. رێبازی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پەیرەوی لە رێبازی وەسفی کردوە و لەهەندێ جێگەدا ئەگەر ئاماژەی بە لایەنی دایاکرۆنیکی هەندێ نمونەدابێ، بەلام وەك خستنەرو ئاوری لەم رێبازە نەداوەتەوە.

### 3.1. کەرەستەی توێژینەوە:

کەرەستەی و داتای توێژینەوەکە لە شێوەی کوردی ناوەڕاستی زمانی کوردییە وەرگیراون، سەرچاوەی نمونەکانیش توێژەرانن.

### 4.1. گرفت وپرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەو گرفتەوە سەرچاوە دەگرێ کە وشەکانی نیشان و ئادرێس ناجێگیرن . شوناس و تایبەتمەندییەکانیان لە بەکارهێناندا بەدیاردەکەون و لە ئاستی سیمانتیکەوە دەپەرشنەوە پراگماتیك. لێرەشەوە توێژینەوەکە هەوڵدەداهەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە :

– وشە و دەربرینەکانی نیشان و ئادریس چین ؟

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

– دەربڕینەکانی نیشان و ئادریس چ پەیوەندییەکیان بە کردەکانی ناونان و چڕکردنەوەی ئاماژەوە هەیە؟

– دەربڕینەکانی نیشان و ئاماژە چۆن دەپەڕنەوە پراگماتیك ؟

– کۆنتێکست چ رۆڵێك دەبینێ لە لێکدانەوەی واتا پراگماتیکییاندا ؟

–نیشان و ئادرێس چۆن دەبنە مێتافۆر؟

### 5.1. گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکا پەڕینەوەی وشەکانی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك بە ئاراستەی ستونی، بەرەو سەرەوە و بەرەو خوارەوە رودەدەن و مەبەستە پراگماتیکییەکانی بەکارهێنان ڕونی دەکەنەوە کە ئامانجی پەرینەوەکان بێلیەنین ، رێزدارین یاخود بێرێزی.

## 2.پاری یەکەم

### 1.2. واتاسازی و پرۆسەی ناونان

1.1.2. **ناو و ناونان:** بابەتی ناو و ناونان بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێ، کە لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی ولە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵدا بایەخێکی زۆر و تایبەتی پێدەدرێ، بەو پێیەی کە ناو دەبێتە نیشانەیەك بۆ ناولێنراو، واتە دەبێتە هێمایەکی تایبەت بەو کەسەی کە ناوەکەی لێنراوە و جیایدەکاتەوە لە کەسانی دیکەی ناو کۆمەڵگە، ناونان ئاماژەیەکیشە بۆ کەسەکە بەوەی لە کەسانی دیکە جیاییکاتەوە، بەجۆرێك ئەوانەی دەوروبەر لێی تێبگەن و بزانن ئەو کەسە کێیە. بەمەش دەکرێ ناوەکە ببێتە پێناسەی کەسەکە و بۆی بگەڕێتەوە. هەر لە رێگەی ئەو ناوەشەوە دەکرێ پەیوەندی لەگەڵیدا بکرێ بۆ هەر مەبەست و کارێك، واتە پرۆسەی پەیوەندیکردن و لێکگەیشتن لەپاش هاتنەئارای توخمەکانی بازنەی پەیوەندیکردن، پشت بە ناونانی توخم ،جەمسەر و بەشداربوانی دەبەستێ.

هەر لەسەرەتای توێژینەوە زمانییەکانەوە ئەو پرسیارە خۆی دەرخستوە کە ئایا (ناو)ەکان واتایان هەیە یان نا؟ زۆربەی زمانەوانەکانیش هەر لەسەرتاوە لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوەکان _ یاخود ئەو وشانەی دەبنە ناوی تایبەت بۆ کەس و شتەکان_ واتایان نییە بەڵکو ئەرکی ئاماژە ئەنجام دەدەن ( 276:2007: Anderson) ئەمەش لەبەر ئەوەی لەکاتی ناونادا لەڕوی واتای فەرهەنگییەوە ناچالاك دەکرێن، مەبەستی سەرەکی لە ناونان چڕکردنەوەی ئاماژەکردن[1] و ناسینەوەیە.

سەرچاوەی سەرەکی ناونان لەڕوی زمانەوە ئاماژەیە، بە پێی بنەمای مەبەستی شوناس بەخشین و ناسینەوەی مەبەست: (19:2000: Yule). ئەم بۆچونەی یۆڵ جەخت لە پەیوەنداربونی ناو دەکاتەوە بە ئاماژەوە لەچوارچێوەی پەیوەندی و هاریکاری کۆمەڵایەتی نێو ئەوکەسانەی هاوزمان یان هاوکەلتورن لە هەنگاوی یەکەمدا، لە دواتریشدا ناو دەبێتە ناسنامەیەك بۆ ئاماژەکردن ناسینەوەی ناونراو لەدەرەوەی زمان و کەلتورەکەی خۆیشیدا.

ناو یان ئەو ناوانەی کە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەنرێن دەربڕینە لە ناسنامە و ئینتمای کەسەکە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەها پەیوەندییەکی پێکەوە ژیانی نێو کۆمەڵە کەسێك و خێزان پێکەوە گرێدەدا یان دەبەستێتەوە ( محمد فخرالدين ، 2012)

کاتێك لە نێو خێزانێکدا منداڵێك لەدایك دەبێ، خێرا دایك و باوکی، یان کەسوکاری منداڵەکە ئەوەی بە بیریاندا دێ و هەوڵی بۆ دەدەن لە ناوێك بگەڕێن، یان پێشتر ناوێکیان ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵە نوێیەکە و ویست و ئارەزوی خۆیاندا بگونجێ، دەبینین ئەم کارە بە پێشینە و سەرەتای گرنگی ناونان دادەنرێ، بێگومان ئەمەش بەپێی خێزان و کەسوکاری منداڵەکە دەگۆڕێ، بۆ نمونە لای هەندێ خێزان ناوی نوێ گرنگە، لای هەندێکی تر واتای ناوەکە گرنگە، خێزانیش هەیە پەنادەباتە بەر ناوی باوباپیران .......تاد ، مەبەستە لاوەکییەکانی ناونان لەڕوی کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە هەرچییەك بێ، مەبەستی سەرەکی پرۆسەکە مەبەستێکی واتایی– زمانییە، بۆ نیشانکردن و جیاکردنەوە و ناسینەوە. ئەم توێژینەوەیەش مەبەستی سەرەکی ناونانی کردۆتە بنەما.

2.1.2. **چەمکی نیشان و ئادرێس** : نیشان (title) وەك هەر زاراوەو کەرەستەیەکی فەرهەنگی دیکە لە زماندا چەند پێناسەیەکی لەبەرامبەردا دانراوە، بەوەی کە لە زۆر بوار و بابەتی جیاجیا بەکاردەبرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری پێناسەکان تاڕادەیەك لایەنی لێکچون و نزیکیان زیاترە لە جیاوازی، ئەوەی لەم بارەدا پێویستە تیشکی بخەینەسەر ئەو پێناسانەیە کە پەیوەستن بە نیشانەکانی تاکەکەسەوە، چونکە پێناسەکانی دیکە زیاتر پەیوەستن بەلایەن و بواری یاسایی یان هونەری، یان پەیوەندییان بە بابەتەکانی وەك : دانانی پەرتوك ، هونراوە، میوزیك، وێنەکێشانەوە هەیە ....... تاد .

نیشان ناونانێکی پەسنی(وەسفی)یە، یان ناونانێکی جیاوازە، بەتایبەتی ئەو ناوەی کە کەسێك دەگرێتەوە لە میانەی ئەو مافەی کە هەیەتی لە پلە،بەدەستهێنان و ئەرکی بیرۆکراتی. بەم پێیە نیشان دیاریکردنێکی فەرمییە وەکو : کاك ، خانم/ خاتو ، شاجوان / شاژن .....تاد.

نیشان و ئادرێس دو زاراوەی تەکنیکی نزیکن و وەك چەمکیش پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، پەیوەندی نێوان نیشان و ئادرێس، بەکارهێنان و مەبەستە جییاجیاکانی واتای پراگماتیکی زمان دروستی دەکەن، پەیوەندی سەرەکی نێوان نیشان و ئادرێس پەیوەندی سەرپێبونە و نیشان بەشێکە لە ئادرێس لەکاتی ئاخاوتنی راستەوخۆ و ڤۆکەتیڤدا.

کردەی ئادرێسکردن لەزماندا بەم رێگەیانە دێتەدی[2]: بەکارهێنانی نیشان، ناوی یەکەم، ناوی کۆتایی ، ناوی یەکەم و کۆتایی، یان لێکدانی هەریەك لەمانە یاخود بەکارهێنانی هیچکام لەمانە( Misbah:2001: 343). بە شێوەیەکی گشتی نیشان ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەبنە ناو بۆ پیشە و پۆلینکردنە چینییە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ئایینییەکان. لەم نێوەندەشدا بەشێکی زۆر لە نیشان تایبەتن بەو نیشانانەی کە کار و پیشە دەگرنەوە لەگەڵ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان. رەنگە نیشانە پیشەی و کۆمەڵایەتییەکان بڵاوترین جۆری نیشان بن.

هەر لە کۆنەوە خەڵکەکە وا ڕاهاتون نیشانی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی وەربگرن و هەندێجار شانازیشی پێوەبکەن.

هەندێجار وا رێك دەکەوێ نیشانە پیشەییەکان لە پاش خاوەنەکانیان بۆ نەوەکانیان بەکاردبێن. ئەگەر نەوەکان خاوەن هەمان پیشەی پێشینانی خۆیان بون و هەمان نیشانیانیان بەکارهێنایەوە ئەوا وشەکە هەر لە سنوری نیشاندا دەمێنێتەوە و ئەگەر نەوەکان خاوەن هەمان ئەو پیشەیە نەبون تەنیا هەڵگری وشەی نیشانەکە بون لەم بارەدا نیشان دەبێتە ناسناو[3] و لە کوردیدا دەکەوێتە دوای ناوەکە وەك: فەرهاد پیربالْ قەساب، عەبدولاّ حەداد، بەدیعە دارتاش.... تاد. (نیشان)ە کۆمەڵایەتیەکانیش بریتین لەو وشە و زاراوانەی کە ئاماژە بۆ جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەکەن، کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ، بەوەی کە ئەو پەیوەندییە فەرمییە، یان پەیوەندییەکی نافەرمییە. واتە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەربڕی بار و پەیوەندیی هاوڕییەتی و هۆگربونی نێوان کەسەکانە یان بە پێچەوانەوە، هەرچی پەیوەندیی فەرمییە خۆی لەو دەربڕین و شێوازانەدا دەبینێتەوە کە بەشێوازی ستایشکردن بەکاردەبرێ لەگەڵ ئەوانەی کە لە تەمەن و پایەدا گەورەترن لەنێرەر ، یان لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەی کە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە نیشان و ئادرێسدا بەرجەستە دەبێ، وەکو : خاوەن شکۆ ، ئەحمەد پاشا، سەلیم بەگ ، حەمەئەمین ئاغا ، خاتو شیلان ...تاد. هەرچی پەیوەندیی نافەرمییە تەنیا بە بانگکردنی ناوەکە دەبێ (محمود أحمد:2002: 25). لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی دەسنیشانکردنی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران مەسەلەیەکی ڕێژەییە و لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر دەگۆڕێ، لەڕووی دوری و نزیکی ئاخێوەران لە یەکتری چ ئەو دورییە یان نزیکییەوە مادی بێ یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی (أرمینکو، فرانسوا:1987: 42 ). بەشێوەیەکی گشتی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دوو خاڵ بەندن :

1– پەیوەندی کۆمەڵایەتی ( نزیك یان دوور ) ی ئەو کەسانەی، کە ڕۆڵ و بەشدابوونیان لە قسەکردنەکەدا هەیە .

2– چەشن و جۆری ئەو بابەتەی لەنێوان نێرەر و وەرگردا باسدەکرێ ( ئاڤێستا کەمال: 2009: 38 ) .

## 3.پاری دووەم

### 1.3. نیشان وئادرێس لە پەیوەندیکردندا

لە بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی زانستی زمان بەگشتی و واتاناسیی بەتایبەتی، زاراوەی (نیشان و ئادریس[4]) یاخود (نیشان و زاراوەکانی ئادرێس) پێکەوە بەکاردێن و ڕاڤەدەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوپەیوەندییە ڕۆنانیی یان ئۆرگانییە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان نیشان و زاراوەکانی ئادرێسدا هەیە، بەوپێیەی نیشان بەشێکە لە ئادرێس، ئەگەر بکەوێتە دۆخی بانگکردن[5](Vocative)ەوە، ئادرێسیش بەشێکە لە بانگکردن[6]. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ناو لە کردەی پەیوەندیکردندا زۆرجار پێویستی بە نیشان دەبێ و ئەگەر (نیشان پێدراو) کەسی دووەم ( وەرگر– یان گوێگر) بێ دەبێتە ئادرێس، ئەم دیاردەیەش لەهەردە جۆری پەیوەندیکردنی گەتەیی و ناگوتەییدا ڕەنگدەداتەوە[7].

هەر جۆرە پەیوەندیکردنێکیش ئەو مەبەست و واتایە لەخۆدەگرێ، کە لەپرۆسەی گواستنەوەی هەر پەیامێکدا لە نێوان نێرەر و وەرگردا ئەنجامدەدرێ و بە لەبەرچاوگرتنی بەدیهێنانی ڕادەی تێگەیشتنی نێوانیان، بۆ ئەوەی ئەو نیشان و ئادرێسانەی کە لەزماندا هەن و لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشێوەیەکی لەبار و دروست لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکارببرێن، پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە بەهەند وەربگیرێن :

1– هەر نیشانێك یان ئادرێسێك لە میانەی پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەبێ ڕون و دیاربێ، واتە لە ئاست و سنوری شارەزایی و تێگەیشتنی ئەو کەسانەدا بێ ، کە بەکاریدەهێنن .

2– ئەو زانیارییانەی کە پەیوەستن بە نیشان یان ئادرێسەوە لای ئاخێوەرانی زمان بەپێی بارودۆخی ئاخاوتنەکە دیارییبکرێ، واتە دەکرێ لە هەر دوو ئاستی سیمانتیکی و پڕاگماتیکیەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ .

بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ ئەو نیشان وئادرێسانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا لە نێوان ئاخێوەراندا بەکاردەبرێن، بە هۆی چەند ڕێگەیەکی جیاوازی تایبەت بە نیشانکردنی خەڵکییەوە بن، کە پشت بە هەر دوو لایەنی پەیوەندی نێوان بەشداربوان و بارودۆخی ئاخاوتنەوە دەبەستێ. ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەکی بەکارهێنانە لە چوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردندا، پەیوەندیکردنی زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی– دەرونی ئاڵۆزە و لەروی سروشت و جۆری پەیوەندییەوە دەکرێ دابەشی چەند جۆرێك بکرێ[8]:

یەکەم: پەیوەندیکردنی فەرمی:

ئەویش دەبێتە دو جۆر:

1 – پەیوەندیکردنی ستونی: ئەوجۆرە پەیوەندیکردنەیە کەبە ئاراستەیەکی ستونی بەڕێوەدەچێ بەشێوەیەکی گشتی لەپیوەندی نێوان بەڕێوەبەری کار و فەرمانبەرەکاندا دەبینرێ ، پەیوەندی ستونی دوو دەرکەوتەی هەیە:

ا– لەسەرەوە بۆ خوارەوە: ئەو جۆرەیە کە ئاراستەی پەیوەندیکردن تیایدا ئاخێوەر(نێرەر) لە ئاست و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی یان بیرۆکراتی بەرزتردا دەبێ لە وەرگر، لەم دەرکەوتنەشدا– ئەگەر سیمانتیك نەبەزێنرابێ–بەکارهێنانی نیشان بێلایەن نییە و گوزارشت لە پابەندبونی فەرمی دەکا کە ئەمەش لە سیستەمی ژیانی شارستانیدا ڕێزداری دەگەیەنێ.

(1) مولازم ئاری تکایە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکەم بۆ بێنە.

(کاتێك ئەفسەرێکی پلە بەرزتر لە مولازم ئەم ئاخاوتنە دەردەبڕێ)

(2) مامۆستا کارزان بۆ توێژینەوەکەت ئەم سەرچاوانە بەکاربێنە.

( کاتێك پرۆفیسۆرێك ئەم ئاخاوتنە دەردەبڕێ)

ب– لە خوارەوە بۆ سەرەوە: ئەو جۆرەیە لە ئاراستەی پەیوەندیکردن کە تیایدا ئاخێوەر (نێرەر) لە ئاست و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی یان بیرۆکراتی نزمتردا دەبێ لە گوێگر(وەرگر)، بەهەمان شێوە لەم دەرکەوتنەشدا – ئەگەر سیمانتیك نەبەزێنرابێ– بەکارهێنانی نیشان بێلایەنانە نییە و ڕێزداری و پابەندبون دەگەیەنێ.

(3) مامۆستا کارزان دەتوانم لەم تاقیکردنەوەیەدا مۆڵەت وەرگرم؟

(کاتێك قوتابی ئەم ڕستەیە بە مامۆستاکەی دەڵێ)

لەهەردوو دەرکەوتنیشدا دەکردێ وشەی ڕێزداری زیادبکرێ لە پێش نیشانەکاندا و ناوەکانیش دەکرێ ناوی یەکەم یان ناوی یەکەم و دووەم و ناسناویش بن .

2–پەیوەندی ئاسۆیی: ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەیە کە بە ئاڕاستەیەکی ئاسۆیی بەڕێوەدەچێ لە ناو ئەو تاکانەی کۆمەڵدا کە لە ڕوی کۆمەڵایەتی، پیشەیی و ئەکادیمییەوە لە هەمان پێگە و باردان، وەك هاوڕێ، ئەندامانی خێزان، هاوپیشە و هاوپۆل....تاد. بەشێوەیەکی گشتی و لەچوارچێوەی سیمانتیکدا بەکارهێنانی نیشان لەمجۆرەی پەیوەندیدا نییە و ئەگەر نیشان لە پەیوەندی ئاسۆییدا بەکار هات ، ئەو ئاخاوتنە سیمانتیك تێدەپەڕێنێ و دەکرێ نیشان لەو کۆنتێکستەدا واتای پراگماتیکی بەدەستەوە بدا ، بۆ نمونە کاتێ ژنێك لە ناو ماڵەوە بە مێردە مامۆستاکەی دەڵێ:

(4) مامۆستا شەماڵ ئەمە وەختە هاتیەوە؟

ئەم ئاخاوتنە واتای پراگماتیکی نێگەتیڤی دەبێ بە پێی ئەو کۆنتێکستە نازمانییە کە تیایدا بەکاردێ.

دووەم: پەیوەندیکردنی نافەرمی:

ئەو پەیوەندییە کە لە دەرەوەی سیستەم، نۆرم و ئەتەکێتی دامەزراوە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەڕێوەدەچێ و ئاخاوتن لەم بارەدا پابەند نییە بە پرنسیپەکانی سیمانتیکەوە بۆیە لێرەدا بەکارهێنانی نیشان و ئادرێس بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بەشدرابوانی بارزنەی ئاخاوتنەوە و بە پێی کۆنتێکست واتای پراگماتیکیان لێ دەکەوێتەوە. هەرچی سەبارەت بە ناوی یەکەم ، ناوی کۆتایی، خێزانی، یان ناسناوە ئەوا لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لە تۆمارکردنی ناو و ناوهێناندا پێویستە پشت بە بارو جۆری پەیوەندیکردنە زمانییەکە ببەسترێ، واتە ئەو کۆنتێکستە زمانیی و نازمانییەی پرۆسەکەی تێدا ڕودەدا.

ئەوەی لەم بوارەدا پەیوەست بێ بە بەکارهێنانی ناوەوە ئەوەیە ناو لە چەند حاڵەتێکدا بەکاردێ، لەهەمو ئەو بارو حاڵەتانەشدا پشت بە مەبەستی جیاواز دەبەستێ و واتای پراگماتیکی جیاواز لەو مەبەستانەوە سەرچاوە دەگرن. بەمشێوەیەی خوارەوە:

أ– بەکارهێنانی ناوی یەکەم وەك ئادرێسکراو :

بەکارهێنانی ناوی یەکەم بەزۆری لە باری نافەرمی و هاوڕێیەتیدا بەکاردەهێنرێ و لەمبارەدا بەکارهێنانی ناوی یەکەم لەڕوی واتاییەوە بێلایەنانە(نیوترال)یە[9] . بۆ نمونە:

ب– بەکارهێنانی ناوی یەکەم وەك ئادرێسنەکراو:

بەگشتی لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسی دوەمدا، بەکارهێنانی ناوی یەکەم بە بێ نیشان، بێلایەنانەیە و دەشێ ئەم بەکارهێنانە لەسەر بارودۆخەکە بوەستێ، بەوەی لە هەندێ کۆنتێکستدا ببێتە بێڕێزی:

(5) شەرمن کتێبەکەی گەڕاندەوە ؟ ( دو قوتابی باسی هاوپۆلێکی خۆیان دەکەن) بێلایەن

(6) ئارام کەی لە ئیش دەگەڕێتەوە؟ ( کاتێ ئارام باوکی پرسیارلێکراو بێ) بێڕێزی

ت– بەکارهێنانی ناوی کۆتایی(خێزانی) لە هەردو باردا :

کاتێ قسە لەسەر کەسایەتییە گشتییەکان دەکرێ، وەکو ئەرەکتەر، یاریزان و سیاسییەکان ئەوەی لەمبارەیەوە باوە تەنیا ناوی کۆتایی بەکاردێ وەك :

(7) تاڵەبانی بە نەخۆش کۆچی دواییکرد .

(8) نادال باشترین یاریزانی تێنسی سەرزەییە .

(9) بوش بەسەردانێك گەیشتە فرەنسا .

د– بەکارهێنانی ناوی یەکەم و ناوی کۆتایی لە هەردو باردا:

هەردوو ناوی یەکەم و ناوی کۆتایی بەکاربهێنە لەو بارودۆخە فەرمی و نافەرمییانەی بەمەبەستی ئەوەی کە زیاتر دەسنیشانکراوبێت لە کاتی دیاریکردنی کەسەکەدا ، فەرمانبەرێك بە هاورێیەکی تری دەڵێت:

(10) ڕەشاد میران پلەکەی بۆ پرۆفیسۆر بەرزکرایەوە .

(11) کەمال خۆشناو بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو .

هونەرمەندێك بە برادەرەکەی دەڵێ :

(12) ئەوەی لەوێ دانیشتوە پەخشان زەنگەنە نییە ؟

لە کوردیدا نیشان و وشەکانی ڕێزداری لەزۆر باردا دەگەڕێنەوە بواری پارادایمی ناو و لە پرۆسەی ناونانی مرۆڤدا وەك ناوی تایبەتی بەکار دێن، وەك ( کاکە، بەڕێز، خاتون، خانم ، دارەوان، نوسەر، ئەندازیار، هونەرمەند.....تاد).

## 2.3. نیشان، ئادرێس و ناسناو

ئەوەی توێژەری زمانەوانی لەم بوارەدا تێبینی دەکا ئەوەیە لە هەندێ سەرچاوەو لە هەندێ بەکارهێنانی ڕەمەکیدا جۆرێك لە تێکەڵی لە نێوان هەردوو زاراوەی نیشان و ناسناودا دەبینرێ، بەڵام پێویستە ئەم دوو زاراوەیە لێکجیابکرێنەوە بەوەی ناسناو بەشێکە لە پرۆسەی ناونانەوە، بەپێی:سیما، پیشە روداو....تاد لە چوارچێوەی کردەیەکی درێژدا بە ویست یان بێ ویستی خاوەن ناسناو. دەشێ ناسناو وەك کاردانەوەیەك هاتبێتە ئاراوە لەبەرامبەر نەتوانینی مرۆڤ بۆ گۆڕینی ناو ، چونکە کاتێك مرۆڤ نەتوانێ هێما دانراوەکان بگۆڕێ– بەو پێیەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیدایە– ئەوا لەلایەنێکی ترەوە هەوڵدەدا ویست و تێڕوانینی خۆی بەرامبەر هێمابۆکراو دەربڕێ بە دروستکردنی ناسناو(ارەزو جمال:2015 : 7). لەکاتێکدا نیشان پرۆسەی ناونانێکی فەرمییە و بە شێوەیەکی گشتیش لەدەرەوەی سنوری ئازادی و هەڵبژاردنی خاوەن نیشاندایە، بەدەر لە جێگە و دەرکەوتنی ناسناو نیشان لە رستەدا[10] تێڕوانین لە ناسناو ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە ناسناو زیاتر بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە پلەی یەکەمدا بۆناسینەوەی زیاترە و دواتر لە ئاستەکانی تری بەکارهێناندا لەگەڵ ڕێزداریدا پەیوەندار دەبێ. لە بەرامبەردا نیشان لە هەنگاوی یەکەمی بەکارهێناندا پەیوەندی بە( ڕێزداری، بێلایەنی یان بەڕێزی)یەوە هەیە بە پێی کۆنتێکستە جیاجیاکانی بەکارهێنان. ئەمە جگە لەوەی بۆماوە لە ناسناودا رۆڵ دەبینێ و هەرچی سەبارەت بە نیشانە بۆماوە رۆڵی لە دروستبونیدا نییە. ئەم لێکدانەوەیەی لێرەدا ئەم توێژینەوەیە خستویەتییە ڕو بەو واتایە دێ کە هەردو دیاردەکە لە سیمانتیکدا لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لە پراگماتیکدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و کۆنتێکست و بەکارهێنانی جیاجیا جوڵە بە ناسناو دەکەن بەرەو نیشان:

+مەلا عەلی ..... (مەلا) دەبێتە نیشان

+ئازادی مەلا ( کاتێ ئازاد کوڕی عەلی بێ ڕەنگە بەهۆی پرۆسەیەکی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی– زمانییە وە مەلا ببێتە ناسناو بۆ ئازاد.

ئەم جوڵەیەی نیشان بەرەو ناسناو بابەتێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و لە پارەکانی دواتردا لەروانگەی پراگماتیکەوە شیدەکرێتەوە.

هەردوو زاراوەی ناسناو و نیشانیش لە بەکارهێنانی زمانییدا پەیوەندییان بەزاراوە و دیاردەی ئادرێسەوە هەیە، چونکە هەردوکیان ناسناو و نیشان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەو کەسەوە هەیە کە لە بازنەی ئاخاوتندا دەدوێنرێ(دەبێتە وەرگر). ئادرێس دیاردەیەکی واتاییە، لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زماندا زۆر بڵاوە . سەرەڕای ئەمەش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی کاریکەر دەبینێ. کاتێکیش کە دەگوترێ زاراوەکانی ئادرێس مەبەست ئەو کۆمەڵە دەستەواژەیەیە کە لە حاڵەتی ڕووبەڕوو قسەکردن و وەڵامدانەوە و کاردانەوەی داینەمیکیدا بەکاردێن (Khani:2011:5)

زاراوەکانی ئادرێس چەند شێوە هەڵسوکەوتێکی گوتەیی گرنگن لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا وەکو هێمایەك (ئاماژەیەك) بۆ هەڵسوکەوتی کەسی بەرامبەر لەنێو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێ ( Leech : 1999: 83 ) ئادرێس بەرهەمی گەشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنی ژیاری و شارستانیەتی کۆمەڵگەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێڕوانین و جیهانبینی بەکارهێنەرانی زمان و ئەو شوێنکاتەوە هەیە کە ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێ.

نیشان جۆرێکە لە ئادرێس و بە پشت بەستن بە دوو ئەرکە سەرەکییەکەی ئاماژەی پێدرا، هەر ئادرێسێك لە حاڵەتی بانگکردندا بێ و ئەو ئەرکە ببینێ، دەبێتە نیشان، کەواتە نیشان بریتیە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی ئادرێس. زاراوەکانی ئادرێس ئەگەر لە حاڵەتی ڕاستەوخۆی ئاخاوتن و گفتوگۆکردندا و لە بەرامبەر کەسەکاندا هاتن دەبنە نیشان . هەرچی ئادرێسە گشتییە و بۆ جیاکردنەوە، ناسینەوەو چڕکردنەوەی ئاماژە لە حاڵەتی ناڕاستەوخۆ و بۆ کەسی سێیەم بەکاردێ .

نیشان بۆ چوار جۆر پۆلین دەکرێ[11]:

– ڕەگەزی وەکو : کاك – بۆ نێر ، خاتو – بۆ مێ ........... تاد

– ئاینی وەکو : مەلا ، شێخ ، سەید، حاجی ........ تاد

– تەشریفی ( شانازی – خانەدانی ) وەکو : ڕێزدار ، بەڕێز .....

– پیشەیی یان پلەو پایە وەکو: وەستا ، دکتۆر ، مامۆستا ، جەنەراڵ....

جیاوازی نێوان ئادرێس و ناسناو لەوەدایە کە نیشان و ئادرێس تایبەتن بە تاکەکان و لە باوکەوە بۆ منداڵ یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر نامێنێتەوە و پەیوەندییەکی گۆڕاوە و پشت بە شوێنکاتی ئاخاوتن دەبەستێ. هەرچی ناسناوە جێگیرە، فراوانە و هەندێکجار خێزان و بگرە خانەوادەیەکی گەورەش دەگرێتەوە و لە

نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە(Khani:2011:4)، کوڕی دکتور مەرج نییە هەڵگری نیشانی دکتۆر بێ، بەڵام کوڕی خۆشناوێك هەڵگری هەمان ناسناوە.

## 4.پاری سێیەم

### 1.4.پڕاگماتیکی نیشان و ئادرێس:

بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی لە ئاخاوتندا بەیەکێك لە ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی توێژینەوەی پراگماتیك دادەنرێ. واتە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا بۆ گەیاندنی واتاو مەبەست، خۆی لە واتای پراگماتیکدا دەبینێ و لێکدانەوەی گونجاوی بۆ دەکرێ. لەبەرچاو گرتنی واتای پراگماتیکی بەشێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی پەیوەندیکردنی پێ چارەسەر دەکرێ. زۆرجار ئاخێوەر لەسەروبەندی ئاخاوتن و لە ئەنجامی کارەکانیدا ڕۆژانە چەندین جۆری دەربڕین و ئاماژە ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکا و خۆی بە واتای باوی سیمانتیکییەوە نا بەستێتەوە، ئەمەش وا لە گوێگر دەکا، کە پێویستی بە هۆکاری دیکەی یارمەتیدەر بێ، تاوەکو لە واتاو مەبەستی تەواوی دەربڕین و ئاماژەکانی قسەکەر بگا، واتە: پەیوەستبوونی بە دەوروبەر و کەرەسەکانی دیکەی دەوروبەر وەك ئەوەی کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیریدا دەستەبەر دەبێ (محمد یونس: 2004: 14). هەروەها بەشێکی زۆر لە کردەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ[12] دا پەیوەست دەکرێ بە بەها کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە. هاوکات وەك پێوەرێکیش بەکاردەبرێن بۆ ئەو جۆرە دەربڕینانەی کە لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە بە نەشیاو و ناپەسەند دادەنرێن. بە واتایەکیتر بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانە لە لایەن نێرەرەوە جۆرە بێڕێزییەکی بەرامبەر بە وەرگر تێدایە. بۆیە لە هەندێ بارودۆخ و دەوروبەری تایبەتدا وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێس بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی بەکاردەهێنرێن، یان بێڕێزی و سوك تەماشەکردنی ئاخێوەر بۆ بەرامبەرەکەی نیشاندەدا، بەمجۆرە دەبینین وشەکانی نیشان و ئادرێسە وەکو دەربڕینێکی زمانی نەشیاو، لەو بارودۆخانەدا چەمکێکی نێگەتیف دەگەیەنین، بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە :

(13) مامۆستا ئارام لای بەڕێوەبەرە .

(14) مامۆستا فلان ئەمە خواردنی تۆنییە .

بە وردبونەوە لە ڕستەکانی 13 و14 ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە وشەی ( مامۆستا ) لە 13 دا وەك نیشان، دەربڕینێکی ئاساییەو بە واتای دروستی خۆی و بە بێلایەنی بەکارهاتووە ، کەچی لە ڕستەی 14 دا ئادرێسە و زیاتر واتای نێگەتیڤی هەیە و بۆ کەم تەماشاکردنی کەسی بەرامبەر دێ.

جۆرێکی تر لە بەکارهێنانەکانی نیشان یان ئادرێس ئەوەیە کە کاتێك سیفەتێك دەخرێتە پاڵ نیشانەکەوە زیاتر سیمای واتای پەیوەست بە لایەنی نێگەتیڤی بەپێی دەوروبەرەکە نیشاندەدا کە جۆرە کەمکردن و نزم تەماشاکردنی کەسی نیشانکراوی لەگەڵدایە ، هەروەها بێڕێزی و سوك تەماشاکردنیەتی .

(15) بەخوا مامۆستا فلاَن مامۆستایەکی عاقڵە !

(16) أ – دکتۆر ئاراس زۆر شارەزایە .

ب– ئاراس زۆر شارەزایە.

(17) بە کاکە دکتۆر بڵێ: نەخۆشەکە بێتە ژورەوە؟

(18) وەستا سەرکەوت لە ئیشەکە دەزانێ.

(19) وەستا شوان دەستی خۆش بێ کارێکی باشی بۆ کردوین.

لەم نمونانەی سەرەوەدا ڕستەی 15 واتایەکی نێگەتیڤی هەیە و زیاتر بێڕێزی نیشان دەدا. ڕستەی 16 أ– و ب– واتای ئاشکراو دیاریان هەیەکە لە واتای سیمانتیکی پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەر دەکەون و وەك ڕستەیەکی هەوڵدان دەربڕدراون، بەڵام لە ڕستەی 17 دا هەردوو وشەی ڕێزداری و نیشان لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە لە روی مەبەستەوەجۆرێکی دیکەی کردە قسەیی دەنوێنێ بە پێی هەلوێست و بارودۆخی گوتنەکە وا دەردەکەوێ ئاخێوەر مەبەستی ئەوە بێ کە زیاتر ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێ.

لە ڕستەکانی 18 و 19 دا ئاخێوەر بە شێوەیەکی ئاسایی گوتنەکەی دەربڕیوە واتایەکی سیمانتیکی دەدا،ئەگەر نیشانکراوان(سەرکەوت و شوان) ئیشەکەیان بە باشی ئەنجام دابێ، بەڵام ئەگەر نیشانکراوان کارێکی باشیان ئەنجام نەدابێ ئەوکات گوتنەکە سیمانتیك دەبەزێنێ و دەبێتە توانج بۆ سەرکەوت و شوان. ئەمەش بە ئاشکرا ڕۆڵی سیاق و پراگماتیك دەردەخا لە جوڵەی واتایی ئەم زاراوانەدا.

### 2.4. میتافۆری نیشان و ئادرێس:

میتافۆر لادانی واتایی وشەیەکە، لەو واتایەی کە بۆی دانراوە( واتای فەرهەنگی ) بۆ واتایەکی تر. وەك میکانیزم ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا ئاماژەی وشەیەك لە بواری سیمانتیکەوە دەگۆڕێ بۆ بوارێکی تر (Misbah :2001: 14). وەك زاراوەش بە وشەیەك دەگوترێ کە بە واتای فەرهەنگی بەکار نەهاتبێ. واتای میتافۆری Metaphorical meaning یش بەڕێگەیەکی باو و فراوان دادەنرێ لە گەشە و گۆڕانی واتایی وشەدا. واتە بەشێکی ئەو گۆڕانانەی کە بە ڕێگەی میتافۆرەوە بەسەر واتای وشەکاندا دێ دەکرێ لە وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێسیشدا لێکبدرێنەوە چونکە ئەو وشانەی، یان ئەو ناوانەی، کە بۆ واتایەك بەکاردێن هەموویان بە جارێك و بە یەك قۆناغ بۆ ئەو مەبەستە دانەنراون، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ژیانی وشەکەدا پەرەیان سەندووە و بە پێی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتوون. دیارە لێرەشدا ئەو وشانە

مەبەستە کە لە سەرەتادا بۆ ناونانی شتێك بەکارهاتوون و واتای فەرهەنگیی وشەکەیان هەڵگرتووە پاشان بە ڕێگەی مێتافۆری ناوی تریان بۆ زیاد کراوە. ئەو ناوە زیادانەش پاش سەرهەڵدان و بەکارهێنانیان، لەگەڵ واتا بنجیەکەدا بوونەتە هاوواتای وشەکە[13].

زمانەوانە دێرین و نوێیەکان ئەوەیان ڕەچاو کردووە کە واتای ڕاستەقینە و میتافۆری وشەکان مەسەلەیەکی چەسپاو و ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە و شایەنی گۆڕانن، چونکە هەمیشە لە بزووتنەوەیەکی بەردەوامدان و سیماکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، واتە ئەوەی ڕاستەقینەیە دەبێتە مێتافۆر، یان ئەوەی مێتافۆرە دەبێتە ڕاستەقینە. پێوانەی ئەم بارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوت و نەریتی زمانی و بەکارهێنانیان لە ناو خەڵکدا (حاکم لعیبی:1980 :101) واتە ناونانی مێتافۆری بۆ هەر هۆکارێکی زمانی، یان نا زمانی بگەڕێتەوە، وای لە ئاخێوەران کردووە، ئەو ناوە هەمە جۆرانە بە ڕێگەی مێتافۆر لەو شتە بنێن.

مێتافۆر ئەگەر چی هۆیەکە بۆ دروست بوونی زۆربەی ئەو واتایانەی کە بۆ تاکە وشەیەکی زمانی دادەنرێن، بەڵام خێرا لە بیر دەچنەوە، بەمەش واتا نوێیەکە کە بە ڕێگەی مەجازەوە هاتۆتە ناو وشەکەوە لە ڕووی دروستیەوە کەمتر نییە لە واتای یەکەمی، یان پێشووی وشەکە، کە هەی بووە(فندریس:2014 :228). کەواتە بە تێپەڕبوونی کات و بەکارهێنانی بەردەوامی ئەو مێتافۆرانە لە زماندا، لایەنی واتای فەرهەنگییان لەبیر دەچێتەوە و دەبنە واتای ڕاستەقینە بۆ وشەکە. زۆر جاریش بێ ئەوەی ئاخێوەر هەستی پێ بکا مێتافۆرەکە بەکاردەهێنێ و وەك واتای ڕاستەقینەی وشەکەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا.

ئەوەی تایبەتە بە مێتافۆری نیشان لە ڕاستیدا زیاتر لە هەنگاوی بەکارهێنانی نیشاندا وەك ئادرێس ڕودەدا بەوەی کاتێك نیشانێك وەك ئادرێس بەکاردێ بۆ کەسێ کە هەڵگری واتای فەرمی ئەو نیشانە نەبێ بەمەش وشەکە ( وشەی نیشان) لە واتا فەرهەنگییەکەی دور دەکەوێتە و واتایەکی مێتافۆری وەردەگرێ:




هێڵکاری ژمارە (1)

بۆ نمونە لە رستەی

(20) ماموٚستا خوٚت لادە . (کاتێ وشەی ماموٚستا بۆ کەسێك بەکار بێ کە بە فەرمی خاوەن ئەو پیشەیە نەبێ)

وشەی ماموٚستا لە 20 دا بوەتە ئادرێس و دواتر بۆتە مێتافۆر لەبەر ئەوەی وەکە سیمانتیکی بەزاندوە و لە واتای فەرهەنگی خۆی دورکەوتۆتەوە و جیاوازی لە بەکارهێنانی وشەی ماموٚستا لە 13 دا.

(21) ئاغا بە خێر بێی .

رستەی 21 وشەی نیشان بوەتە ئادرێس و ئەگەر لە ئادرێسکراو بە فەرمی لەروی پلەی کۆمەڵایەتییەوە ئاغا نەبێ، وشەی ئاغا دەبێتە مێتافۆر و واتای پێچەوانەی دەبێ .

(22) ماموٚستا عەلی بەخێر بێی/ بەخێربێن[14]

لە 22 دا وشەی ماموٚستا نیشان بۆ عەلی ( ئەگەر عەلی ماموٚستا نەبێ و مەلا بێ) نیشانی ماموٚستا لە نیشانێکی پیشەییەوە پەڕیوەتەوە بوارێکی تری واتایی کە ئاینییە و لێرەدا ڕێزداری دەگەیەنێ_ بەوپێیەی هەندێ لە مەلاکان وشەی مەلا یان پێ پەسەند نییە و وای دەبینن واتای لاوەکی نێگەتیڤی هەیە_.

## 5. ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆبکرێنەوە :

1- بەشێکی زۆری وشەکانی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس وەك ئامرازێکی هاوبەش لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا بەکاردەبرێن، کە بە هۆی باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان کەسەکان و سەرنج و تێڕوانینیان سەبارەت بەو نیشانانە دەخرێنەڕو.

2- مەبەستە واتاییەکانی نیشان و ئادرێس بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن و ئەو کۆنتێکستەی ئاخاوتنەکەی تێدا بەکار هاتوە دەگۆڕدرێن و واتا پراگماتیکییەکانی لەو کۆنتێکستانەوە سەرچاوە دەگرن کە تیایدا بەکاردێن.

3- سەرباری واتا و زانیاریەکانی تایبەت بە نیشان یان ئادرێسەوە کە پەیوەستە بە واتای سیمانتیکییەوە، بەشێکی زۆری واتاکانیان لە دەربڕیندا بەچەند دیاردەیەکی دیکەی ئاخاوتنەوە بەستراون، بەتایبەتی ئەو سیمایانەی کە وتەکانی زمان بە شێوەیەکی شاراوە لەپەیوەندیکردندا هەڵیدەگرێ، دەکرێ بەپێی دەورووبەری ئاخاوتنەکە دیاریبکرێ، واتە بەکاربردنی ئادریس ونیشان بەوەی کە

سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت بۆ ئەو مەبەستەی کە نێرەر گرنگی پێداوە.

4- بەکارهێنانی ئادریس ونیشان و پەرێنەوەیان لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك بە ئاراستەی - ڕێزگرتن، بێلایەنی و بێڕێزی - بەپێی کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپ بەڕێوەدەچن، بەشێك لەو بنەمایانەش پەیوەندییان بە بەها کلتوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، کە بەهۆی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی وتە و دەربڕاوەکانی تێدا دەخرێنەڕوو، لە مەبەستە ئەرێنی یان نەرێنیێکە تێدەگەین. بۆیە هەر لادانێك لەو بنەمایانە لە ئاخاوتندا لایەنی نەرێنی (بێڕێزی) یان کەم بینینی بەرامبەرەکە نیشاندەدات.

5- نیشان و ئادرێس و ناسناو لە کوردیدا لە کردەیەکی واتاییی بەردەوامدان و نیشان لە هەندێ باردا دەبێتە ناو یان بەشێك لە ناو(proper name).

6- نیشان لە کوردیدا پاش ئەوەی دەبێتە ئادرێس ئەگەر سیمانتیکی بەزاند دەبێتە مێتافۆر و واتایەکی مێتافۆری ( ڕێزداری، بێلایەن یان بێڕێزی) وەردەگرێ.

## 6.پەراوێز

1. مەبەست لە چرکردنەوەی ئاماژە ئەوەیە کە کاتێ ناو لە کەسێك، شتێ یان دیاردەیەك دەنرێ ،مرۆڤەکان بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە دەیانەوێ لەناو ئەو کەس، شت و دیاردانەدا ئەو توخمە بناسنەوە کە ناویان لەسەر داناوە و ئاماژەکەی چربکەنەوە لەبەر ئەوەی ناوە گشتییەکان فرە ئاماژەن، (مرۆڤ) ئاماژە بەهەمو مرۆڤەکان دەکا کە هەبون، هەن و دەبن. ئەمەش پەیوەندییەکی یەکجار زۆر لەئاماژە لەنێوان ناو و ئەو کەرەستانەدا دروست دەکا، کە ناوەگشتییەکە ئاماژەی پێ دەکا، بۆیە لەقۆناغی دوەمدا مرۆڤ دێ بە بەکارهێنانی ناوێکی تایبەتی_ وەك جوان_ ئاماژە چڕدەکاتەوە، تا لەناو هەمو مرۆڤەکاندا تەنیا یەك جوان _ یان تەنیا ناو (جوان)ەکان_ بمێننەوە. بەمەش لەناو هەمو ئەو ئاماژانەدا ژمارەیەکی دیاریکراو ئاماژە دەمێنێتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دیاردەی ناسناو و نیشان دروست بون تا لە نێوان هەمو ناو(جوان)ەکاندا یەك جوان بمێنێتەوە وەك : جوان خۆشناو، یان مامۆستا جوان.

2. جگە لەمانە ئادرێس بەهۆی بەکارهێنانی تەخەلوس، ناوی ناوبانگ، بەکارهێنانی جێناوەکانەوە دێتەدی .

سەد حەیفێ کە تۆ **نالی** بەم پیرییە منداڵی

بەم تەرزە لەعیشق ئەدوێیی ، زیبا کچ و دێبا کوڕ (دیوانی حەریق ..... ل 43 )

**لۆکە**، کەی دەستت بەگۆرانی کرد؟

**ئێوە** بۆ بەشداری لەکاری هونەریدا ناکەن

3. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بابەتی 2-2 لەم توێژینەوەیە.

4. لەسەرەتای باسکردنی ئەم بابەتانەدا باشترە زاراوەکانی( ئادرێس، ئادرێسدەر و ئادرێسکراو) لێکتر جیابکرێنەوە بەوەی ئادرێس ناوی پرۆسەکەیە، ئەو پرۆسە زمانییەی کە تیایدا ئاخێوەر - یان نوسەر- ڕوی دەمی لە کەسێکی دیاریکراو دەنێ. هەرچی سەبارەت بە زاراوەکانی ئادرێسدەر و ئادرێسکراوە: ئادرێسدەر ئاخێوەر یان نوسەرە و ئادرێسکراو جەمسەرەکەی تری بازنەی ئاخاوتنە و ئەو کەسەیە کە ئادرێسەر ڕوی قسەی لێ دەنێ(Finch:2000:201):

5. بانگکردن کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە و بریتییە لە گرێیەکی ناوی کە ئاماژە بە ئادرێسکراوی ئاخاوتن_ کەسی دوەم_ دەکا، بەڵام لەڕوی سینتاکسی و سیمانتیکییەوە بە ئارگیومێنتێکی گوزارەیی دانانرێ بەڵکو زیاتر دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆنانی ڕستەوە(Livenson:1997:71).

6. بانگکردن دابەش دەبێ بۆ: ( ڕوتێکراو addresses)، (بانگهێشتکراو summonses) و (بانگکراوcalls ) (Zwicky:48:1974).

7. مەبەست لە پەیوەندیکردنی گوتەیی بەکارهێنانی زمانی دەنگیی و ناوگوتەیی زمانی نوسینە.

8. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://bohoutmadrassia.blogspot.com/2014/02/blog-post_7508.html

9. مەبەست ئەوەیە بەکارهێنانی ناوی یەکەم لە دەوروبەری نافەرمی و هاوڕێیەتیدا ، نە بێڕێزییە نە ڕێزدارییە لە پلەی یەکەمی ئەم بەکارهێنانەدا.

10. مەبەست ئەوەیە شوێنی دەرکەوتنی ناسناو و نیشان لە زمانی کوردیدا جیاوازن و ناسناو پاش ناو دێ و نیشان پێش ناوەکە دەکەوێ:

هۆشیار خۆشناو

سەرهەنگ هۆشیار

11. بڕوانە:

Khani,S. and Yousefi, R. (2011),The study of address terms and their translation from Persian to English, Shahid Bahonar University of Kerman, Iran.

12. بەڕای ئۆستن گەیاندنی مەبەستی نێرەرە لە ئاخاوتندا دو جۆر کردەی سەرەکی لەخۆ دەگرێ ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ( بڕوانە: Austin, John L. 1962. How to do things with words. Oxford: Clarendon Press.)

13. نمونەیەکی زۆری ئەم جۆرە وشانەش لە کوردیدا بەرچاودەکەوێ، وەك:دەستکورت ، گوێدرێژ ، داوێن پیس، دوزمان، چاوقایم، دەست بڵاو، پشت ئەستور، لوت بەرز .... تاد.

14. هەرچەندە بە گشتی و بە شێوە سروشتییەکەی ڕێزداری لەکوردیدا بە جێناوی کۆ _وەك ئێوە لە بری تۆ_ دەربڕدرێ، بەڵام لە هەندێ ناوەند و لای هەندێ ئاخێوەر بەهۆی کاریگەربون بە کەلتوری گەلانی زمانە (تی ڤی) یەکان، بەکارهێنانی بەخێربێن لە بری بەخێربێی دەکرێ ببیسترێ.

## 7. سەرچاوەکان


### 1.7.بە زمانی کوردی:

ارەزو جمال خضر ( 2015 ) ناسناو لە زمانی کوردیدا- توێژینەوەیەکی واتاسازی، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

ئاڤێستا کەمال ( 2009) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

هۆگر محمود فەرەج ( 2000 ) پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

### 2.7.بە زمانی عەرەبی:

أرمينكو، فرانسوا،(1987) ، المقاربة التداولية،ت: دزسعيد علوش، مركز الانماء القومي.

بالمر . اف . ار (1981) ، علم الدلالة ، ت : مجيد الماشطة ، مطبعة العمال المركزية، بغداد .

جون لاينز (1987) ،اللغة و المعنى و السياق ،ت : عباس صادق الوهاب ، دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد .

حاكم مالك لعيبي ( 1980 ) ، الترادف في اللغة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد .

خولة طالب الابراهيمي ( 1997 )، قراءة في اللسانيات النصية ، مجلة اللغة والادب، العدد ( 12 ) ، الجزائر .

محمد محمد يونس،( 2004)، مدخل الى اللسانيات،الطبعة الاولى، دار الكتب الجديدة، بيروت، لبنان .

فندريس،(2014)، اللغة، ت: عبدالحميد الدواخلي و اخرون، المركز القومي للترجمة.

محمود أحمد نحلة، (2002)، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر ،كلية الاداب ، جامعة الاسكندرية ، دار المعرفة الجامعية، مصر.

محمد فخرالدين، (2012) ، قراءة سيميائية في دلالة الاسم المغربي، نشر في أخبار بلادي يوم 12 – 01 – 2012 : https://www.maghress.com/khbarbladi/10359

### 3.7.بە زمانی ئینگلیزی:

Anderson, John (2007), The Grammar of Names, Oxford: Oxford University Press.

Austin, John L. 1962. How to do things with words. Oxford: Clarendon Press. Company.

Finch G.,(2000),Linguistic Terms and Concepts, Macmillan press. USA.

Khani,S. and Yousefi, R. (2011),The study of address terms and their translation from Persian to English, Shahid Bahonar University of Kerman, Iran.

Leech G.(1996),Principals of Pragmatics, Longman Publishing, New York.

Livenson C.S.(1997),Pragmatics, Cambridge , Cambridge University Press.

Lyons, J; (1977); semantics; Cambridge University press , Volume 2.

Misbah M.Al-Sulaiman,(2001),Semantics and Pragmatics, University of Musil, Iraq.

Palmer, F.R. (1981); semantics; A new outline; New York; Cambridge University pres.

Webster's New World College Dictionary(2014), Fifth Edition , Houghton Mifflin Harcourt Publishing

Yule G.,(2000),Pragmatics, Oxford University Press.

Zwicky, A.(1974),Hey, Whatsyname! Proceeding From the Tenth Regional Meeting of the Chicago Linguistics Society.

### 4.7.ئینتەرنێت:

http://bohoutmadrassia.blogspot.com/2014/02/blog-post_7508.html

## تداولية العنوان و اللقب في اللغة الكردية

**الملخص:**

يستوي هذا البحث على مجموعة من المصطلحات التي تدل على العنوان و اللقبفي اللغة الكردية مع وصف و تحليل لتلك التغيرات الدلالية التي تحدث في الالفاظ و المصطلحات من وجهة نظر التداولية. يتضمن هذا البحث مقدمة و نتائج مع ثلاث مباحث. المبحث الاول يتناول وصف العنوان و اللقب بصورة عامة و من ثم طرح بعض الموضوعات الدلالية الخاصة بعملية التسمية. اما المبحث الثاني فيحلل اسلوك الدلالي للعنوان و مصطلحات اللقب في عملية الاتصال اللغوي و من ثم تحديد التميز بين العنوان، النداء، اللقي و الكنية فيما بينهم. و المبحث الثالث يسلط اضوء مجاز العنوان واللقب وكذلك يشير الى تلك التعبيرات المجازية المستعملة التي لا تتقابل مع معانيها المعجمية و يحاول البحث توضيح عملية عبو المصطلحات من المجال الدلالي صوب المجال التداولي. و كذلك يشير الى ظاهرة تحويل الالفاظ و التعبيرات اللغوية للعنوان و اللقب الى اسماء علم. يختتم البحث بجملة من النتائج التى توصل اليها.

**الكلمات الدالة:** العنوان، التسمية، اللقب، المجاز.

## The Pragmatics of Title and Address in Kurdish language

**Abstract:**

The paper attempts to shed lights on address and title terms in Kurdish language, it also describes and analyses pragmatically the semantic changes on lexemes and terms. The paper consists of three parts, apart from introduction and conclusion. The first part generally describes title and address, it also describes certain topics relating to semantics deixis, types of social deixis, title and noun and address and noun. The second part analyses semantically titles and address terms, it also draws a distinction between titles, address and nicknames. The third part focuses on metaphorical use of title and address, it highlights the metaphorical expressions that do not match with dictionary entries. The paper also attempts to identify title address movement, i.e. it focuses on those lexemes and terms that lost their semantic values and gains their pragmatic ones (honorific and derogatory). Finally, the paper tackles cases where lexemes, title and address become proper name.

**Keywords:** Title, Naming, Address, Surname, Metaphor.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 11–21, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# پۆلگۆڕینی مۆرفێمەكان لە زمانی كوردیدا

**شیروان حسین حمد**

بەشی كوردی، كۆلیژی پەروەردەی بنیات، زانكۆی ڕاپەڕین ، هەرێمی كوردستان – عێراق (sherwan983@raparinuni.org)

وەرگرتن:2017/11  پەسەندكرن: 2018/03  بەلاڤكرن: 2018/03  https://doi.org/10.26436/2018.6.1.543

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پۆلگۆڕینی مۆرفێمەكان لە زمانی كوردیدا) هەوڵێكە بۆ شیكردنەوە و ناساندنی دیاردەی پۆلگۆڕینی مۆرفیمەكان لە زمانی كوردیدا، ئەم دیاردەیە بەجێهێشتنی پۆلێكی مۆرفێمە بۆ پۆلێكی تر. كە تێیدا ڕێبازی وەسفی – مێژووی بەكارهاتووە .

وێژینەوەكە دابەش كراوە بۆ دوو بەش: بەشی یەكەم باس لە ناساندنی دیاردەی پۆلگۆڕین و گۆڕینی پۆل لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمی بەند دەكات، كە لە چوارچێوەی دیاردەی بەگیرەك بوون و بەسەربەخۆ بوون باس دەكرێت .

لە بەشی دووەمدا پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی مۆرفێمی فەرهەنگی و مۆرفێمی ڕێزمانی خراوەتەڕوو، كە لەچوارچێوەی هەردوو دیاردی بەفەرهەنگبوون و بەڕێزمانیبوون باس كراون. لە گەڵ شیكردنەوەی نموونە و بەڵگە بۆ دیاردەكان. لە كۆتایی توێژینەوەكەدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو

**پەیڤێن سەرەكی:** بەفەرهەنگبوون، بەڕیزمانیبوون، بەگیرەك بوون، بەسەربەخۆبوون.

## 1. پێشەكی

هەرچەندە سنوری نێوان زانستەكان و لقە زانستەكانیش جیاكراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە هەندێ لاوە تێكەڵاو دەبن و دەچرژێنە ناو یەكترییەوە، لەنێو هەر زانستێكیشدا بەپێی تێڕوانین و پۆلێنبەندییەكان چەند ئاست و لقێك یان وەچە لقێك جیاكراونەتەوە، بەڵام هێشتا لەنێوانیاندا سنورێكی هاوبەش هەر هەیە .زماناسی وەك زانستێك لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەكان زانستێكی سەربەخۆیە، بەڵام لە هەمان كاتدا پەیوەندی لەگەڵ زانستەكانی تریشدا هەیە، هەربۆیەش زانستەكانی وەكو زمانەوانی كۆمەڵایەتیو زمانەوانی دەرونیو زمانەوانی دەماری …… هتد. سەریان هەڵداوە .

خودی زانستی زمانیش بۆ ئاسانی توێژینەوەو پۆلێنبەندكردنی بەپێی سروشتی ئاست و دانەكانیان كراوەتە چەند ئاستێك (فۆنەتیك، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاكس، سیماتیك، پراگماتیك)، بەڵام ئەو هێڵەی لە نێوان ئاستەكاندا دانراوە زۆر تۆكمە نییە، بۆیە تێكەڵ دەبن، و لەو ئەنجامەشدا مۆرفۆسینتاكس، مۆرفۆپراگماتیكو مۆرفۆفۆنێم، مۆرفۆسیماتیك…..هتد. سەریان هەڵداوە، لەنێو هەر یەكێك لەم ئاستانەشدا، چەند دانەیەك ناسێنراون و هەریەك لە دانەكانیش بۆ چەند چەشن و وەچە چەشنێك پۆلێن كراون، بەڵام ئەم سنورەش دیسان زۆر تۆكمەو بەهێز نییە، بۆیە هەر دانەیەك زۆرجار لەنێوان دوو جۆرو چەشنی جیاواز جێدەكرێتەوە. یان بەپێی گەشەی زمانیی لەجۆرێكەوە دەپەڕێتەوە بۆ جۆرێكی تر .

ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ پۆلگۆڕینی مۆرفێمەكان تەرخانكراوە، مۆرفێم وەك دانەیەكی سەرەكی ئاستی مۆرفۆلۆژی بە درێژایی دەركەوتنی لەنێو زمانەوانیدا چەندین پۆلێنی جیاجیای بۆ كراوە و جۆرەكانی لەسەر بنەمای جۆراوجۆر جیاكراونەتەوە. بەڵام لەنێوان ئەم جۆرانەی مۆرفێم هێڵێكی تۆكمە نییەو پەرینەوەی زۆر دەبینرێت لە چەشنێكەوە بۆ چەشنێكی تر. بۆیە لێكۆڵینەوەكەمان ئەم دیاردەیە دەكاتە كەرەستەی توێژینەوە .

ئەم توێژینەوەیە بەناویشانی (پۆلگۆڕینی مۆرفێمەكان لەزمانی كوردیدا)، هەوڵ دەدات ئەم دیاردەیە لە زمانی كوردی و بە كەرەستەی كرمانجی ناوەڕاست شیبكاتەوە.. گریمانەی توێژینەوەكە ئەوەیە كە ئایا دەشێت مۆرفێم لە پۆلێكەوە بچێتە پۆلێكی تر، واتە جۆرەكەی گۆڕانی بەسەردابێت بە پێی قۆناغەكانی گەشەكردنی زمان. لە چوارچێوەی دو بەشدا ئەم گریمانەیە و دیاردە مۆرفۆلۆژییەكە و جێكراوەتەوە، بەشی یەكەم، تەرخانكراوە بۆ پۆلگۆڕین لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند لەگەڵ هەر یەكەیاندا هۆكارەكانی پەرینەوە لە نێوان ئەم دو چەشنەدا باسكراوە، بە چەندین نمونەوە. بەشی دوەم، باس لە پۆلگۆڕین دەكات لە نێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و مۆرفیمی ڕێزمانی. لەو نێوانەشیاندا نمونەی چەندین مۆرفێم خراوەتە ڕوو كە پۆلیان گۆڕیوە. لە كۆتایشدا پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ گرنگترین ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكان خراونەتەڕوو .

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەمجارە ئەم دیارەیە لە زمانی کوردیدا لای لێ دەکرێتەوە، بەتایبەتی یەکەیەکی وەکو مۆرفێم، کە کراوەتە یەکەی لێکۆڵینەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بەگرینگی ئەم دانە زمانییەو پەیوەستبونی بە دانەکانی تریشەوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پێڕەوکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی هۆکارکارەکانی پۆلگۆڕین هەندێ جار پەیوەستە بەلایەنی مێژوی و ڕەوتی گەشەو گۆڕان لەزماندا بەناچاری پەنابراوەتە بە ڕێبازی مێژویش.

## 2. بەشی یەکەم: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمی بەند دا

لەم بەشەدا بەرلەوەی بێنە سەر خودی ئەو باتەی، کە جێگە مەبەستی بەشەکەمانە، سەرەتا لە خودی دیاردەکەو سنور و چوارچێوەکەی بە شێوەکی گشتی دەدوێن، دواتر هەردو ئاراستەی پۆلگۆڕینەکە (بەبەندبون و بەسەربەخۆبون) شیدەکەینەوە .

### 1.2. پۆلگۆڕین class change چییە؟

گۆڕان دیاردەیەکی هەستپێکراوی هەموی زمانێکە، (هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لەتوانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەمی بکاتەوەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.) (محمد معروف فتاح٢٠١١: ١١٨) زۆرجار لەئەنجامی گۆڕانی هەندێك دانەی زمانیی تەنیا فۆرم ناگۆڕێت، بەڵکو واتاش گۆڕانی بەسەردادێت، ئەمەش وابەستەیە بە دوو جۆرە هۆکار ئەوانیش (هۆکاری نازمانی– دەرەوەی زمان– ، هۆکاری زمانی–ناوەوەی زمان– لەگەڵ بونی هۆکاریش گۆڕانی زمانی وابەستەیە بە یاساو دەستوری دیاریکراوەوە، هەر بەو هۆشەوە دەتوانین پەیوەندی زمانەکان بە زمانی بنچینەوە و بە زمانەکانی ترەوە، کە لەیەك خێزاندان، دیاریبکرێت.)(مهری باقری١٣٨٠: ٩) لەنێو هەر زمانێکیشدا گۆڕان لە تەنیا دانەو ئاستێکدا نییە، بەڵکو (ئاشکرایە کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، ئاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆژی سینتاکس و سیمانتیك، لەهەر ئاستێکیشدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ.) (محمد معروف فتاح٢٠١١: ١١٩) بەم پێیەش هەر دانەیەکی زمانی لەهەر ئاستێکدا بێت، دەبێت چاوەڕێی گۆڕانی لێبکەین. جگەلەوەی دانەی هەر ئاستێك بە چەندین شێوە پۆلێن دەکرێت، بۆ نمونە دانەیەکی وەکو مۆرفێم، کە دانەی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆژییە بە چەندین شێوە پۆلێن کراوە، لەوانە لەڕوی فۆڕم و دەرکەوتن، یان واتاو ئەرك...... لە هەر یەکێك لەم ڕوانگانەشەوە چەندین جۆر و پۆل دیاریکراون، بەڵام لەنێو هەریەك لەم پۆلانەدا سنورێکی تۆکمە نییە، بەواتایەکی تر، زۆرجار گۆڕانەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی کە لە پۆلێکەوە بچێتە پۆلێکی تر.

دانەکانی زمان پۆلێنی جۆراوجۆریان بۆ کراوە دیارترینیان پۆلێنەکەی (نیدا)یە، کە دانە زمانییەکان لە بچوکەوە بۆ گەورە بەشێوەیە دابەش دەکات: (فۆنێم، مۆرفێم، وشە، لێکدان(وشەی لێکدراو، گرێ)، ڕستە)(احمد مختار عمر١٩٨٢: ٣٢) هەریەك لەم دانە زمانیانەش بۆ چەند پۆل و چەشنێك جیاکراونەتەوە، بەنمونە هەر فۆنێمێك دەبێت ڤاوڵ یان کۆنسۆنانت، گڕ یان کپ، لێوەکی، ددانی، لوتی........هتد(بەپێی سازگەی دروستبونیان) پۆل کراون. دانەکانی تریش هەریەکەیان بەپێی سروشت و شێوەی خۆیان پۆل دەکرێن، بەڵام پۆلەکان زۆرجار تێکەڵ دەبن یان سنورێکی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت. بەم پێیە ئەمەش دەبێتە دیاردەیەکی زمانیی، کە لە نێوان پۆلە زمانییەکاندا ڕودەدات، کاتێك کەرەستەیەکی زمانی بەهەر هۆکارێك بێت، لە پۆلێکەوە دەچێتە پۆلێکی تر پێی دەوترێت پۆلگۆڕین. بەو کەرەستە و هۆکارەشی کە دەبێتە هۆی دروستکردن و پەڕینەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر پێی دەوترێت پۆلگۆڕ .

زۆرجار ئەم بازدانە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، ناوێکی هاوبەش لەو دانە زمانییە دەنرێت، کە نە بە تەواوی سەر بە پۆلی یەکەمە نە سەر بە پۆلی دوومە، بەڵکو هاوبەشە لەنێوان هەردوکیاندا. بەنمونە لە زمانی کوردیدا هەریەك لە زاراوەکانی (نیمچەپێشگر، نیمچەپاشگر، لەلاگرچوو) کە بە بەشێکن لە ئەنجامی پرۆسەکانی زمانگۆڕکی language change واتاگۆڕکێ meaning change دەنگۆڕکێ sound change (محمد مەحوی٢٠١٠:١٠) بەم پێیە ئەمانەش لە ئەنجامی گۆڕانە زمانییەکانەوە سەرهەڵدەدەن. زۆرجاریش ئەم پۆلگۆڕینە بە تەواوەتی دەبێت و پۆلی یەکەم بەجێدەهێڵێت بۆ پۆلی دوەم، کە ئەمە پرۆسەیەکی مێژوویە، پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە. بەڵام دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کارێکی ئەستەم نییە، چونکە بەپێی یاسا زمانییەکان ڕوودەدات و هەڕەمەکی نییە .

جیاکردنەوەی پۆلی وشەکان دەسکەوتێکی گرنگی هەنگاوی یەکەمی سەرهەڵدانی زمانناسییە، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن قوتابخانەی ڕێزمانی دێرینەوە جۆرەکانی وشە پۆلێن کران، لەسەر دەستی ئەفلاتون، کە وشەکانی پۆلێن کرد بۆ (ناو، کار، ئامراز)(محەمەد ڕەزای باتینی١٩٩٣: ٢٣) دواتر ئەم پۆلێنە فراوانکراو بەشەکانی ئاخاوتن جیاکرانەوە بۆ (هەشت– دە) بەش. هەریەك لەم بەشانەیش سنور و سروشتێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام سەرباری ئەوەش زۆرێك لەبەشەکان بەپێی بەکارهێنان و گەشەو گۆڕانیان دیاردەی پۆلگۆڕییان تێدا بەدی دەکرێت. واتە زۆرجار ئاوڵناو دەچێتە پۆلی ناوەوە، یان چاوگ دەچێتە پۆلی ناو.......هتد. لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ ئەمەبەستە تەرخاننەکراوە، بۆیە هەڵوەستەی لەسەر ناکەین .

### 2.2. پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند:

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە مۆرفێمە لەسەر بنەمای دەرکەوتنە لە دەوروبەری زمانیدا، بەجۆرێك مۆرفێمی سەربەخۆ ئەو فۆرمانەن، کە (بتوانن بەتەنها واتە بەبێ پەیوەندی بە مۆرفێمی تر لە ڕۆناندا سودی لێوەردەگرین، بەتەنها لە شوێنی وشە لەزماندا بەکاردەهێنرێت.)(ویدا شقاقی١٣٨٧ : ٦٥) بەم پێیە هەر فۆڕمێکی زمانی، کە بتوانێت واتا یان چەمکێکی ڕێزمانی هەبێت و بەتەنیا ئەم واتا و چەمکە بگەیەنێت، پێی دەوترێت مۆرفێمی سەربەخۆ. لەبەرامبەردا ئەو مۆرفێمانەی کە لە ڕووی دەرکەوتنەوە تواناکەیان وابەستەی مۆرفێمی ترەو (ناتوانن بەتەنها و بەشێوەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن، هەمیشە بەمۆرفیمی ترەوە دەلکێن.)(علاءالدین طباطبائي١٣٧٦ : ١٠) پێیان دەوترێت مۆرفێمی بەند. کە ئەوانیش بەپێی سروشتی دەرکەوتنیان لەسەر بنەکە دەبن بە دو جۆرەوە گیرەك و نوسەك. کەواتە سنورێکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئەم دوو جۆرە مۆرفێمە(سەربەخۆ و بەند)دا هەیە. بەڵام ئەم سنورە هەمیشە بە نەگۆڕی و تۆکمەیی نامێنێتەوە، ئەو دانە زمانەی کە بە مۆرفێمی سەربەخۆ هەژمارکراوە، مەرج نییە بەردەوام وەك خۆی بەهەمان فۆرم و واتا بمێنێتەوە. ئەمەش زۆرجار پەیوەستە بەڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی ئەم دانە زمانییە. ئەم گۆڕانەش خۆی لە دوو ئاڕاستەدا دەبینێتەوە :

**1.2.2. بەگیرەکبون** Affixicalization: ئەم جۆرە لە پۆلگۆرین، لە نێوان مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند(گیرەك)ەکانی زماندا ڕودەدات، کاتێك وشەیەکی سەربەخۆ پۆلی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە هەمان واتاو چەمك دەبێتە گیرەك، پێی دەوترێت بەگیرەك بون. لەم بارەیەوە دەوترێت: (هەندێك لە وشە واتادارەکان کاتێك لە وشەڕۆناندا بەکاردێن، تایبەتمەندی گیرەك وەردەگرن، هەرچەندە پێشتر واتای سەربەخۆیان هەبوە، بەڵام کاتێك لە شوێنی گیرەکی وشەداڕێژی زمان بەکاردێن، لەم حاڵەتەدا واتای بنچینە و سەرەتاییان مەبەست نییە، بەڵکو ئەوانە واتا و بارێکی ڕێزمانی نوێ وەردەگرن.)(اسدالله حیراني١٣٨٨ : ٥٠) هەندێ جار بە شێوەگیرەك ناودەبرێن. لە زمانی کوردیدا نمونەکانی وەکو (خانە، ێوای، نوێ، گەل....) لەو نمونانەن، کە پێشتر وەك مۆرفێمی سەربەخۆ بەکارهاتون، بەڵام ئێستا سەرباری بەکارهێنانی یەکەمیان، بەکارهێنانی دوەمیشیان وەرگرتوەو بە پرۆسەیەکدا بەرەو بەگیرەك بون دەڕۆن وەك مۆرفێمی بەندیش بەکاردەهێنرێن .

| (مۆرفێمی سەربەخۆ) | (مۆرفێمی بەند) (گیرەك) |
|---|---|
| خانەی خەم | خەمخانە |
| خانەی یەکەم | گرتوخانە |
| خانەی بەساڵاچوان | کتێبخانە |

تەماشای بەکارهێنانی فۆرمی (خانە) بکەین لەم نمونانەی سەرەوەدا، بەهەردو شێوە سیمای (+شوێن)ی لەڕووی واتاییەوە هەڵگرتوە. بەڵام لە هەر بەکارهێنانێکدا بە پۆلێکی جیاواز، ئەمەش پێی دەوترێت پۆلگۆڕین. چونکە لەنێوان هەردو پۆلدایە و بەگیرەك دەبێت . فۆڕمێکی تری زمانی کوردی، کە هەردو بەکارهێنانی مۆرفێمی بەند و سەربەخۆی هەیە، فۆرمی (گەل)ە، بەنمونە :

| (مۆرفێمی سەربەخۆ) | (مۆرفێمی بەند) (گیرەك) |
|---|---|
| گەلی کورد | کوڕگەل |
| گەلی بەشخوراو | مێگەل |
| گەلی ژێردەستە | گاگەل |

واتای ئەم مۆرفێمە بەهەردو فۆرمی سەربەخۆ و بەند سیمای (+کۆمەڵ) هەڵدەگرێت، هەرچەندە وەك مۆرفێمی سەربەخۆ تایبەتمەندێتی لەگەڵ واتای میللەت وەرگرتوە، بەڵام لە بەکارهێنانی سەربەخۆ و بەندی هەیە، کە ئەمەش دەبێتە پۆلگۆرین بە هەمان فۆرم و واتاوە، هەرچەندە لە فۆرمە بەگیرەکبوەکەدا چەمکەکەی فراوانتر بوە .

لەهەریەك لەم نمونانەی سەرەوە هەردوو بەکارهێنانی وەك پۆلی سەربەخۆ و پۆلی بەند ئێستایین، هەردوکیان پێکەوە بەکاردێن، بەڵام زۆرجار دەشێ یەکێك لە بەکارهێنانەکان لەکاربکەوێت و نەمێنێت و ببێتە بەکارهێنانێکی مێژویی .

هۆکاری پشت ئەم پۆلگۆرینە زیاتر پەیوەستە بە گەشەو گۆڕانی زمانەوە، (هەندێ لە وشەکان سەرەڕای واتای بنچینەیی خۆیان واتای دوەمیش وەردەگرن، بە واتای نوێ لە وشەی ناسادەدا بەکاردێن، ئەم جۆرە وشانە ناو دەنێین (شێوەگرەك)، کە دەشێت بەرە بەرە واتای بنچینەیی خۆیان لەدەست بدەن و بە واتایەکی تر، بە شێوەی سەربەخۆ بەکارنەهێنرێن و لەم حاڵەتەشدا دەگۆڕێن بۆ گیرەك.) (ایران کلباسی١٣٨٠ : ٢٤–٢٥) بەم پێیەش بێت، پۆلەکە زیاتر لە مۆرفێمی سەربەخۆوە بەرەو مۆرفێمی بەند دەبێت. بۆ نموونە وشەی (ئاوا) بە واتای ئاوەدان، ئاوایی، ئێستا بەکارهێنانی زیاتر وەك مۆرفێمی بەند (گیرەك)ە بۆ دروستکردنی ناوی شوێن و وەك مۆرفێمی سەربەخۆ کەمتر بەکاردێت و هەندێ هاوواتای لەبر بەکاردێت لەوانە: گوند، لادێ، دێ، دێهات. بەڵام وەکو گیرەکی شوێن بۆ دروستکردنی ناوی تایبەتی شوێن زۆر چالاك و بەتوانایە، وەکو: حاجیاوا، تەیراوا، تۆبزاوا........

ئەم گۆڕانەش پێویستی بە ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە، دەشێ لە هەندێ قۆناغدا هەردو بەکارهێنانەکە لە زماندا بەرچاوبکەون، دواتر بەپێی پێویستی زمانەکە و بونی هاوواتا بۆ ئەوەی تریان یەکێکیان زاڵ دەبێت، بۆیە دەتوانین شێوەگیرەکەکان وەکو) دۆخی هێڵی سنوری(border-line cases -یش ناوبنێین. (هەمان سەرچاوە: ٢٥) بەم پێیەش هەر شێوەگیرەکێك تا کاتێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە و دیاردەیەکی دەمکییە. دواتر دەپەڕێتەوە بۆ پۆلە نوێیەکە .

**2.2.2.بەسەربەخۆبونDebonding**: ئەم پرۆسەیە لە دیاردەی پۆلگۆڕیندا ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە پۆلی خۆیان دەگۆڕن بەرەو مۆرفیمی سەربەخۆ دەچن، لای هەندێ لە زمانەوانان بە جۆرێك لە جۆرەکانی بەفەرهەنگیبون هەژمارکراوە، و دەوترێت (باوترین جۆری بەفەرهەنگبونە، کە کاریگەری لەسەر مۆرفیمە بەندەکان، واتە گیرەکە وشەداڕێژو گیرەکە وشەگۆڕەکان، یان نوسەکەکان، دادەنێت و لە بەسەربەخۆبوندا مۆرفیمە بەندەکان، دەبن بەسەربەخۆ، ئەم جۆرە پۆلگۆڕینە لە زمانی ئیرلەندیدا زۆر بەرچاودەکەوێت.) (مهرداد نغزگوی کهن۱۳۹۰: ۹٤) پۆلگۆڕین بەم ئاڕاستەیە لە زمانی کوردیدا، ئەوەندەی کە ئێمە هەستمان پێکردبێت، کەمتر هەست پێکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانەکە، کە مەیلی بەرەو ئاسانبونی هەیە، پەیوەندی بە مەسەلەی ئابوریکردنەوە هەیە .

هۆکارێکی تری پەیوەیستە بەوەی کە بەسەربەخۆبون بە گۆڕانێکی دو هەنگاوی لێکدەدرێتەوە، واتە مەرج نییە بە تەنها بە گۆڕانێك بگاتە پۆلی نوێ. لایەنێکی تریشی پەیوەستە بەوەی کە زمانی کوردی لەڕووی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەوە زیاتر لە ناو گروپی زمانە لکاوەکاندایە، کە ئەو زمانەن (مۆرفیمە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانیان، هەریەکەیان بە واتای جیاواز پێکەوە دەلکێن و سنوری نێوان بنکە و گیرەکەکان بە تەواوی دیاریکراوە.) (پرویز البرزی ورکی۱۳۸۱: ۸) ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە زمانە لکاوەکان زیاتر مەیلی بە گیرەکبونیانیان تێدایە تا بەسەربەخۆبون. سەرباری ئەمانەش دەشێ چەند نمونەیەکی تاکوتەرای ئەم جۆرە پۆلگۆرینەش هەبێت، بەڵام ئێمە تا ئێستا پەیمان پێنەبردبێت .

## 3.بەشی دووەم: پۆلگۆڕین لەنێوان مۆرفیمی فەرهەنگی و ڕێزمانی

چەشنێکی تری جیاکردنەوەی مۆرفیم لەسەر بنەمای ئەو چەمك و واتاییە کە دەیگەیەنێت، و وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی و پێشینەی مۆرفیم دادەنێرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە مۆرفیم دابەش دەبێت بۆ پۆلی فەرهەنگی، و پۆلی ڕێزمانی. (مۆرفیمی فەرهەنگی ئەو مۆرفیمانەن، کە واتایەکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی ئەو مۆرفیمانەن، کە واتای سەربەخۆ و دیاریکراویان نییە، بەڵام ئەرکێکی ڕێزمانی دەگەیەنن. (آزیتا افراشي۱۳۸۸: ٦۸) هەریەك لەم پۆلانەی مۆرفیم، بەشێوەی سەربەخۆ و بەندیش دەردەکەون. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە مۆرفیمە بەندەکانن لەنێویشاندا (گیرەك) .

پۆلگۆڕین لەنێوان ئەم دو پۆلەی مۆرفیمیشدا دەبینرێت، ئەمەش بەپێی پرۆسەیەکی دورو درێژی گۆڕانی زمانی دەبێت، کە هەریەکەیان بۆیان هەیە بچنە پۆلەکەی ترەوە. هەرچەندە ئەمە لەلای زماننناسان بە دو دیاردەی بەفەرهەنگیبون lexicalization و بەڕێزمانیبون Grammaticalzationئاماژەی پێداروە. بەڵام ئەمە لەڕاستیدا پۆلگۆڕینی مۆرفیمەکانە. بەم پێیەش بەفەرهەنگیبون پەڕینەوەی هەر دانەو کەرەستەیەکی ڕێزمانییە بۆ ناو فەرهەنگ و وەرگرتنی سیما فەرهەنگییەکانە. بەپێچەوانەوەشەوە، بەڕێزمانیبون پەڕینەوە دانەیەکی فەرهەنگییە بۆ پۆلی ڕێزمانی و وەرگرتنی سیما ڕێزمانییەکان و لەدەستدانی سیما فەرهەنگییەکانە .

### 1.3. پۆلگۆڕین لە فەرهەنگییەوە بۆ ڕێزمانی (بەڕێزمانیبون):

ئەم دیاردەیە لێکدانەوەی جیاجیای بۆکراوە، تەنانەت هەندێك لە زمانەوانان پەڕینەوەی وشە بۆ مۆڕفیمی بەند، واتە دیاردەی بەگیرەکبون Affixicalization یش دەخەنە ئەم چوارچێوەیەوە، یەکە زمانییەکە لە بارە فەرهەنگییەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە و بارێکی ڕێزمانی وەردەگرێت، ئەم دیاردەیە لە زماننناسی بە بەڕێزمانبون–دستورشدگی (Grammaticalization) ناودەبرێت و لە زمانی فارسیدا پێشینەیەکی کۆنی هەیە و دەتوانین بونی پاشگرەکانی وەکو (سرا) بەواتای (خانە، ماڵ) و (گاه) بە واتای (کات و وەخت) بە ئەنجامی ئەم پرۆسەی ئەم دیاردەیە دابنێین. (بهروز محمود۱۳۷۸: ۱۷۸) بەڵام ئەمە ناتوانین کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر کۆی ئەو وشە و نمونانەدا بگشتێنین، کە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆوە دەبنە گیرەك، بەڵکو دیاردەکە زیاتر خۆی لە گۆڕینی باری فەرهەنگی بۆ باری ڕێزمانی دەبینێتەوە. بەمەش دەتوانرێت بوترێت، کە (بەڕێزمانیبون دیاردەیەکە لە چوارچێوەی ئەو دانە زمانیانەدا ڕودەدات، کە تایبەتمەندی ڕێزمانی زیاتر بەدەست دەهێنن، ئەم یەکانە لە ڕەوتی بەڕێزمانیبونەدا چەند هەنگاوێکی یەك بەدوا یەکداهاتوی تایبەت دەبڕن، ئەم هەنگاوانە بە هێڵکاری قۆناغەکانی بەڕێزمانیبون ناودەبێرێت، قۆناغە لەبەرچاوگیراوەکانی بۆ بەڕێزمانیبون جیهانینین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی توێژەران لەسەر ڕیزبەندی تایبەتی بۆ ئەم قۆناغانە کۆکن، باوترین ڕیزبەندی ئاماژەپێکراویش بریتییە لە :

یەکەیەکی فەرهەنگی سەربەخۆ > وشەی ئەرکی > نوسەك > گیرەکی وشەداڕێژ > گیرەکی ڕێزمانی) (مهرداد نغزگوی کهن۱۳۹۰: ۸۹) ئەم ڕەوتی پەڕینەوەیە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان لە هەموو زمانێکدا مەرج نییە هەمان قۆناغ ببڕێت، یان تەنانەت لە ناو زمانێکیشدا مەرج نییە هەمو یەکەیەك بەهەمان قۆناغدا بڕاوت. بەڵام هاوبەشی ئەوەیە، کە دەبێت تایبەتمەندی ڕێزمانی زیادبکات، و سیما فەرهەنگییەکانی کەم بکات .

ئەم دیاردەیە بەتەواوی دەچێتە خانەی پۆلگۆڕین، چونکە بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت ئەم سەرو ئەوسەری هێڵکارییە دوو پۆلی جیاوازی مۆرفێمن. بۆیەش دەوترێت بەڕێزمانیبون پەڕینەوەی وشە لەدانەیەکی فەرهەنگی کۆنکرێتەوە بۆ مۆڕفیمی ئەبستراکتی ئەرکبین، واتە (grammaticalization) دیاردەیەکە، کە سروشتە

هەمەچەشنەكانی گەشەسەندنی زمانی تیادا بەدی دەكرێت. لەم پرۆسەیەدا، وشە لە لێكسیكێكی تاكی فەرهەنگییەوە بۆ مۆرفیمێكی گشتی ئەبستراكتیی ئەركبین لە سینتاكسدا، دەگۆڕێت. جۆرێك لەو گۆڕانە، پەڕینەوەی وشەی فەرهەنگییە بۆ پرپپۆزشن . (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣أ: ١٧١) كەواتە زۆرینەی ئەو مۆرفیمانەی لە فەرهەنگەوە دێنە ڕێزمان بە شێوەی پرپپۆزیشن دەروازەی ڕێزمانیان بەسەردا دەكرێتەوە.

لە زمانی كوردیدا چەندین نموونە یەكەی فەرهەنگی ڕەوتی ئەم پۆلگۆڕینەیان تێدا ڕوونكراوەتەوە، لەوانە مۆرفیمی (خۆ) كە دەوترێت، (خۆ) جگەلە كاركردنی لەفەرهەنگدا، دوای پرۆسەی (grammaticalization) واتە دوای بەگراماتیكبونی بە بەشداری كردنی لەسازكردنی پێكهاتەیەكی ئانافۆری (anaphoric) لەتەك كۆمەڵێك كلیتیكدا لە شێوەی (–خۆم، –خۆت، –خۆی، –خۆمان، –خۆتان، –خۆیان)دا چالاكانە لەكاردایە . وەك پارتیكڵیش، جگە لەفۆڕمی (خۆ) بەشێوەی (خۆی)و بەیەكگرتنیشی لەگەڵ پارتیكڵی (دا)دا بەشێوەی (داخۆ > ئاخۆ، داخو)دا، بەرچاو، دەكەوێت. فۆڕمی (خود) دوای بەگراماتیكبوونی پێكەوە لەگەڵ كۆنجێكشنی (–یا–)دا، كۆنجێكشنی لێكدراوی {یاخوت > یاخود > یاخۆ}یان، سازكردووە. بەرامبەر بەو فۆڕمانەی خواروو لە دیالێكتەكانی تردا بەگشتی ئەمانە: (خوە، خە، خۆ، خو، خویێ، خۆڤە، خوێن) لەسەرووداو (خۆ) لە زازاداو (وێ) لەگۆراندا، بەرچاودەكەون.) (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣: ١٢٣) بەم پێیە ئەم مۆرفیمە سەرەتا وەك هەر دانەیەكی تری فەرهەنگی، لە پۆلی مۆرفیمی فەرهەنگیدا بووە و دواتر بەپێی ڕەوتی گەشەكردنی بووە بە مۆرفیمێكی ڕێزمانی وەكو جێناوی خۆی، یان ئامرازی لێكدەری سینتاكسی بەكاردێن، كە هەردوكیان مۆرفیمی ڕێزمانین .

لەسەر مانەوەی واتای فەرهەنگی دوای ئەوەی كە پۆلەكەی بەجێدەهێڵێت، تێڕوانینی جیاواز هەیە، هەندێكیان پێیان وایە بەتەواوی سیما واتاییەكان ون نابن، (واتای فەرهەنگیو دوای بەگراماتیكبونی لەیەكتری جیانەكراونەتەوە، بۆنمونە: واتای (خۆ) بەبەستنەوەی بە پێكهاتەی (خۆ + كلیتیك) لێك دراوەتەوە، كە ئەمە دروست نییە، چونكە (خۆ) لەتەك كلیتیكەكاندا بەگراماتیككراوەو بەهەردو لایان پێكهاتەیەكی ئانافۆرییان سازكردوە، كە ئەركی لە سینتاكسدا بەهێزكردنو پتەوكردنو زەقكردن لەبەرچاو و كۆنكرێت كردنی زیاتری واتاو چەمكی دیاریكردنو سنووردانانە بۆ ئەو وشانەی كە پێش ئەمان باسكراون، بۆیە بەجێ نییە واتای فەرهەنگی (خۆ) لەچوارچێوەی ئەو ئانافۆریەدا، شیبكرێتەوە.) (هەمان سەرچاوە: ١٢٥)

دیاریكردنی ئەم ڕەوتی گۆڕانكارییانە پێویستی بە شارەزاییەكی وردی زانستی ڕەچەڵەكناسی وشە Etymology وشەوە هەیە، ئەم زانستە (لێكۆڵینەوەیە لە مێژو و بنچینەی وشە، لەگەڵ هەمو ئەو گۆڕانە كتوپڕانەی بەسەریدا دێن، لە ڕەوتی گەشەكردنیدا.) (David Crystal2010: 163)لەبەرئەوەی شرۆڤەكاری ڕەوتی گەشەكردنی وشەیەك پێمان دەڵێت، كە چۆن گۆڕانێكی بەسەردا هاتوە، هەندێ لەم گۆڕانانەش تەنیا بەسەر فۆرم واتای وشەدا نایەت، بەڵكو پۆلەكەشی دەگۆڕێت. هەندێ جار شارەزابون لەم زانستە قورسە، چونكە پێویستی بە زانینی زمانی مردو هەیە، بەتایبەتیش بۆ زمانی كوردی ئەستەمترە، چونكە بەرهەمێكی وەهامان لە نوسینی كۆن لەبەردەست نەماوە، ناچارین پەنابەینە بەر زمانی فارسی و زمانە ئێرانییەكانی تر. لەبەرئەوەی لە قۆناغێكی مێژوی نەزۆر دوور هاوبەش بوین، بگرە تەنانەت یەك زمانیش بون .

ڕێگەیەكی تر بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەكی وشەو ئەو گۆڕانانەی كە بەسەریدا هاتون بریتیە لە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگە ئیتمۆلۆژییەكان، كە لەڕێگەیانەوە دەتوانین ئەو گەشەو گۆڕانانە بزانین، كە بەسەر هەر وشەیەكدا دێن و لەنێویشیاندا پۆلگۆڕینی وشەو مۆرفیمەكانە. بەنمونە وشەی ئەركی (چۆن) لە زمانی كوردیدا، كە ئێستا مۆرفیمێكی ڕێزمانییە لە مۆرفیمێكی فەرهەنگییەوە هاتووە(Gên) ی فارسی كۆن، كە وشەكانی (چگونە، چون) و نگون (سرنگون، نگونسار) (زرگون)ی فارسی نوێی لێ سازكراوە، كە لە زمانی ئاڤێستادا (gaona)ڕەنگ و (hamo-gaond) هەمو كەسێك و(ni-gaona)و دواتر لە پەهلەوی فۆڕمەكانی بوە بە (gûn) و (negûn)و (zargûn).)(Ali Nourai1378: 146) هەریەك لە وشەكانی (چۆن) و (چون– وەكو) ی كوردی ڕەچەڵەكیان بۆ ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە، كە دیارە پێشتر مۆرفیمێكی فەرهەنگی بوە، و دواتر لەبەكارهێنانەكانیدا بەپێی ڕەوتی گەشەكردنی پەڕیتەوە بۆ مۆرفیمێكی ڕێزمانی .

ئەگەر بەوردی لە مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی زمانی كوردی بڕوانین، بیانخەینە بەر تشكی لێكدانەوەیەكی مێژوی ئەوا زۆر نمونەی تری لەم چەشنەمان دەكەونە بەرچاو، بەنمونە وشەیەكی فەرهەنگی دەشێ دانەیەكی سینتاكسی لە چەشنی پرپپۆزشنی لێ دروست بوبێت، بە درێژایی ئەو قۆناغە مێژویانەی بڕیویەتی وەكو وشەی (سەر) (لە زمانی كوردیدا، واتای لێكسیكی (سەر) بەگشتی یەكەمجار بە (ئەندامی لەش)و دواتر بە (شوێن)، یا (بەرزی) لێكدراوەتەوەو هەر بەم بیركردنەوەیەش، ڕوانیویانەتە واتای پرپپۆزشنی (سەر) لە ڕاستیدا، هەروەك پێشتر سەلماندمان، یەكەم واتای (سەر) (شوێن)ەو دوەمیان كە لە ئەنجامی فرەواتایی یەكەمەوە هاتۆتە ئاراوە (ئەندامی لەش)ە. وەك دەركەوتوە، زمانەوانانی كورد لە شیكردنەوەی واتای فەرهەنگیی (سەر)دا، ئامانجیان وەك پێویست نەپێكاوە، ئەمە لەلایەك لە لایەكی ترەوە، جیاوازییان نەخستۆتە نێوان لێكسیكی (سەر)و مۆرفیمی (سەر)ی بەگراماتیكبوی ئەبستراكتیی، واتە

ئاماژەیان بە پرۆسەی پەرپنەوەی (سەر)ی فەرھەنگی بۆ (سەر)ی ئەبستراکتی سینتاکسیی‌و سروشت‌و جەوھەرو تایبەتێتی دو کەرەسەی جیاوازی زماندا، کە لێکسیکۆلۆژی‌و سینتاکسە، نەکردوە . بەکورتی بەلای پەرپنەوەی لێکسیکی (سەر)و بەگراماتیکبونیدا، نەچوون‌و ھەر بەچاوی لێکدانەوەی واتای فەرھەنگی (سەر) کە بەو شێوە نادروستەش، بوە، دەستیان بۆ شیکردنەوەی واتای پرێپۆزشنی (سەر)یش، بردوە .

وشەی (سەر) بە یەکێك لە لێکسیمە ھەرە بەپێزو بەبەرھەمەکان، کە بەردەوام لە سازکردنی وشەی نوێدا بەھانای فەرھەنگەوە، چووەو (سەر) دوای بەگراماتیکبونیشی بەپێی یەکەم واتای کە (شوێن)ە وەك پرێپۆزشن زۆرتر بە بەشداری کردنی لەگەڵ پرێپۆزیشنە ئاسان‌و بنەڕەتێکانی ترداو کەمتر بەتەنیاش، چالاکانە لەسازکردنی فرێزە ئەدڤێربەلەێکاندا لەکاردایە.) (فاروق عومەر سدیق٢٠١٣أ: ١٧١– ١٧٢) کەواتە فۆرمی سەرەکی و فەرھەنگی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا (سەر) بوە ھەر بە ھەمان فۆرمیش بەرێزمانی بوە و پۆلەکەی خۆی گۆڕیوە، کە لە پرێپۆزشنی سادە و لێکدراویشدا دەبینرێت، وەکو: (سەر سنور، لەسەر سنور، لەسەر سنورەوە، بەسەر سنوردا، لەسەر سنور را...) کە لەھەموویاندا وەك مۆرفیمێکی رێزمانی بەکاردێت . ئەمانەو چەندین نمونەی ترمان ھەن، کە لە فەرھەنگەوە پەرپونەتەوە بۆ رێزمان، بەڵام لەبەر سنورداری توێژینەوەکە ناتوانین نمونەی تر بھێنینەوە .

## 2.3. پۆلگۆڕین لە رێزمانییەوە بۆ فەرھەنگی (بەفەرھەنگیبون):

لە ئەنجامی ئەو گەشەو گۆڕانە بەردەوامەی کە بەسەر دانە زمانییەکاندا دێت، ھەندێ جار دەشێ، پەرپنەوە لە رێزمانەوە بۆ فەرھەنگ روبدات، بەتایبەتی ئەم دیاردەیە لەئەنجامی ھاتنەناوەوەی دانەی رێزمانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر رووودەدات، بەجۆرێك کە ئەو دانە زمانییە لە زمانی یەکەمدا لە پۆلی رێزمانیدا بوە، بەڵام کە دێتە زمانی دوەم دەچێتە پۆلی فەرھەنگییەوە، بەڵام دەبێت ئەم راستییە بزانین، کە ئەمە تەنھا دەروازیەکی پەرپنەوە نییە لە رێزمانەوە بۆ فەرھەنگ، بەڵکو دەشێ دانەکانی ناو خودی زمانێکیش بەر ئەم گۆڕانکارییە بکەون و ئەم پۆلگۆڕینەیان تێدا روبدات. لە زمانی کوردیشدا نمونەی بەفەرھەنگبوی ھەردو چەشنەکە بەرچاودەکەوێت . لەھەمبەر زاراوەی بە فەرھنگیبون ھەردو وشەی -lexicalization)بەلێکسیکبون ((فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١١٨) و -Degrammaticalization) دستوری زدایی– نارێزمانیبون ((مھرداد نغزگوی کھن١٣٩٠: ٩٠) بەرچاودەکەون، کە ھەردوکیان زاراوەن بۆ ھەمان دیاردە، چونکە وەك دەوترێت (بەفەرھەنگیبون لەسەرەتادا دیاردەیەکی تەواو پێچەوانەی دیاردەی رێکخراوتری بەرێزمانیبون وێنادەکرێت.) (ھەمان سەرچاوە: ٩٠) سیما و پێوەری چەمك و جیاکردنەوەی مۆرفیمەکان لەسەر ئەو بنەمایە پێمان دەڵێت ھەمو مۆرفیمێك لەم روانگەیەوە، یان دەبێت فەرھەنگی بێت و واتایەکی فەرھەنگی بگەیەنێت، یان دەبێت رێزمانی بێت و چەمك یان ئەرکێکی رێزمانی پیشان بدات، لەو نێوانەدا زۆر کەمن ئەوانەی کە سەر بە پۆلێك نەبن، یان ھەڵگری بەشێك لەسیمای ھەردو پۆل بن، بۆ نمونە مۆرفێمی لێکدەر interfix یەکێکە لەو چەشنە مۆرفێمانە کە ھەندێ لە سیمای فەرھەنگی و ھەندێ لە سیمای رێزمانیشی لە ھەمان کاتدا تێدا بەدیدەکرێت. دەشێ ھەندێ مۆرفێمیش لە پرۆسەی پۆلگۆڕین دا بن و ھەست بکەین کە لە پۆلێکدا ساغ نەبوبێتەوە .

بەفەرھەنگیبون بەیەکێك لە رێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرھەنگی ھەر زمانێك دادەنرێت، بەجۆرێك ھاوشانی دارشتن و لێکدان و وەرگرتن......ھتد دادەنرێت. (بڕوانە: فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١٢٠) ھەرچەندە دیاردەی بەرێزمانیبون بە دیاردەیەکی تەواوتر و کاملتر دادەنرێت، ھەر بۆیەش زمانەوانان تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم باسیان لەمەحاڵ بونی پێچەوانەکەی دەکرد) .ھاوکات لەگەڵ لەلوتکەدابونی توێژینەوەکان لەبارەی بەرێزمانیبون لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا، زۆرێك لە زمانەوانان لەو باوەڕەدابون، کە بەرێزمانیبون دیاردەیەکی یەك لایەنەو تاك ئاراستەیە، لە فەرھەنگەوە بۆ رێزمان و گۆڕان بە ئاراستەی پێچەوانەوە نەگونجاوە، بەواتایەکی تر بەرێزمانبون شایستەی گەرانەوە نییە، بەڵام زماناناس (Christian Lehmann)بۆ یەکەمجار ئەم جوڵە بەحیساب نەگونجاوەی ناونا بەفەرھەنگیبون .(مھرداد نغزگوی کھن٩٣:١٣٩٠) بەم پێیە بێت لەنێو زماناساندا سەرەتا دیاردەی بەرێزمانبون و دواتر دیاردەی بەفەرھەنگیبون خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێت، ئەوەیە کە ھەریەك لەم دوو دیاردەیە وەك یەك لە ھەمو زمانێکدا ھەستیان پێناکرێت، بگرە لە ھەندێ زمانیشدا دەشی یەکێکیان ھەر بونی نەبێت .

لە ھەمبەر ئەم دیاردەیە جۆر و چەشنی زۆرە، بەڵام گرنگترین ئەو جۆرانەی کە لە زمانی کوردیدا، دەبینرێن، ھەندێ دانەی رێزمانین، کە دووبارە دەچنەوە ناو فەرھەنگ و بە فەرھەنگ دەبن، (بەفەرھەنگیبون بەکارھێنانی یەك وشەیە لەجیاتی ژمارەیەك وشە.) (محمد علی الخولی٢٠٠٩: ١٥٣) لە نێویشیاندا فرێزی چەسپاو، کە توانای ناونانی ھەیە، وەك ھەر دانەیەکی فەرھەنگی. ھەروەھا ھەندێك لە گیرەکە رێزمانیەکان، کە لە ئەنجامی گۆڕانکاری و گەشەی زمانیەوە دەبنە گیرەکی فەرھەنگی و پۆلەکەی خۆیان بەجێدەھێڵن سیمایی رێزمانی لەدەست دەدەن. بۆیە بۆ ھەریەکیان نمونەو رونکردنەوەی تایبەت پێویستن .

رێگایەك لەو رێگایانەی کە فەرھەنگی زمان لە ناوناندا دەیگرێتەبەر، بەرھەمھێنانەوەی سەرلەنوێی پێکھاتەی سینتاکسی و وشەو ئەو

پێکهاتە زمانیانەی ترە، کە بە پرۆسەی بەلێکسیکبون (lexicalization)یەکسان دەبن بە وشە. گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراوە، کە لە زماندا وەك یەکسان بەتاکە وشە، ئەرك دەبینێت، نمونەی: ڕێگای ئاسنین، قارچکی سپی، ...... بەلێکسیکبوش بەو پێکهاتەیە لە وشە دەوترێت کە ڕۆڵی یەکسان بە وشە، دەبینێت (.(فاروق عومەر سدیق٢٠١٣ب: ١١٨) ئەم چەشنە نمونانە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تر دەبینرێن. بەنمونە :

ڕۆژنامەی ئاوێنە

قەڵای کەرکوك

پردی دەلال

نەخۆشخانەی فێرکاری

باشوری کوردستان

ئاڵای کوردستان

زانکۆی سلێمانی

باخچەی ساوایان ....هتد.

هەریەك لەو نمونانەی سەرەوە دانەیەکی زمانین، بەپێی ئەو پۆلێنەی (نیدا) دەکەونە سەروی وشەوە و لە ڕوی ڕۆنان و پێکهاتنەوە دانەیەکی سینتاکسین، لە دیارخەر و دیارخراو پێکهاتون و هیچ یەکێك لە کەرتەکان ناتوانێت بەتەنیا شوێنی ئەوی تریان بگرێتەوە، بۆیە لەیەکتری جیاناکرێنەوە. بەڵام لەبەرئەوەی لەبەرامبەر هەریەکەیاندا یەك تاکە ناولێنراوە هەیە، دەوترێت (بەواتا کۆمەڵێك وشەن، کە لە شوێنی یەك وشە بەکاردێن یان یەك واتایان هەیە بێ ئەوەی کە ئەم کۆمەڵە وشەیە بەتەنها وەك بەشێکی سەربەخۆی ڕستە هەژماربکرێن.) (فاگمە مدرسی١٣٨٦: ٣٠٣) کەواتە یەکسانن بە وشە و لەدانەیەکی ڕێزمانیەوە گەڕاونەتەوە بۆ ناو فەرهەنگ و بون بە ناولێنەر بۆ کەرەستەکانی دەوروبەرمان، بەم پرۆسەیەش دەوترێت دیاردەی بەفەرهەنگیبون، چونکە هەریەکەیان لەبنەڕەتدا دانەی فەرهەنگی نییە، بەڵام گۆڕان و پێداویستی زمان بەناچاری هێناونیەتەوە ناو فەرهەنگ و کردونی بەیەکەی فەرهەنگی .

بە نمونە ئەگەر بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دیاردەیە گرێی (باخچەی ساوایان) وەربگرین، کە لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی سینتاکسییە، لە دیارخەر و دیارخراو و ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتوە، بەڵام بوە بۆ ناو بۆ تاکە شتێك، واتە یەك ناولێنراو لەبەرامبەریدا هەیە، کە دەشێ لە زمانانی تردا یەك وشەبێت بەنمونە لە فارسیدا (کودکستان)، لە عەرەبیدا (الروضة)، لە ئینگلیزیدا (kindergarten) ئەمەش پێمان دەڵێت، کە ئەو فرێزە یەکسانە بە وشە و دانەیەکی بەفەرهەنگبوە چونکە بەهەردو کەرتەکە بونەتە ناو و جیانابنەوە بۆ هەمان مەبەست، سەرباری ئەوەی لەڕوی ڕۆنانەوە دانەیەکی ڕێزمانییە. تەنانەت لەم نمونەیەدا گیرەکێکی ڕێزمانیشی (–ان) لەگەڵدا بە فەرهەنگ بوە، کە لە بنەڕەتدا گیرەکی ڕێزمانی کۆیە لە زمانی کوردیدا .

جۆرێکی تری پۆلگۆڕین لەنێوان گیرەکەکاندایە، هەردو گیرەکی ڕێزمانی و فەرهەنگی، کە پێشیان دەوترێت وشەگۆڕ و وشەداڕێژ، (ئەم پۆلێنە لەسەر بنەمای ئەو ئەرکەیە، کە دەیبینن جیاکراونەتەوە، گیرەکی ڕێزمانی ئەوانەن، کە وشە بۆ جێگرتن لە ڕۆنانی سیتناکسیدا ئامادەدەکەن، توانای گەردانکردن و گەردانبون، بە وشەکە دەدەن. لەبەرامبەردا ئەم گیرەکانە نە وشەی نوێ سازدەکەن، و نە کەتیگۆری وشەکە دەگۆڕن (أکبر اسماعیل شکوە١٣٨٤: ٧٤) ئەم تایبەتمەندییەو چەندین سیمای تر بۆ ئەم جۆرە مۆرفێمە دیاریکراوە، بەڵام لە ڕەوتی گەشە کردنی زماندا ئەم تایبەتمەندیانە وەك خۆیان نامێننەوە و هەندێ جار سیمای پۆلی بەرامبەر وەردەگرێت و بەمەش توشی پۆلگۆڕین دەبن و بە پرۆسەی بە فەرهەنگیبوندا پۆلەکەیان دەگوازنەوە بۆ ناو گیرەکە فەرهەنگییەکان کە وا دەناسرێن (توانای بەرهەمهێنانیان هەیە، لە ئەنجامی لێکدانیان لەگەڵ مۆرفێمی تری سەربەخۆ یان هەر وشەیەك، وشەیەکی نوێ سازدەکەن، کە بە بەرهەمی ئەم لێکدانە هەژماردەکرێت. لەگەڵ بنکەدا یەك دەگرن و سەربەخۆی خۆیان لەدەست دەدەن بە پێچەوانەی ڕێزمانییەکانەوە.) (اسدالله حیرانی١٣٨٨: ٥٠) زۆرجار دەشێ گیرەکە ڕێزمانییەکانیش وەکو فەرهەنگییەکان ئەرکە ڕێزمانییەکان ون بکەن و ببنە بەشێك لە وشەکە و ڕۆڵی داڕشتنی وشەی نوێ ببینن، کە چەند نموونەیەك لەم ڕووەوە لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون .

گیرەکی (–ان) لە زمانی کوردیدا، بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ وەك چالاکترین گیرەك هەژماردەکرێت(شیروان حوسێن خۆشناو٢٠١٦: ٢٦٨)، زۆربەی ناوەکانی پێ کۆدەکرێتەوە، وەکو :

منداڵان، پیاوان، ژنان، ساڵان، هەژاران، خوێندڤانان، ......

بەڵام ئەم مۆرفێمە لەڕەوتی گەشەکردنی زماندا، سەرباری ئەو ئەرکەشی لە ئێستای زمانی کوردیدا، بەشداری دەکات لە سازکردنی وشەی نوێدا بەتایبەتی لە دروستکردنی ناوی تایبەتی شوێندا، وەکو: گوڵان، پڵنگان، یاخیان، ......

لەم پێکهاتەیەدا سیمای (+شوێن) و (+تایبەت) وەردەگرێت و وشەیەکی نوێ بۆ ناونانی شوێنێکی تایبەت سازدەکات، بەمەش گیرەکەکە لە پۆلی ڕێزمانییەوە دەچێتە پۆلی فەرهەنگی، بە پرۆسەکەش دەوترێت پرۆسەی بەفەرهەنگیبون .

گیرەکێکی تری زمانی کوردی، (–ر)یە، کە لە زۆر زماندا بەکاردەهێنرێت، بۆ دەربرینی چەمکی نادیاری، (بەکارهێنانی ئەم پاشگرە بۆ کارا بزری لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان بەڵگەیە لەسەر وێکچونی ئەم زمانانە)(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٤: ٣٠٦) لە پۆلی ڕێزمانییەوە چوەتە پۆلی فەرهەنگی گیرەکی (–ر)ی نادیارییە، ئەم گیرەکە بۆ دەربرینی چەمکی نادیاری یان لاوازکردنی

توانای کردار بەکاردێت، لەگەڵ هەردو کاتی ڕابردو و ڕانەبردوی کرداردا، وەکو :

دروستکرا = دروست دەکرێ

وەرگیرا = وەردەگیرێ

فرۆشرا = دەفرۆشرێ

بنیادنرا = بنیاددەنرێ.......

لە هەریەك لەو نمونانەدا (-ر) گیرەکێکی ڕێزمانییە و چەمکی نادیاری پیشان دەدات. وەلێ سەرباری ئەم ئەرکەشی لە هەندێ نمونەی زمانی کوردیدا پەڕیوەتەوە بۆ پۆلی فەرهەنگی و بوە بەبەشێك لە وشەکە، کە جیاکردنەوە لێی ئەستەمە چونکە وشەکە بۆتە یەکەیەکی فەرهەنگی وەك هەر وشەیەکی تری فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وەکو :

گیران، وەرگیران، کوژران، زیندانی کران،

دەست بەسەرکراو، فڕێنراو........

هەریەك لەمانە وەکو چاوگ (ناوی ڕوداو) و (ناوی کراو) گیرەکی (-ر) بوە بە بەشێکی پێکهێنەر و داڕێژەری وشەکە، کە چەمکە ڕێزمانییەکەی خۆی لەدەست داوە و بۆتە کەرەستەیەکی بەفەرهەنگبو. بەمەش پۆلەکەی خۆیی گۆڕیوە سیما ڕێزمانییەکەی لەدەست داوە .

گیرەکێکی تر، کە ئەم گۆڕانەی تێدا بەدیدەکرێت، پێشگری (بـ-)یە، کە لە بنەڕەتدا گیرەکێکی ڕێزمانییە، بۆ گەیاندنی چەمکی ئەرێ، بەتایبەتی لە دروستکردنی کاری ئەرێی داخوازی و ئەرێی دانانی، بەکاردێت، وەکو :

بنوسە، بخوێنە، بهێنە، بهاتبا، بنوسیبا، بخوێندبا .......

بەڵام بەهەمان چەمکەوە ئەم گیرەکە چۆتەوە ناو فەرهەنگ بوە بە گیرەکێکی فەرهەنگی، کە بۆ دروستکردنی واتای ئەرێنییە، سەرباری ئەمەش چەند واتای تری هەیە، کە لە هەمویاندا لە پۆلی فەرهەنگیی دایە، وەکو :

بکەر، بخۆر، بکوژ، ........

لە هەریەکێك لەو نمونانەی سەرەوە (بـ-) وەك گیرەکێکی فەرهەنگی، ئاوڵناوی بکەری داڕشتوە، ئەو گۆڕانەی کە بەسەر ئەم مۆرفێمە داهاتوە لە ڕێزمانییەوە بوە بە فەرهەنگی. چەمکە ڕێزمانییەکە لە واتا فەرهەنگییەکە کۆنترە بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو وشە فەرهەنگییانەی کە دروستی کردون، زۆربان زاراوەی نوێن و درەنگتر هاتونەتە ناو فەرهەنگی زمانەوە .

گیرەکێکی تر، کە ئەم ئاڕاستەیەی گۆڕانی وەرگرتوە، گیرەکی ڕێزمانی (نە-)یە، کە ئەم گیرەکە لەبنەڕەتدا بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێی ڕێزمانییە و لە نێو هەمو جۆرەکاندا چالاکترینیان، چونکە توانای هەیە کرداری شێواز جیاجیا بکات بەنەرێ، وەکو :

نەهات، نەنوسی، نەهێنا، نەخوێندەوە....

نەچێت، نەنوسێت، نەخوێنێتەوە، نەبینێتەوە......

نەڕۆی، نەنوسی، نەهێنی......

لە هەریەك لەو نمونانەی سەرەوەدا، ئەم گیرەکە چەمکی کارەکە دەکات بە نەرێ و لەڕوی ڕێزمانییەوە پێدەڵێن ناکردن. بەڵام ئەم گیرەکە بە هەمان چەمکی ڕێزمانی چۆتەوە ناو فەرهەنگ و بە فەرهەنگبوە، بۆ داڕشتنی وشەی نوێ دەبێتە بەشێك لە وشەکە، وەکو :

نەزان، نەگۆڕ، نەخۆش، نەزۆك، ......

لە هەریەك لەم نمونانەی سەرەوەدا، گیرەکی (نە-) کەرەستەیەکی بەفەرهەنگبوی زمانی کوردییە، چونکە بەشداری کردوە لە ڕۆنانی وشەیەکی نوێ و بۆتە بەشێکی پێکهێنەری وشەکە و چۆتە ناو پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکەوە. بەمەش گیرەکەکە لە پۆلی ڕێزمانییەوە پەڕیوەتەوە بۆ پۆلی فەرهەنگی .

ئەم دیاردەیە لە گیرەکی (نا-) نەرێشدا دەبینرێت، بەڵام لەبەر لەیەکچونی زۆری لەگەڵ گیرەکی (نە-) و سنورداری توێژینەوەکە هەڵوەستەی لەسەر ناکەین، تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە ئەمەیش نمونەیەکی تری کەرەستە بەفەرهەنگبوەکانن لە زمانی کوردیدا .

هەندێ کەرەستەی تری بە فەرهەنگبو لە زمانی کوردیدا، ئەو دانە زمانییانەن، کە لە زمانی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی، لە زمانی یەکەمدا لە پۆلی ڕێزمانیدا بون، بەڵام کە هاتونەتە زمانی کوردییەوە بونەتە بەشێك لە پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکە، (زیادبونی توانای ڕێزمانی هەر زمانێك وابەستەیە بە دو هۆکار یەکەمیان وەرگرتن لە زمانی ترەوە. دوەمیان بەڕێزمانیبون لە وەرگرتن لە زمانی ترەوە ڕاستەوخۆ گیرەکە ڕێزمانییەکان دێنە ناو زمانەکەوە.) (مهرداد نغزگوی کهن١٣٩٠: ٩٣) بەڵام مەرج نییە، ئەو گیرەکە ڕێزمانییە بەهەمان چەمکی زمانی یەکەم بمێنتەوە .

گیرەکی (-ات) (ئەم گیرەکە لەبنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیەوە هاتووە، بەڵام لەگەڵ وشە عەرەبی و ناعەرەبییەکانیش دەتوانێت هەمان چەمك بدات.) (خسرو غلامعلی زادە، یداله فیچی پیرانی١٣٩٠: ٧٠) ئەم گیرەکە هاتۆتە ناو زمانی کوردیشەوە بەڵام خەریکە بە پرۆسەی بەفەرهەنگبوندا دەڕوات، سیما ڕێزمانییەکانی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێك لە ڕۆنانی فەرهەنگی وشەکە. وەکو :

باخات، خەیاڵات، حەیوانات، عێلات.......

لە هەریەکێك لەو نمونانەی سەرەوەدا گیرەکی (-ات)، کە لەبنەڕەتدا گیرەکی ڕێزمانییە و هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە وردە وردە خەریکە سیما ڕێزمانییەکانی لەدەست دەدات و بەرەو گیرەکێکی فەرهەنگی دەکشێت، بەبەڵگەی ئەوەی چۆتە ناو ڕۆنانی فەرهەنگی وشەکانەوە و دەشێت دوبارە بەمۆرفێمی کۆی زمانی کوردی (-ان) کۆبکرێنەوە، وەکو :

خەیاڵاتەکانم، عێلاتەکانی کوردستان، باخاتەکانی خۆشناوەتی....

ئەمەش پێمان دەڵێت ئەم گیرەکە بە پرۆسەی بەفەرهەنگیبوندا تێدەپەڕێت، سیما ڕێزمانی لەدەست دەدات .

ئەم گیرەکە کە هاتۆتە ناو زمانی کوردی چەند ئەلۆمۆرفێکی تری لێکەوتۆتەوە، ئەویش زیاتر هۆکاری فۆنۆلۆژی لێی بەرپرسە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە، ئەلۆمۆرفەکانیش بە هەمان پرۆسەی بەفەرهەنگیبوندا دەڕۆن. وەکو :

(–هات): دێهات

(–جات): میوەجات

(–وات): شوشەوات

ئەم ئەلۆمۆرفانەش لەئەنجامی گەشەو گۆڕانی زمانەوە، وردە وردە دەچنە ناوپێکهاتەی فەرهەنگی بنەکەکانیانەوە، سیما ڕێزمانییەکانیان لەدەست دەدەن و بۆ گەیاندنی چەمکی ڕێزمانی کۆ گیرەکی (–ان) دەچێتە سەر وشەکان بەگیرەکەوە و پێکەوە هەردوکیان دەبنە بنکە بۆ گیرەکە ڕێزمانییە نوێیەکە، وەکو: دێهاتەکان، میوەجاتەکان، شوشەواتەکان

هەریەك لەو نمونانەی باسکران، بەلگەن بۆ پرۆسەی بە فەرهەنگیبون لە زمانی کوردیدا، ئەگەر بەپێی میتۆدی مێژویی شرۆڤەو شیکاریکی ورد بو گیرەکەکانی زمانەکەمان بکەین دەشێ چەند نمویەکی تری هاوشێوە ببینین .

## 4. ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتوین، کە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕو :

١ -پۆلگۆڕین دیاردەیەکی زمانیی گشتییە و لە زۆربەی زمانەکان هەست بە بونی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی هەر زمانێك تایبەتمەندی و سیمای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیە مەرج نییە هەمو جۆرەکانی پۆلگۆڕین لە هەموو زمانێکدا وەك یەك بن. بەڵام باسکردنی وەکو دیاردەیەکی زمانناسی لە ڕوی تیۆرییەوە نوێیە .

٢ -پۆلگۆڕین، جێهێشتن و پەڕینەوەیە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، کە زیاتر پەیوەستە بەڕەوتی گەشەکردنی زمان و نوێبونەوەی فەرهەنگ و وشەنامەی هەر زمانێك و گەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە ڕێزمانییەکان. ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ لە زماندا ڕودەدات .

٣ -هەریەك لە دیاردەکانی بەگیرەکبون و بەسەربەخۆبون، دو ئاڕاستەی پۆلگۆڕینن، لە چوارچێوەی مۆرفێمی سەربەخۆ و بەند دا، کە پەیوەسات بە سروشتی دەرکەوتنی مۆرفێمەکانەوە، ڕودەدەن. لەلایەکی تریشەوە بەڕێزمانیبون و بە فەرهەنگیبون دو ئاڕاستەی تری پۆلگۆڕینن لە چوارچێوەی چەمکی مۆرفێمەکاندا ڕودەدات، بەوەی کە سیمای ڕێزمانی زیادبێت و سیمای فەرهەنگی کەم بێت پێی دەوترێت، بەڕێزمانیبون. بەپێچەوانەشەوە بەفەرهەنگیبون کەم بونەوەی سیمای ڕێزمانی و زیادبونی سیمای فەرهەنگییە .

٤ -لە زمانی کوردیدا بەپلەی یەکەم دیاردەی بەفەرهەنگیبون و دواتر بەڕێزمانیبون دەبینرێن، کە هەردوکیان دەچنە چوارچێوەی پۆلگۆڕین لە چوارچێوەی چەمکەوە. لە پلەی سێیەمدا بەگیرەکبون دەبینرێت، بەڵام بەکەمترین شێوە هەست بە سەربەخۆبون دەکرێت .

٥ -لەمرۆی زمانی کوردیدا، هەندێك لە مۆرفێمەکان سەرباری ئەوەی کە سیمای پۆلی بەرامبەریان وەرگرتوە، بەڵام بەتەواوی سیمای پۆلی خۆیان لەدەست نەداوە. بەواتایەکی تر لە پرۆسەی پۆلگۆڕین دان، تا ئێستا نەگەیشتوە بە پۆلی بەرامبەر .

٦ -وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی یەکە زمانییەکان لە نێوان زمانەکاندا، یەکێکە هۆکارەکانی پۆلگۆڕین. لە زمانی کوردیشدا ئەم هۆکارە کاریگەرییەی بەرچاوی هەیە لە گواستنەوەی دانەیەك لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، بەتایبەت بە ئاراستەی بەفەرهەنگیبوندا .

## 5. سەرچاوەکان

### 1.5. بە زمانی کوردی:


ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، لەگەڵ دوو پاشکۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی .

شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦) توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر .

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣) ڕەگ و ڕیشەی مۆرفێمی (خۆ) و ئەرکی لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٣٨) کانونی دووەمی ٢٠١٣ .

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣أ) پێزو بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٣.

فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣ب) جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٤٣) کانونی دووەمی ٢٠١٣.

محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، سوید .

محمد مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

محمد معروف فتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢٤)، هەولێر .


### 2.5. بە زمانی فارسی :


اسداللة حيراني(١٣٨٨) ساختمان واژە، مجلة آموزش زبان و ادب فارسي، دورەی بيست و دوم، شمارة (٤) .

اكبر اسماعيل شكوة(١٣٨٤) وندهاي تصريفي و اشتقاقي زبان فارسي، مجلة آموزش زبان و ادب فارسي، شمارة (٧٤)،

ايران كلباسي(١٣٨٠) ساخت اشتقاقي واژه در فارسي امروز، چاپ دوم، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنطي، تهران .

بهروز محمود(١٣٧٨)، تكواژ (خانة) و عملكرد معنايي آن در ساخت واژه زبان فارسي، فصلنامة زبان و ادب، شماره(٩و١٠) .

پرويز البرزي وركي (١٣٨١) ردەشناسی ساخت واژی، مجلة پژوهش زبانهاي خاريجي، شمارة (١٢) بهارو تابستان .

خسرو غلامعلي زادة، يدالة فيضي پيرانی(١٣٩٠) بررسي لايةها و سطوح واژگانی در وندهاي زبان فارسي از نطاه صرف واذطاني، مجلة پژوهشهای زبانشناسي، سال سوم، شمارة دوم، پاييز و زمستان .

علاءالدين طباطبائي(١٣٧٦)، فعل بسيط فارسي و واژەسازی، ويراستة: اميد طبيب زاد، چاپ اول، مركز نشر دانشگاهی، تهران .

فاطمة مدرسي(١٣٨٦)، از واج تاجملة، فرهنگ زبانشناسي – دستوري، چاپ اول، انتشارات چاپار، تهران.

مهرداد نغزگوی كهن(١٣٩٠)، مقايسة دستوري شدطي و دستوري زادي در فارسي كنوني، مجلة زبانشناسي و گويش هاي خراساني، دانشگاه فردوسي مشهد(علمی– پژوهشی)، شماره پياپی ٤ بهارو تابستان .

مهري باقري(١٣٨٠)، واج شناسي تاريخي زبان فارسي، چاپ اول، نشرة قطرة، تهران .

ويدا شقاقي (١٣٨٠) مباني صرف، چاپ دوم، سازمان مطالعة تدوين كتب علوم انساني دانشگاهها(سمت)، تهران .

### 3.5. بە زمانی عەرەبی:

احمد مختار عمر(١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر و توزيع، الطبعة الاولي، كويت .

محمد علي الخولي(٢٠٠٩) معجم علم اللغة النظري (انكليزي– عربي) مع مسرد عربي– انكليزي، طبعة جديدة، مكتبة لبنان، لبنان .

### 4.5. بە زمانی ئینگلیزی :

Ali Nourai (1378), An Etymological Dictionary of Persian, English and other Indo-European Languages, Tahran.

David Crystal(2010) A little book of language, First published by Yale university press, Australla.

## التبادل الصنفي للمورفيمات في اللغة الكردية

**الملخص:**

هذا البحث المعنوَن بـ(التبادل الصنفي للمورفيمات في اللغة الكوردية) محاولة لتعريف هذه الظاهرة وتحليلها في اللغة الكوردية، والظاهرة عبارة عن العبور والتحول من أحد أصناف المورفيمات إلي آخر، وقد أجريت الدراسة حسب منهج وصفي–تأريخي من مناهج البحث العلمي . واقتضت طبيعة البحث تقسيمه إلي قسمين اثنين، ففي الأول نتعرّف علي ظاهرة التبادل الصنفي من ناحية، وتبادل المورفيم الحر والمورفيم المقيد من ناحية أخري، من حيث أنهما يظهران خلال ظاهرتي اضافة الزوائد (affixicalization) و استقلال المورفيم. وأما القسم قد خُصّص لتناول التبادل الصنفي بين المورفيم المعجمي والمورفيم الاشتقاقي من خلال تعابير المفردات (lexicalization) والتقعيد اللغوي (grammaticalization)، وذلك مع عرض الأمثلة والدلائل الكافية لكل واحدة من الظواهر. وأخيرا جاء أهم الاستنتاجات الّتي توصل إليها الباحث، مع ذكر قائمة المصادر إضافة إلي خلاصة الدراسة بلغتي العربية والإنجليزية.

**الكلمات الدالة**: تبديل الصنفي، تعبير مفرداتي، قعودة، اضافة الزوائد، استقلال المورفيم.

## The Morpheme Class-Changing in Kurdish Language

**Abstract:**

The research, which is entitled “the morpheme class-changing in Kurdish language”, attempts to define and analyze the phenomenon of morpheme class-changing in Kurdish language. The phenomenon is to alter and leave the word class for another which is done via the descriptive diachronic method. The paper is divided into two parts. In the first part, the phenomenon of class-changing was defined and its presence between both free and bound morphemes which are represented in the two morphological processes of affixicalization and debounding were attended.

The second part is devoted to present the lexical and grammatical morphemes within the frame of both phenomena of lexicalization and grammaticalization providing sufficient example and evidence for both. At the end, the main conclusions, list of references and the research abstract in Arabic and English languages were presented.

**Keyword:** Class-Change, Lexicalization, Grammaticalization, Officialization, E-Bonding.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 22–29, Mar.-2018*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# رۆمان و ئازار: جیهانبینیا گەنجان پشتی هێرشا داعش، 2014 – 2017

**ئەمین عەبدولقادر عومەر**

پشکا زمانێ کوردی، کۆلیژا زمان، زانکۆیا دهوك، هەرێما کوردستانێ – عێراق (ameen.omar@uod.ac)

وەرگرتن:2017/12 پەسەندکرن: 2018/03 بەلاڤکرن: 2018/03 *https://doi.org/10.26436/2018.6.1.546*

**پوختە:**

ئەڤ ڤەکۆلینە بزاڤەکە ژبۆ لێکۆلینا رۆمانا کوردی ئەوا پشتی هێرشا داعش بۆ سەر هەرێما کوردستانێ (2014–2017) هاتییە بەلاڤکرن، ل ژێر کاودانێن جڤاکی– سیاسی یێن تایبەت. ڤەکۆلین هەولددەت دیار بکەت کانێ ڤان کاودانان چ کارتێکرن ل سەر جیهانبینیا نڤیسەر و رۆمانێن وان کریە. ژبۆ ڤێ مەرەمێ دوو رۆمانێن نڤیسەرێن گەنج هاتینە وەرگرتن وەك سەمپل، (ناخێن دەرزی 2015 یا ئومێد سەگڤان و (ئاترا) 2017 یادیار ئەرەدنی.

ژبۆ ئەنجامدانا ڤێ ڤەکۆلینێ ئەم دبینین یا فەرە تیۆرەك بهێتە بکارئینان کو گرنگیێ ب باکگراوەندێ جڤاکی– سیاسی بدەت، داکو ئەنجامێن ڤەکۆلینێ ل گورەی ئارمانج و مەبەستێن بۆ هاتینە دیارکرن ب دەست بکەڤن. تیۆرا رەخنەیی یا بونیادگەرییا پێکهاتەیی یا لۆسیان گۆلدمان ژوان تیۆرانە ئەوێن پەیوەندیا ئەدەبی ب جڤاکی و دابێشێن جڤاکیڤە دیار دکەت. لەوما ئەڤ تیۆرە هاتیە هەلبژارتن ژبۆ ئەنجامدانا ڤێ ڤەکۆلینێ، لێ ب تنێ ڤەکۆلین ل ڤەدیتنا جیهانبینیێ هاتیە کرن. ئانکو دیتنێن رەخنەیی یێن گۆلدمانی د پەرتووکا وی یا ژ هەموویان ب ناڤودەنگترا (The Hidden God- خوداوەندێ ڤەشارتی) هاتینە پەژراندن. یا زانایە کو ئەڤ پەرتووکە شەنگستێ سەرەکیێ تیۆرا وی یا بونیادگەریا پێکهاتەییە. ب پراکتیزەکرنا ڤێ تیۆرێ، ڤەکۆلینێ ئەگەرێن ل پشت جیهانبینیا ترازیدی و رەشبین د رۆمانێن ڤی سەردەمێ تایبەتدا ژ پیڤاژۆیا مللەتێ کورد ئاشکرا کرینە.

**پەیڤێن سەرەکی**: رۆمان، گەنج، جیهانبینی، شەرێ داعش.

## 1. پێشەکی

ئەڤ ڤەکۆلینە بزاڤەکە ژبۆ ژ نێزیك خواندنا رۆمانێن گەنجان ئەوێن پشتی هێرشا داعش بۆ سەر هەرێما کوردستانێ هاتینە نڤیسین، کو ڤەکۆلین فۆکۆسێ ل سەر جیهانبینی (رؤیە العالم – The World Vision) یا نڤیسەر و تێکستێن وان دکەت ل گورەی رێباز و میتۆدا رەخنەیی یا بونیادگەریا رەخنەیی ب تایبەت دیتنێن لۆسیان گولدمان. گولدمان (Goldmann) (1975: 8 – 9) د بینیت کو ((پتریا بەرهەمان د سوسیۆلۆژیا ئەدەبیدا پەیوەندیەك دامەزراندییە د ناڤبەرا بەرهەمێن ئەدەبیێن ژ هەمییان گرنگتر و هشیاریا کۆمەلی یێ گرۆپەکێ جڤاکیێ تایبەتدا ئەو گرۆپێ نڤیسەرێ بەرهەمی ئەندامێ وی)). ئانکو ل گورەی دیتنێن گولدمانی بەرهەمێ ئەدەبی دەربرینێ ژ گرۆپەك یان چینەك جڤاکی دیارکری دکەت. هەر دیسان ئەو (هـ.ژ: 134) دبینیت کو فۆرمێ رۆمانێ وەك بەرهەمەکێ ئەدەبی گرێدانەکا ئێکسەر د گەل بونیادێ ئابۆری و کاودانێن جڤاکی هەیە. لەوما گەنجێن کوردا ب تایبەت گەنجێن نڤیسەر وەك چینەکا جڤاکی یا تایبەت و ل سەردەمەکێ پری گرژی و قەیران نەخاسم سەردەمێ دیاربوونا داعش و نەخۆشیێن ژ ئەنجامێ هێرشا وان بۆ سەر کوردستانێ پەیدا بووین هشمەندیەکا چینایەتی یا تایبەت ل دەڤ پەیداکر. ئەڤ کاودانە د رۆمانێن واندا هاتنە رەنگڤەدان و جیهانبینیێکا رەشبینانە ب سەر بەرهەمێ واندا زال کر.

یا خویایە شەرێ داعش کارتێکرن و کارڤەدانێن خوە یێن بەرچاڤ هەبوون ل سەر ژیانا جڤاکی و سیاسی یا خەلکێ هەرێمێ. مامەند رۆژە ئاماژێ ب هندەك زیانان ددەت ئەوێن ب هەرێم و خەلکێ هەرێمێ کەفتین ژ ئەنجامێ داگیرکاریا داعش. ژ وانا (ئاکامێن ترسناکێن ستراتیژی و سەربازی. کو ئەو هێرشا داعش ل 3ی تەباخا 2014 کریە سەر هندەك دەڤەرێن هەرێمێ و داگیر کرین ب شکەستنەکا سەربازیا مەزن بۆ کوردان دهێتە ل قەلەمدان. ڤێ یەکێ کارتێکرن ل سەر ناڤودەنگێ پێشمەرگەی کر و دیار کر کو دەزگایێن حوکومدارییێ ل هەرێما کوردستانێ چ ستراتیژی ل ناوچێن عەرەبی یێن سوننی نینن. ب گرۆڤێ وێ یەکێ چ دەزگەهێن مینا هەوالگیریا لەشکەری و ئاژانسا پاراستن و زانیاری و وەزارەتێن پێشمەرگە و ناڤخۆ یێن هەرێمێ پێشبینیا ڤان هێرشان نەدکر) (رۆژە، 2016: 72–73). هەر ژ زیانێن مامەند رۆژە (هـ.ژ) ئاماژە پێکری ئەو زیان و ئەنجامێن دلتەزینێن مرۆڤینە ئەوێن کوردێن ئێزدی کرینە ئارمانج، کو ب سەدان هزاران ئاوارە و مشەخت بوون، هزاران کوردێن ئێزدی ب دەستێن داعشان هاتنە کۆمکوژیکرن و چەند هزار کچ و ژنێن وان ب دیلی و ب ناڤێ کەنیزە رەوانەی بن خیڤەتێن ئەمیر و شەرکەرێن

داعشان کرن. ڤێ یەکێ زیانەکا مەزن گەهاندە ژێرخانا دیمۆگرافیا شنگال. ئەڤە هەمی ژبلی شەهید بوون و بریندار بوونا نێزیکی دوو هەزار پێشمەرگان کارتێکرن ل دل و دەروونێ خەلکێ کوردستانێ کر. ل دوماهیێ نڤیسەری (مامەند رۆژە) ئاماژە ب وان زیانان کریە ئەوێن ب ژێرخانا دارایی و ئابۆرییا هەرێما کوردستانێ کەفتین، وەك زیانێن پەککەڤتنا وەبەرهێنانا کشتۆکالی و تەرش و کوالی ل وان دەڤەرێن هاتینە داگیر کرن کرن. ل ڤان دەڤەران ب سەدان هزار دونمێن کێلای ب هەروەچوون کو ب ملیۆنان دۆلاران دهێنە خەملاندن. ئەڤە هەمی یا هەڤدەم بوو ل گەل قەیرانا دارایی ل هەرێمێ.

ئەڤ هەمی نەخۆشیێن د ڤان سالاندا ژ ئەنجامێ شەرێ داعش پەیدابووی جۆرە بێزاری و بێ ئومێدییەك ل دەڤ خەلکی پەیداکر، کو بەری هینگێ ئەو خەلك د بەرفرەهی و ئارامی و تەناهییێدا دژیان. تەخا گەنجان وەك چینەکا هەستیارا جڤاکی خوە وەك قوربانیێن ئێکانە یێن ڤێ رەوشێ ددیت، ژبەر بێکارییا بەربەلاڤ د ناڤ ئەواندا سەرەرای هەبوونا باوەرنامە و شیانان د بیاڤێن جودادا. ژبەر خوە ل بەرنەگرتنا ڤان نەخۆشیان ب هزاران گەنجان رێکا مشەختبوونا ژ دەرڤەی وەلاتی گرت سەرەرای مەترسیێن رێکێ و نقۆبوون و بێ سەروشوین بوونا هژمارەکا زۆرا وان د دەریا ئیجەدا. ئەو گەنجێن نەڤیای یان ژی نەشیاین ژ وەلاتی دەربکەڤن هزرەکا رەشبین ب سەر واندا یا زالبوو ب رەنگەکی ژ چارەسەریان دبێ هیڤیبوون، ب تایبەت گەنجێن بەهرەیا نڤیسینێ هەی و بەرهەمێن وێژەیی د نڤیسین ئەڤ مۆرکا جیهانبینی یا رەشبین ب سەر بەرهەمێن واندا یا زالبە ب تایبەت ژی رۆماننڤیس و چیرۆکنڤیسان.

ئەڤ ڤەکۆلینە خواندنەکە بۆ رۆمانێن گەنجان ل دەڤەرا بەهدینان ب مفاوەرگرتنا ژ میتۆدا بونیادگەری یا پێکهاتەیی و ل بەرچاڤوەرگرتنا کونتێکستێ جڤاکی و ئابۆری و سیاسی یێ هەرێما کوردستانێ د ناڤبەرا سالێن 2014 و 2017 دا – واتە ژ دەستپێکرنا شەرێ داعش هەتا رزگارکرنا تەڤ دەڤەرێن کوردستانێ. ب ئەنجامدانا ڤێ ڤەکۆلینێ دێ بۆ مە دیار بیت کانێ شەرێ داعش چ جورە کارتێکرن ل سەر جیهانبینی یا رۆماننڤیسێن گەنجێن دەڤەرێ کرییە. دیتنا گەنجان بۆ ژیانێ و رەوشا نە ئاسایی یا هەرێمێ چاوا هاتیە گوهۆرین و گەنج چ چارەسەری دبینن، یان ژی ئەگەر چارەسەریا نەبینن ژی ئەگەر چ نە؟ بارێ ئابۆری و سیاسی و جڤاکی تا چ رادە کاتێکرن ل کەلواشەیێ هزریێ نڤیسەرێن گەنج کریە و چاوا د ناڤ تێکستێن واندا هاتیە رەنگڤەدان. زێدەباری گرنگیا پراکتیزەکرنا بونیادگەریا پێکهاتەیی یا (لۆسیان گۆلدمان) ل سەر دوو رۆمانێن نوی یێن کوردی، ب تایبەت ژی بۆچوون و میتۆدا گۆلدمانی یا رەخنەیی ئەوا د پەرتووکا وی یا ب ناڤودەنگدا (خوداوەندێ ڤەشارتی) هاتیە پەیرەوکرن، کو ژبەر درەنگ وەرگێرانا وێ بۆ زمانێ عەرەبی پرانیا رەخنەگرێن کورد ژی ئاگەهـ ژێ نەبوو. د ئەنجامدا ئەو لێکۆلینێن د ڤی بیاڤیدا هاتینە ئەنجامدان هەتا رادەیەکی ژ ئالیێ مەنهەجیەتا پراکتیزەکرنا بونیادگەریا پێکهاتەییڤە کێماسی تێدا هەبووینە. وەك یازانایە ژی پەرتووکا ناڤبری بنەمایێ سەرەکی یێ ڤێ رێبازا رەخنەییە.[1]

## 2. تیۆر و میتۆد

### 1.2. تیۆر:

بونیادگەریا پێکهاتەیی رێبازەکا رەخنەییە گرنگیێ ب دەوروبەری (کۆنتێکست)ی ددەت. واتە پرۆسا ئافراندنا بەرهەمێ وێژەیی گرێددەت ب بونیادێ فەهمی یێ گرۆپەکێ دەستنیشانکریڤە د ناڤ جڤاکیدا، (Omar، 2016: 17). لۆسیان گولدمان (1975: 158) د ڤێ دەربارێدا دبێژیت: ((پەیوەندیەکا موکوم یا هەی د ناڤبەرا بەرهەمێ ئەدەبی و گرۆپێ جڤاکیدا، ئەڤ پەیوەندییە یا هەڤکویفە ل گەل پەیوەندیێن د ناڤبەرا ئەلەمێنتێن ناڤەکی یێن بەرهەمیدا و بەرهەمی بگشتی. ئانکو وەکهەڤیێن هەین د ناڤبەرا بونیادێ بەرهەمێ وێژەیی و بونیادێ فەهمی یێ گرۆپێ جڤاکی)). ب ئەڤێ تیۆرا خوە گولدمان کەتیە ژێرکاریگەریا جورج لۆکاشی ب تایبەت پەرتووکا وی (The Theory of the Novel– تیۆرا رۆمانێ) و د بابەتێ پێکهاتەیێن کەلتوری ژیدا ئەوێن جیهانبینیێ پێکدئینن تارادەیەکی مفا ژ تێگەهێ بونیادێن فەهمی یێن هیگلی وەرگرتیە (عیلان، 2008: 252). لێ گولدمانی د تیۆرا خوە یا بونیادگەریدا شیا دیتنێن خوە یێن تایبەت پێشکێش بکەت سەبارە تێکست و گرۆپێ جڤاکیێ نڤیسەری، جودا ژ ((وێ میکانیزما شرۆڤەکرنا سوسیۆلۆژییا ئەدەبی یا بەربەلاڤ. گولدمانی فۆکۆس ل سەر بونیادێ هزری کر ئەوا ب جیهانبینی دهێتە نواندن، کو دکەڤیتە د ناڤبەرا بنەمایێ جڤاکی یێ چینایەتیدا ئەوێ دبیتە دەرهاڤێژێ ڤێ جیهانبینیێ و فۆرمێن ئەدەبی و هونەری و هزری ئەوێن ئەڤ جیهانبینییە ب سەردا زال و بەرهەم دئینیت)) (عصفور، 1998: 108).

ب دیتنا گولدمانی بەرهەمێ ئەدەبی تا رادەیەکێ مەزن دەربڕینێ ژ هوشمەندییا کۆمەلی دکەت د جڤاکەکێ دیار کریدا. ئەڤە ژی هۆشمەندییەك دینامیکیە، پەیوەندی یا بەرهەمێ ئەدەبی ب ڤێ هوشمەندیا کومەلیڤە گولدمان دبێژیتێ وەکهەڤیا بونیادان (Homology of Structures). ژبەر هندێ بونیادێ ناڤەکی یێ بەرهەمێ ئەدەبی پەیوەندییەکا هەڤتەریب و دناڤێکدا چوویی یا هەی ب ئاڤاهیێ جڤاکیێ دەستنیشانکریڤە، (Swingewood، 1975: 23). واتە رەنگێن هۆشمەندیێ ل دەڤ چینەکا دیارکری یا جڤاکی د هەمان دەمدا دەربڕینێ ژ جیهانبینی یا وێ چینێ یان گرۆپی دکەن. ئەڤەیە هۆشمەندییا ریالستی دگوهۆریت بۆ هۆشمەندییا د شیاندا (عبدالعظیم، 1998: 59).[2] ئانکو ل گورەی میتۆدا گولدمانی

ب هاریکاریا جیهانبینیێ دێ زانین کانێ چینەکا دیار کری یا جڤاکی چ دڤێت ئەو چینا نڤیسەر ئێك ژ ئەندامێن وێ، (بویللور، 1984: 75).

ل گورەی ئەڤێ دیتنا گولدمانی یا ل دور رەنگێن هۆشمەندییا چینێن جڤاکی و جیهانبینی یا چینەك یان گرۆپەك ژ گرۆپان دەربڕینێ ژێ دکەن، ئەگەر ئەم گرۆپێ گەنجێن کوردێن د سەردەمێ شەرێ داعشدا وەك گرۆپەك جڤاکی یێ بێزار ژ رەوشا هەیی ل قەلەم بدەین، و مە بڤێت بزانین گەنجان چ دڤێت و چاوا هزر دکەن، تشتەك بەرئاقلە ئەگەر ئەم ڤەکۆلینا ل جیهانبینییا وان بکەین د ناڤ بەرهەمێن وان یێن ئەدەبیدا.

## 2.2. جیهانبینی (رؤيه العالم، The World Vision)

جیهانبینی ئەو تێگەهێ بنەرەتییە ژ تیۆرا بونیادگەرییا پێکهاتەیی یا گولدمانی ئەوێ بنواشێ ڤێ تیۆرێ ل سەر هاتیە دامەزراندن، کو د پەرتووکا خوە دا (خوداوەندێ ڤەشارتی) شرۆڤە کریە و ل سەر شانۆگەرییێن جان راسین و کتێبێن هزری یێن بلەیز پاسکالی پراکتیزە کرینە. کو بڤێ یەکێ گەهشتیە وی ئەنجامی کو پاسکال و راسین د نڤیسینێن خوەدا دەربڕن ژ جیهانبینییەکا تراژیدی یا رەشبین کرییە، کو سەروکانیا ڤی جۆرە جیهانبینییا وان بۆ هزر و بیرێن روحانیێن مەزهەبێ دینیێ جانسینی دزڤرن. گولدمان گەهشت بوو ڤی ئەنجامی ب رێکا پێکڤە گرێدانا جیهانبینی و چینێن جڤاکی، و دیتنا تراژیدی یا بزاڤا جانسینی و پەیوەندیا وێ ب خودانێن ساکۆییێ نۆبلمەنانڤە.[3]

دەربارەی دانەنیاسینا جیهانبینیێ گولدمان (1976: 17) دبێژیت: ((ئەوا من ب جیهانبینی ناڤکری تێرمەکێ گونجایە بۆ پێکهاتەیا تەمام یا هزران، سرۆشان و هەستان ئەوێن پێکڤە ئەندامێن گرۆپەکێ جڤاکی ب هەڤرا گرێددەن... دیسان ئەوێن وان هەڤدژ ددانن ل هەمبەر ئەندامێن گرۆپێن دی یێن جڤاکی)). واتە هەروەك Ameen Abdulqader Omar (2016: 22) ڤێ دیتنێ شرۆڤە دکەت جیهانبینی دەربڕینێ ژ خواست و داخازێن گرۆپەکێ دیارکری یێ جڤاکی دکەت، ئەو گرۆپێ نڤیسەر ئێك ژ ئەندامێن وێ، ڤی گرۆپی دڤێت داخازێن خوە ب دەستڤەبینن د ململانا خوەدا دگەل گرۆپێن/چینێن دی یێن جڤاکی یێن هەڤدژ.

بنەماییێن فەلسەفی یێن گولدمانی رێبازا خوە یا رەخنەیی ل سەر ئاڤاکری گرێدای ب ڤەکۆلینا سرۆشتێ هۆشمەندیا جڤاکی و ئاستێن وێ یێن جودانە، کو ڤان ل دویڤچوونا ئەو ئاراستەکر بەر ب دارێتنا تێگەهێ "جیهانبینیێ"ڤە بچیت، ئەوا رەنگەکێ هۆشمەندیێ ل دەڤ چینەکا دیارکری یا جڤاکی بەرجەستە دکەت. هەلبەت ئەڤە ژی ژ وێ روانگێ ئەوا هەر هزرەکا میتافیزیکی رەد دکەت، (Goldmann، 1976: 15). لێ د راستیدا زاراڤێ "جیهانبینی، World Vision" هندەك فەیلەسوفێن دی بەری گولدمانی بکار ئینا بوو وەك دیلتای و لۆکاشی، کو ل گورەی لۆکاشی جیهانبینی رامانا هەستپێکرنا داهێنەریە ب ئاریشێن ژیانا خوە و نەخۆشییێن سەردەمێ خوە ب رێکەکا هونەریا باوەرپێکری (عیلان، 2008: 257). لێ جیهانبینی ل گورەی گولدمانی دەربڕینێ ژ "هەمی ژیانێ" دکەت و بلندترین رادێ هشیاریا دشیاندا یا گرۆپەك یان چینەکا دیارکرییا جڤاکی پێکدئینیت (Swingewood، 1975: 24). ب کورتی هەروەك Terry Eagleton (1981: 33) ئاماژێ پێ دکەت ئەو تشتێ گولدمانی دڤێت ب ڤێ تیۆرا خوە ئاشکرا بکەت هژمارەکا پەیوەندییێن بونیادییە د ناڤبەرا تێکستێ ئەدەبی و جیهانبینی و دیرۆکێدا. گولدمانی دڤێت نیشا بدەت کانێ چاوا کاودانێن دیرۆکی یێن گرۆپەکی یان چینەکا جڤاکی دهێنە جهگوهۆرین ب ناڤەندگیریا جیهانبینییا وی گرۆپی بۆ بونیادێ بەرهەمێ ئەدەبی.

## 3.2 میتۆد:

ئەڤ ڤەکۆلینە هەروەك ژ ناڤونیشانی دیار بزاڤەکە ژبۆ لێکۆلینا جیهانبینییا نڤیسەرێن گەنج ل دەڤەرا بەهدینان پشتی شەڕێ داعش. کو دوو رۆمانێن د ڤان سالاندا بەلاڤبووی و خواندەڤانان پێشوازییەکا باش لێکری هاتینە وەرگرتن وەك نموونێن ڤەکۆلینێ، ئەو ژی رۆمانێن (ناخێن دەرزی) 2015 یا (ئومێد سەگڤان) و (ئاترا، دووماهی ئادەمێ ل سەر ئەردی) 2017 یا (دیار ئەرەدنی). میتۆدا ئەنجامدانا ڤەکۆلینێ ژی بونیادگەرییا پێکهاتەییە یا (لوسیان گولدمان)ی. ژڤێ میتۆدێ ژی گرنگییا سەرەکی ب تێرمێ رەخنەیی یێ میتۆدێ "جیهانبینی" هاتییە دان. یا زانایە د رێبازا خوە یا بونیادگەرییا پێکهاتەییدا (گولدمان) ل سەر دوو میتۆدێن جودا چوویە. میتۆدا سەرەکی و ئێکەمین ئەو بوو یا د پەرتووکا (خوداوەندێ ڤەشارتی)دا پەیرەو کری، کو ئەڤ میتۆدە گرنگییێ ب پەیوەندییێن وەکهەڤ دکەت د ناڤبەرا بونیادێ ناڤەکیێ تێکستێ ئەدەبی و بونیادێ زێهنی یێ گرۆپەکێ جڤاکی یێ دەستنیشان کریدا، واتە جیهانبینییا گرۆپێ نڤیسەری د فەترەکا دەمییا دیارکریدا. د ڤێ میتۆدێدا (گولدمان) جەختێ ل پرۆسێن "راڤەکرن" و "شرۆڤەکرن"ێ دکەت. میتۆدا وی یا دووێ گرنگییێ ب رۆمانێ ددەت، کو د پەرتووکا (بەر ب سوسیۆلۆژییا رۆمانێ)دا هاتییە پەیرەو کرن. گولدمان (1975) د ڤێ پەرتووکێدا دبێژیت فۆرمێ رۆمانێ هاتییە گوهۆرین ژ ئەگەرێ وان گۆرانکارییێن د کاودانێن ئابۆریدا پەیدابووین د جڤاکێ سەرمایەدارییێ ئەورۆپیدا (Omar، 2016: 30–31). ئانکو وەسا بۆ دچوو کو فۆرمێ رۆمانێ گرێدای کاودانێن ئابۆری و سیاسییە. بۆ سەلماندنا تیۆرا خوە لێکۆلین ل سەر رۆمانێن (مارلۆی و ناتالی سارۆت و ئالان رۆب–گرییە) کرن.

بەری مرنا خوە ب ماوەیەکێ کێم، واتە دووماهیك پرۆژێ ڤەکۆلینا گولدمانی ل سەر دراماییێن (جان جێنیت) بوون، لێکۆلین ل پەی میتۆدا وی یا ئێکێ چوویە ئەوا د (خوداوەندێ ڤەشارتی)دا پەیرەو کری. Irene Webb(1981: 74) د بێژیت: ((ئەڤ لێزڤرینا

گولدمانی دووبارە بۆ میتۆدا ئێکێ و بزاڤکرن بۆ ڤەدیتنا جۆرێ جیهانبینیێ ئاماژەیە بۆ وێ راستیێ کو گولدمانی ل داویێ میتۆدا خوە یا ئێکێ پەژراندیە و ب گونجایترین میتۆد زانییە)). ئەڤ ڤەکۆلینە ژی بزاڤەکە ژبۆ پەیرەو کرنا میتۆدا گولدمانی یا سەرەکی واتە ڤەدیتنا جیهانبینییا نڤیسەران، واتە ڤەدیتنا وەکهەڤییان د ناڤبەرا بونیادێ زێهنی یێ گرۆپێ جڤاکیێ نڤیسەران وەك چینا گەنجان و بونیادێ رۆمانێن وان. لێ مفا هاتییە وەرگرتن ژ هندەك بۆچوونێن میتۆدا وی یا دووێ ب تایبەت ل بەرچاڤوەرگرتنا کاودانێن ئابۆری و سیاسی د فەترەکا دیارکری یا دەمیدا وەك فاکتەرێن بهێزێن دارێژتنا پێکهاتا رۆمانێ.

## 3. جیهانبینییا گەنجان پشتی هێرشا رێکخراوا داعش بۆ 2017–2014

کارەکێ گەلەکێ ب زەحمەتە ئەم بشێین پەیوەندیێن جیهانبینییا رۆمانێن گەنجان پالدەین بۆ گرۆپەکێ جڤاکی و ئایدیۆلۆژیا وی گرۆپێ جڤاکی ب تەمامی هەروەك گولدمانی ئەڤ چەندە کری سەبارەت درامایێن (Racine)ی و هزرێن فەلسەفی یێن (Pascal)ی. لێ ئەم دشێین هندەك ژ ئەڤان جۆرە پەیوەندیان پێشنیار بکەین د ناڤ رۆمانێن گەنجاندا یێن د ماوێ شەرێ داعشدا (2014–2017) هاتین نڤیسین. بڤێ یەکێ ئەم دێ شێین هندەك ژ ئەوان پەیوەندیێن (گولدمان)ی د پەرتووکا (خوداوەندێ ڤەشارتی) دا پێشنیار کرین پراکتیزە بکەین ل سەر رۆمانێن گەنجان ل دەڤەرێ د ماوێ د ناڤبەرا 2017–2014 دا.

د پەرتووکا (خوداوەندێ ڤەشارتی)دا (گولدمان) پێشنیار دکەت کو دشیاندایە د کاودانەك دیارکریدا هندەك پەیوەندیێن وەکهەڤ دامەزرینین د ناڤبەرا جیهانبینییا گرۆپەکێ جڤاکیێ تایبەت و ئەو جیهانبینییا د ناڤ بەرهەمێ وانێ ئەدەبیدا رەنگڤەددەت. خالا دەستپێکی یا لێکۆلینەکا ب ڤی ئاوایی تێکستە و جیهانبینی ژ ڤی تێکستی دهێتە زانین. هەلبەت دەما سرۆشتێ جیهانبینیێ دهێتە دیارکرن د ناڤ تێکستیدا، هەروەك گولدمانی ئەڤ یەکە پەیرەو کری، پێدڤیە ڤەکۆلەر بزاڤێ بکەت ئەڤێ جۆرە جیهانبینیێ گرێدەت ب جیهانبینی و کاودانێن جڤاکی یێن گرۆپەکێ جڤاکی یێ دیار کریڤە. هەروەك پێشتر ژی مە ئاماژە پێکری گولدمانی جیهانبینییا تراژیدی یا (راسین)ی گرێدابوو ب جیهانبینییا گرۆپێ ئاینی یێ جانسینیڤە، ئەو گرۆپێ (راسین) ئێك ژ ئەندامێن وی.

ژبۆ دامەزراندنا پەیوەندیێن وەکهەڤ د ناڤبەرا گرۆپێ جڤاکی/چینا گەنجاندا ل هەرێما کوردستانا عیراقێ، فەرە ل دەستپێکێ ئاماژێ ب ئەوان کاودانێن جڤاکی بدەین یێن وەکری جیهانبینییەکا هەڤپشك د ناڤبەرا گەنجاندا پەیدا ببیت، کو ل گورەی میتودا گولدمانی ئەڤە کارەك گرنگە. پێنگاڤا دووەم ژنوی دێ د ناڤ تێکستیدا ل ئەڤان جۆرە پەیوەندیان ڤەکۆلین. یا دیارە ل هەرێما کوردستانێ قەیرانان ل سالا 2014 دەستپێکر، ل مەها نیسانێ پەیوەندیێن هەولێر و بەغدا گەهشتن خرابترین ئاست ژ ئەگەرێ ناکۆکی و نەلهەڤ هاتنا ئەوان ل سەر بودجا ئیتحادی یا هەرێما کوردستانێ و د ئەنجامدا پشکا هەرێمێ ژ بودجەی هاتە برین. ل تەباخا هەمان سال گرۆپێ تیرۆرستیێ داعش ژ چەند ئالییەکانڤە هێرش کرنە سەر هەرێما کوردستانێ کو بوونە ئەگەرا قوربانیێن گیانی و ئابۆری و بارگرانییەکا مەزن بۆ هەرێمێ، کو نێزیکی دوو ملیون ئاواران قەستا هەرێمێ کر، د هەمان دەمدا بهایێ نەفتێ ژی رۆژ بۆ رۆژ بەرەڤ نزمییێڤە دچوو و پەیوەندی د ناڤبەرا پارتێن سیاسیێن کوردستانی ژیدا بەرەڤ ساریێ و ململانێن دژوارڤە دچوو. لێ شارەزایێن بیاڤێ ئابۆری د ئەوێ باوەرێدا بوون کو زیانا مەزن یا ب هەرێمێ کەڤتی ژ ئەگەرێ وەبەرهێنانا شاش و گەندەلی و زێدەکرنا فەرمانبەر و دەزگەهێن حکومەتێ بوو، دیسان پالپشتی کرنا تەڤاهی ل سەر نەفتێ وەك تاکە ژێدەرێ داهاتی (العالم، 2017). ئەڤان کاودان و ڤێ نەدادپەری و گەندەلییا رێکخستیا دهاتە پەیرەو کرن و ئەکتیڤ نەکرنا کەرتێن مینا پیشەسازی و چاندنێ و گەشتوگوزاری وەکر گەنج ب زەحمەت دەرفەتێن کاری پەیدا بکەن و رێژەکا مەزنا دەرچوویێن زانکۆ و پەیمانگەهان بێکار و هەژار بمینن. ئەڤ گەنجێن بێکار ژ پاشەرۆژێ د بێهیڤی و ژ ژیانا خوە یا قەیراناوی د بێزار وەك چینەکا جڤاکی هیڤی و ئارمانجێن ئەوان ئێکن. د دیتن و دەربڕینێن خوەدا د رەشبین و بێئومێدن، واتە هەست ب تراژیدییا ژیانێ دکەن.

ژبەر ئەڤان کاودانێن ل سەری ئاماژە پێهاتیدان جیهانبینییا گەنجێن نڤیسەر ئەوا د رۆمانێن خوەدا دەربڕین ژێ کری وەکهەڤییەك تێدا دهێتە دیتن. کو ئەو ژی رەد کرنا نەدادپەروەرییێیە. ئەڤ گەنجە دبینن کو باشتربوونا رەوشا جڤاکی و بەختەوەریا کەسۆکی گرێدای دادپەروەریا جڤاکی و پاراستنا بها یێن بلندێن مرۆڤایەتی و یەکسانیێنە د ئەرك و مافاندا. نڤیسەر دیار ئەرەدنی د رۆمانا (ئاترا)دا ب رەنگەك جەڤەنگی لێ ب پەیامەك ئاشکرا ل دژی نەیەکسانی و گەندەلییا ل وەلاتێ خوە رادبیت. ئێك ژ دارێن دارستانێ (کو ئەڤ دارستانە جەڤەنگە بۆ کوردستانێ) ب ئەڤی رەنگی بەحسێ سەروەرێن دارستانێ دکەت:

"وێ هەردەم رەخنە ل رێبەر و سەروەرێن دارستانێ دگرت، هەردەم دگۆت، هوون دورست نینن، هوون دارێن دز و گەندەلن، هوون ب تنێ بۆ سۆتنێ دباشن، چو کارێن دی ب هەوە ناهێن کرن. هەر ئاڤەکا پاقژ هەبیت هوون دمێژن. شتلێن وە ل بەر لێڤا رووباری کەیف و سەمایێ دکن و یێن دارێن بێ کەس ژی، رۆژەکا تەمام د خزمەتا هەوەدانە، ب تنێ بۆ فرەکا ئاڤێ، نەکو دا بەلگێن خوە پێ بشۆن و ژ توزێ پاقژ بکن، بەلکو داڤەخون و ژ تێهنادا هشك نەبن." (ئەرەدنی، 2017: 10–11)

ئەو گەندەلی و ب هەدەر دانا سامانێ گشتی و داهاتێ نەتەوەیی ل كوردستانێ ژ ئالیێ بەرپرسێن وێڤە، خەلك بێزار كرییە. ئەڤجار خوە ل بەرگرتنا قەیرانەكا ب ئەڤی شێوێ هەیی بێگۆمان گەنج ژ قوربانیێن وێنە و دەربڕینا جیهانبینییا ئەوان دێ رەشبینی و خەموكی پێڤە دیاربیت. هەر وەك دیار نڤیسەری دڤێت بێژیت خەلكێ ئاسایی گەلەك قوربانی بۆ هەوەدان گەلی بەرپرسان، سەرەرای وێ یەكێ هوین كەیف و خوەشیێ ب داهاتێ وەلاتی دكەن و خەلكێ ئاسایی ژی مرادا ئەوان پارییێ ژیانێیە.

رۆماننڤیسێ گەنج ئومێد سەگڤان ژی دیتنەكا نێزیكی ڤێ هەیە، د رۆمانا (ناخێن دەرزی)دا ب ئاشكرایی بەحسێ گەندەلی و بەربەلاڤیا دزییان ل كوردستانێ دكەت، ل سەر زارێ زارۆكەكێ زیندانی:

"...بەهرا پتر ژ زیندانیان وێن ژبەر دزییێ هاتین گرتن، ئەڤ چ دزییە كەتیە د ناڤ مەدە؟ هەر گاڤ ماموستایێ مە دگۆت: ئەگەر دادپەروەری هەبا، دا كوردستان بتن وەلاتێ زیندانیان!" (سەگڤان، 2015: 117).

ئانكو نڤیسەری دڤێت بێژیت هیچ دادپەروەری و یەكسانییا د مافاندا ل كوردستانێ نینە، ئەگەر هەبازی دا زیندانێن ئەوێ پر بن ژ دزان. واتە خودان دەستهەلات و پلە گەندەلی و دزیان ب بەرفرەهی دكەن و هیچ لێپرسینەك ل گەل ناهێت كرن. نڤیسەر وەك گەنج و بێ دەستهەلات نەرازی و نیگەرانە ژ رەوشا هەیی، لەوما د بارەك سایكولۆژی و جڤاكی نە ئارامدایە. ئەڤجار رەشبینی و خەموكی ب سەر هەمی رۆمانێدا زالە.

رەشبینیا هەردوو نڤیسەران ژ ئەنجامێ وان كاودانێن جڤاكی، ئابۆری و سیاسی یێن گەلەك سەختێن كوردستان تێرا دەرباز دبوو/دبیت، نڤیسەر وەك نوینەرێن تەخا گەنجان هەست ب تراژیدییا ژیانێ دكەن. ئەو جڤاك و بهایێن ژیانەكا بلند و ژ هەژی یێن ئەو ل پەی دگەرهن ب دەستناكەڤن لەوما جیهانبینیا ئەوان جیهانبینییەك تراژیدییە.

سەبارەت ئەگەر و فاكتەرێن دبن پیڤەر بۆ پەیدابوونا تراژیدیایێ ((ل گورەی گولدمانی هژمارەكا پیڤەران هەنە ژوانا، ئێكەم تشت پێدڤییە قەدەر یان ئەو رۆیدانا نەدشیاندا مرۆڤ ژێ بهێت پارازتن د ناڤ بەرهەمیدا هەبیت)) (Omar، 2016: 91). گولدمان (1976: 81) دبێژیت: ((سەبارەت تراژیدیایێ، ئاشكرایی واتە بەری هەرتشتەكی ئێكەم ئاگەهی یا سرۆشتی یا دشیاندا نەبیت بهێت گوهارتن یا سەپاندیە ل سەر مرۆڤی، هەروەها نەشیانا خوە رزگاركرنێ ژمرنێ... مەزنیا تراژیدیایێ ئەوان نەخۆشیان بۆ مرۆڤی ڤەدگوهێزیت یێن مرۆڤ نەچارە تەحەمولا وان بكەت چونكی ژ ئالیێ جیهانەكا بێرامانڤە ل سەر هاتینە سەپاندن)). دوەم پیڤەرێ هەبوونا تراژیدیایێ د ناڤ بەرهەمێ ئەدەبیدا ل گورەی گولدمانی ئەوە بهایێن نەژ هەژی جهێ بهایێن ژهەژی و بەر بەلاڤ بگرن (Omar، 2016: 91). پیڤەرێ دی ئەوە هەر وەك گولدمان (Knight، 1969: 104) دبێژیت: ((ئەوا تراژیدیایێ جودا دكەت ئەو راستیەیە یاكو ململانێ یێن هەین ئەو جورە بن یێن دشیاندا نەبیت بهێن چارەسەر كرن، نەك ب تنێ نەهات بن چارەكرن)). هەروەها گولدمان (1976: ژجهێن جودا) هوكار و پیڤەرێن تراژیدیایێ دزڤرینیتەڤە بۆ ئەوان داكەفتن و قەیرانێن ئەندامێن گرۆپەك جڤاكی د ئابۆر و جڤاك و سیاسەتێدا تووش دبنێ، كو ئەوان ژی ل هەمبەر بەرسڤەك ئایدیولۆژی هەیە و ئەو بەرسڤ جیهانبینیا تراژیدیا وی گرۆپێ جڤاكییە، وەك گرۆپێ ئاینیێ جانسینی.

ل گورەی ئەڤان پیڤەرێن بۆ تراژیدیایێ هاتین دەستنیشانكرن، جیهانبینیا هەردوو رۆمانێن (ئاترا) و (ناخێن دەرزی) دشیاندانە وەك هەلگرێن جیهانبینییەك تراژیدی بهێنە دەستنیشانكرن. ژ خواندنا ئێكێ یا ئەوان رەشبینی و بێهیڤیبوونا ل سەر زال هەست پێدهێتە كرن. بۆ میناك د رۆمانا (ئاترا)دا هەر ژ لاپەرێن دەستپێكی خواندەڤان هەست ب زالبوونا هزرا خەموكیێ و رەشبینیێ دكەت، وەك: سۆتنا دارستانێ، بالندێ (چوكی) هەڤالێ خوە یێ بەر (تلێرتا) ژ دەستددەت. ژ ئەنجامێ ئاگری و سۆتنا دارستانێ گەلەك دار و شتل و هێكێن گیانەوەران و تێژكێن وان ژ ناڤ دچن. دارێن مەزن دارێن لاواز هشك دكەن. دار یاسایەكێ دەرئێخن و ڤەحەواندنا بالندان ل سەر چەقێن خوە قەدەغە دكەن. ئەجنێ باشێ دارستانێ (تێپ) ژ نەچاری ژ دارستانێ مشەخت دبیت. هەمی بوونەوەر هەست پێدكەن كو مرۆڤ ژێدەرێ نەخۆشیێن جیهانێیە.

ئەڤ دەستپێكا ب ئەڤی ئاوایی تژی مەرگەسات و خەموكی دیار دكەت كانێ تێكست ب گشتی چ جۆرە سەربۆرەكە، هەروەك ئەمین عەبدولقادر (2008: 103) دیار دكەت كو ((دەستپێك پرا گەهاندنێ یە د ناڤبەرا ئاشوپا نڤێسەری و هۆشێ خواندەڤانی دا كو ب رێكا وێ نڤێسەر هزرا خواندەڤانی ب ئال خۆڤە دكێشیت و هزرەكا مەند ژ بوویەرێن تێكستی ل جەم وی پەیدا دكەت. واتە دەستپێكێ چەند ئەركەكێن جودا جودا هەنە، ژ گرنگترینێ وان، ئەركێ راگەهاندنا ناڤەرۆكا تێكستی و ئەركێ هشیار كرن و سەرنجراكێشانا خواندەڤانی یە)). ئەڤجار ئەگەر د رۆمانا ناڤبریدا دارستان جەڤەنگ بیت بۆ كوردستانێ، هینگێ كوشتن و مشەختبوون و ژ دەستدان و ژناڤچوونا تشتێن د ناڤا وێدا ئەو هەمی جۆرە نەخۆشی مرۆڤان ل كوردستانێ دیتینە د ماوێ د ناڤبەرا (2016–2014)دا ئانكو د ماوێ شەرێ تیرۆرستێن داعشدا. كو ئەڤە شێوازێ جیهانبینیا تراژیدی بەرجەستە دكەن د رۆمانێدا ل گور پیڤەرێ داكەڤتنا د بیاڤێ ئابۆر و سیاسەت و جڤاكیدا.

د رۆمانا (ناخێن دەرزی) ژیدا هێزا زالا قەدەرێ و خەمۆكی و رەشبینیا د ژیانێدا چارەنڤیسێ تراژیدی یێ كەسایەتیێن رۆمانێ ب گشتی و ب تایبەت هەر دوو قارەمانێن سەرەكی (كەژۆ) و (زامدار)ی.

(نەی)بە هۆی ئەوەی لە نێو ژیانێکی هێمن لە باوەشی سروشتدا ژیاوە و نشینگەی بووە ، بۆیە زیاتر لە هەر شتێکی تر هەست بە دابڕان و ئاگری عیشقی پڕ لە تەنهایی و غوربەت و نامۆییەکی بێ پایان دەکات ، ومەگەر کەسانێکی شاعیر بتوانن ناڵین وخەمەکانی بخەنە نێو قالبی شیعر وبیانناسێنن، لەگەڵ ئەوەشدا(مەسنەوی وا خۆی پێشکەش دەکات کە پێشتر پلانی بۆ دانەنراوە ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیی بێ پلان لە دایك بووە )[8] .

ئاگرە ئەم بانگی شمشاڵە نەبا    آتشت این بانگ نای نیست باد
هەرکێ نەیبێ ئاگری وا هەر نەبا    هرکە این آتش ندارد نیست باد[9]

تەنیا ئەوانەی هەست بەم ئاگرە دەکەن و هەیانە دەژین ، ئەوانی تر هیچ، ئەم ئاگرەش خوازەیی وگێڕانەوەی ناسۆرەکانی ناخی مرۆڤە،(مەلای جەزیری) خەلیفەی مەولانایە لە سوتاندا و نیشانەیشی وەك بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە هەیە دەڵێ :

صوهتم ئەز پیتا ڤینێ تیك بوام گەرد وهەبا
ان لي آيات صدق كان لي في هذا النبا [10]

مەلای جەزیری یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کە (شاب)[*****] کە بە واتای نەی دێت بەکارهێنا بێ، بەوەش فەرهەنگی هاوواتاکەی نەی فراوانتر کردووە.

## 3.تەوەری دووەم

### 1.3. ڕەمزییەتی (نەی) لە نێو شیعری سۆفیگەریدا:

وەك چۆن ئەدەبی سۆفیگەری هەڵگری چەندین بیرۆکەی فەلسەفی و تێڕوانینی هزری هەمەجۆرە و چەندین دووانە دژەکان یان بەرامبەرییەکان تێیدا مایەی سەرنجن ، ئەوا شیعری سۆفیگەری دوو هێندە پڕ ئاماژەو هێما و ئیما ...هتد وجیهانێکی ڕەمزییە .

(لە ئەزموونی سۆفیەتی دا هونەری گیان دەگوازرێتەوە نێو جەرگەی ئەزموونەکەو هەردووکیان لە کاتیەوە بەرەو هەمیشەیی هەنگاو دەنێن، سەرباری گەیشتنی هەست لە بواری ئەزموونەکە بە لوتکەی چێژ و سەرنج ڕاکێشانی گیانیی وگەیشتنی هەر یەکەیان بە سۆزێکی باڵا)[11] .

ئەمەو ئەزموونی شیعریی لە بنەڕەتدا پشت بە ((تاکێتی خودیی دەبەستێت، کە دەرفەت بۆ شاعیر دەڕەخسێنێ بڵێ — دەمەوێ شتێك دابهێنم کە کەسێکی تری جگە لە من داینەهێنا بێت ))[12] .

ئەوەش شێوازی تایبەتی شاعیر دیاری دەکات و دەبێتە ناسنامەی شاعیرەکە ، زۆر جار ڕەمز ڕۆڵی ناسینی شاعیر دەبینێت ، یان دەبێتە بەشێکی گرنگی ناسنامەکەی ، کە (تشارلز تشادویك) پێی وایە : ڕەمزییەت تەنیا جێگۆڕکێی شتێك بە شتێکی ترەوە نیە ، بەڵکو پرۆسەی بەکارهێنانی وێنەی دیاریکراوە بۆ دەربڕین لە هزری ئەبستراکت و سۆزەکان [13] .

ئەو ململانێیەی لە نێو هزرو دەروونی شاعیرە سۆفیەکاندا هەمیشە لە کێشەدان وایکردووە فەرهەنگی ئەم شاعیرانە دووانەی دژوارو هەمەجۆر لەخۆ بگرێت .کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ، سۆفیەکان دوو بۆچوونی دژ بە یەکیان بەرامبەر خودی ژیان و دنیا هەیە ، بریتین لە :

1. ئەرێنی : بەوەی مرۆڤ هاتوتە ژیان و جیلوەی خودای تێدایە .
2. نەرێنی : ژیان ودنیا مایەی ئازارو وخەم و نەهامەتین لە ئاکامی دابڕان و شکست و جیابونەوە ...هتد .

دووانەییەکان بوونە هۆی (داهێنانی فەرهەنگێکی تایبەت لەسەر بنچینەی ڕەمزی سۆفێتی و شاراوەییەکانی زمانی سۆفیگەری ، ئامانجی لە تەم ومژییەکانی ئەوەیە زاراوەکانی لەنێو پەیڕەوکەرەکانی بە ڕوونی بمێننەوە ))[14] ، تەنیا لە چوارچێوە ئەوانەی لە شکۆی ئەم جۆرە شیعرە تێدەگەن ونهێنیەکانی دەپارێزن و (زۆرترین سەرکەوتنی شێوەکانی ڕەمز لە ئاکامی تێکەڵکردنی بەرجەستەکراو یا حەقیقەتی بەرجەستەکراو بە ئەبستراکت یا میزاجی ناوەوە یا لە نێوان واقیع و میسالیدا )[15] .

شاعیرە سۆفیەکان چەندین هۆکاریان هەبووە بۆ هانا بردنە بەر ڕەمز، گرنگترینیان:

1. پاراستنی نهێنی خودایی و حەقیقەتە پەیوەستەکان بە خواوە کە لەلایەن خوداوە لە نێو دڵەکانیاندا دانراوە ، وجگە لە خۆشەویستانی خوا کەسانی دیکە نایزانن ، بۆیە دەبوو ئەم نهێنی یانە لەبەردەم گشتدا داپۆشرێن [16].
2. تێنەگەیشتن ، یان بە هەڵە لێکدانەوەی دەربڕینەکانیان خاڵێکی گرنگی بەکار هێنانی شێوازی ڕەمزییە لەم جۆرە شیعرەدا ، بە تایبەتی لە پێناو مانەوەو پاراستنی گیانیان .
3. هەروەك نیکلسۆن ئاماژەی پێکردووە شاعیرە سۆفیەکان هیچ ڕێگەیەکی تریان نەدۆزیوەتەوە شیاو بێت بۆ وەرگێڕانی وەرزشە

سۆفییەكان و دەربڕینیان كە لە واتاو وێنەی قووڵترین لەوانەی بە ئاشكرا بەدی دەهێنرێن [17].

4. ئەگەر دەربڕین بە قالبی شیعری پێویستی بە برێك ڕەمز هەبێت، ئەوا شیعری سۆفێتی دوو هێندە پێویستی پێ دەبێت ، چونكە بەندە بە دەربڕین لە قوڵاییەكانی دەروون لە لایەك و لە لایەكی ترەوە دەربڕین لە پەیوەندییە باڵاكان و لەگەڵ خودێكی مەزنی وەك خوادا دەدوێن .

سیمای ڕەمزیش سیمایەكی سۆفێتی هەیە ، كاتێ خوا بە زەكەریا دەڵێت " قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ" آل عمران: ٤١ ، مەرجی بە هێما مامەڵەكردن دەمانگەیەنێتە ئەوەی هێما و ڕەمز و نیشانەو و خواستن كەرەستە بنچینەكانی زمانی شیعری سۆفیگەری پێك دەهێنن ، هەر چەندە ڕەمز لە ئیشارەت باڵاترە ، چونكە ڕەمز هەموو جۆری خوازەو لێكچون و خواستن دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو پەیوەندییە واتاییە ئاڵۆزانەی لە نێوان شتەكان لەگەڵ یەكدا دەینوێنن بەدی دەكرێت ، بەڵام ئیشارەت بە تەنیا یەك دەلالەتی هەیە وهەمە جۆری هەڵناگرێت .

هەرچەندە ئیشارەت لای سۆفیەكان جیاوازەو بە زانستی ئیشارەت دەناسرێت و چەمك و بەخشەكانی تەم ومژاوین، دەربڕینی ئیشارەت ئامێز باڵایی و ڕێ و شوێنەكانی دەپارێزێت، ئیشارەت ڕەمز لە باوەش دەگرێت وەك پەیوەندی هەموویی بە پاژەیی یا پەیوەندی گشتی بە تایبەتی[18].

جیاوازی ڕەمزییەت لە لای شاعیرە سۆفیەكان لەگەڵ ئەوانەی تردا ئەوەیە سۆفیەكان گوزارشت لە ئەزموونە دەروونییە باڵاكانیان بە زمانی شتە هەستپێكراوەكان دەكەن، چەشنی مەی وخۆشەویستی،سروشت ...هتد [19] واتای ڕەمز واتاییەكی ناوەكییەو لە ژێر دەربڕینێكی ئاشكرا هەڵگیراوە ، تەنیا ئەوانەی سەر بەو زانستەن لێ یان تێ دەگەن [20].

(نەی) وەكو ڕەمز پانتاییەكی فراوانی لە نێو شیعر بە گشتی و شعری سۆفیگەری بە تایبەتی گرتووە ، لە نێو شیعری كلاسیكی كوردی چەندین دەركەوتەی ئەم ڕەمزە بەدی دەكرێت .(نەی) هەڵگری گەلێك ڕەهەندی هەمەجۆرە وەك :

1. ڕەهەندی كۆمەڵایەتی

لە دابڕان و جیابونەوە ونامۆیی و هەستكردن بە قوڵایی دوورییەكان لە مەڵبەند و نیشتمانی خۆی

2. ڕەهەندی ئایینی :پیرۆزی و وەفا و تامەزرۆیی گیانیی

3. ڕەهەندی ڕەوشتی: میسالیەت لە ڕەوشتدا وپابەندبوون بە ڕێنماییە ڕەوشتییە ڕەسەنەكان .

بۆیە كۆدی سیمیۆلۆژی (نەی) لای سۆفیەكان بۆتە ڕەمزی مرۆڤ كاتێ لە ڕەسەنییە باڵاكەی دادەبڕێ وتامەزرۆی گەڕانەوەیەتی [21].

جگە لەوەی كە ڕەمزی (نەی) ڕەنگدانەوەیەكی فراوانی لە نێو شیعری كلاسیكیدا هەبووە ، لە شیعری نوێ وهاوچەرخیشدا نەك هەر بەردەوامیی هەیە ، بەڵكو گەلێ جار سێبەری قەسیدەی (نەی)ی پێشەكیەكەی (مەسنەوی)ی مەولانا بە تەواوی بەرگێكی بۆ شیعر دروستكردووە كە چاكترین نمونەی دیاری نێو شیعر (ناڵەی جودایی)ەكەی (هێمن)ی شاعیرە .

(نەی) وەك ڕەمزێك لە سێ بواردا كار دەكات كە بریتین لە [22] :

1. نەی و سەماع: سیاقێكە بۆ دەرەوە

2. نەی و فوو كردن: سیاقێكە بۆ ناوەوە

3. نەی و عیشق و سروشت: كۆكەرەوەی دەرەوەو ناوەوەیە و بە یەكیان دەبەستێتەوە .

سەنتەری ڕاستەقینەی ئەم سێ بوارە خودی گیانیی مرۆڤە و شیعری سۆفیگەریش شیعرێكی خودی گیانییە ، ئەمەو لە كاتێكدا شاعیر جارێكیان بە هۆی شیعرەوە دەچێتەوە سەر سەرچاوەی خودییە گیانییەكە ، وجارێكی تریش بە هۆی سۆفێتی یەكەیەوە دەچێتە سەر هەمان سەرچاوە بە واتایەكی تر شاعیری سۆق بە تەواوی لە نێو جیهانە گیانییەكەیدا دەژیت بۆیە تێیدا (ڕەگەزی خودیی دەسەڵاتدارە بەمەش ناچێتە بواری هیچ یەك لە بڕیارەكانی ئاوەزو پێوەری شیعری سۆزداری ئاسایی ، چونكە وەسفێكن بۆ ئەزمونێكی ناوەكی ناوازەكە تەنیا سۆفیەكان پێیدا تێپەڕ دەبن )[23].

كەرەستەی سەرەكی لای شاعیرە سۆفیەكان لە چوارچێوەی شیعری عەرەبیدا دوو جەمسەری مەی و ژن زیاتر ئاماژەیان پێكراوە وەك دوو ڕەمزی ئامادەبووی هەمیشە لە نێو شیعری سۆفیگەریدا.

بەڵام مۆسیقا وكەرەستەو ئامێرە مۆسیقیەكانیش دەشێ لەگەڵ ئەم دوانەدا سێكوچكەیەكی ڕەمزی دەربڕین و وەرگێڕانی نهێنییەكانیان بێت.

نالی (1800–1856) بە دەست دەردو ئازارو ژانی دووری وەك نمونەی ناڵەی شمشاڵی لێ هاتووە ولە ژێر كاریگەری (نەی)ەكەی مەولانادا دەڵێ :

دڵ موزمەحیلی دەردە وەك دیدە لە نمدا
حەیران وپەرێشانە وەكو قەترە لە یەمـدا
نالی مەسەلی حاڵی لە ئەشكەنجەیی غەمـدا
وەك ناڵە لە(نەی)دا وەكو ناڵە لە قەڵەمدا[24]

نالی هەمیشە چێژی هیجرانی كردووە ، لە دوو لاوە جیابونەوە دەوری داوە یەكێكیان جیابونەوەی خۆشەویستی و دووەمیشیان جیابوونەوەی لە ووڵات و هەستكردن بە نامۆیی و تەنیایی وئارەزووی دیدار ، بڵێسەی ئاگری دەروونی گەشتر كردووە وتەنیا چارەی داواكردنی خۆڕاگریە لە یەزدان ، چونكە دڵی چەشنی نەی كون كونە:

لەت لەت وكون كون بوە دڵ وا لە شەوقی شیرەكەت
ڕۆحەكەم دێت ودەچێ داخۆ لە كـامـیان دێتــە دەر[25]

لای مەحوی (1837 – 1906) (نەی) هەرایەکی وا دروست دەکات لە شێوەی ڕۆژی حەشر هەر کاتێ (نەیژەن)بیەوێ سەربوردەی گیان بگێڕتەوە ، بۆیە دەڵێ :

دەمدەمەی ئەم حەشرە هەستان ئەم دەمە یا ڕەب چ بوو

لێوی نەی ژەن گەییە نەی ، دەف زەن کە پەنجەی گەییە دەف [26]

تەنانەت ناوەوەی شاعیر پڕیەتی لە ئارەزوو و تامەزرۆیی و عیشقێکی بێ پایان ، ودلبەر شوێنێ شك نابات بۆ مانەوەی :

بێمە کوێ ؟ دلبەر ووتی :گەر چاوە گۆفانێکی ئەشك

دڵ تەنوری ئاگری عیشق و خورۆشی ئـیـشـتـیاق[27]

صافی هیرانی (1873 – 1942) زیاتر لە شاعیرەکانی تر لە نێو شیعرەکانیدا ، کەشێکی سۆفیگەری و حەلقەی زیکر و باڵابوون بەرەو زاتی خودایی پێکهێناوە و هەمیشە هانا بۆ مۆسیقاو موتریب دەبات، دەڵێ :

غەمی هیجرانی تاکەی بێ صەدای نەی موطریبـا سادەی

بەیات وشوور ماهوور و قەزاز ودەستگایێ بێ

بە بێ ئاوازی تو ئەصلا نییە چارەی دڵی شەیدا

دەخیل دەنگی صەبا و ڕاست وحیجاز وچارگایێ بێ[28]

صافی خۆی لە نێو گۆرانی گەردوندا دۆزیوەتەوەو مەستی جوانیەکان و مەستی عیشقی ئیلاهی خستویەتیە حاڵەتێکی پەرێشانی ، (نەی)لای شاعیر بۆتە ڕەمزی گەیشتن بە خواستەکانی بۆیە دەڵێ :

ئەی موطریبـی حەریفان دەستکە بە نەغمەخوانی

ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی

بەزمت شیفایە سادەی بۆم لێدە بوربوگ ونەی

ئەو دەردی دڵ هەتا کەی چی ماوە عومری فانی ؟

تا عاجزیمە تەی بێ ڕووکەینە شادومانی

موطریب بە سازو نەی بێ ساقی بە جامی مەی بێ

ڕەنگ وهەوایی تۆیە دەنگ و صەدایی تۆیە

کەیف وصەفایی تۆیە بۆ عەیشی جاویدانی [29]

شاعیر ئەیەوێ هاوسەنگی بە بەشداری نەی و مەی دروست بکات، وژیانی هەمیشەیی لە نێو زیکری سەماو دەنگی مۆسیقا بەدی دەکات وعیشقی پەنگ خواردووی دەروونی ئازادانە ڕێڕەوی سروشتی خۆی دەگرێت ، (نەی) لای (صافی)ی شاعیر و سۆفی چارەسەرە ، هەرچەندە شاعیر لە شیعرێکی بە زمانی فارسی کە (16) بەیت وەکو وەڵامێك بۆ (نەی) ەکەی مەولانا سەرنج دەدرێت، هاوکێشەکەی پێچەوانەکردۆتەوە و لە بری (نەی) ڕاستەوخۆ (دڵ)ی کردۆتە ئەو ناوەندەی مایەی بایەخ و گوێ لێگرتنە لە سەر هەمان کێشی مەسنەوی (ڕەمەلی شەشی مەحزوف – مەقصور) داناوەو دەڵێ :

مشنو از نی این حکایتهای خام

راز خود گوید به پیش خاص وعام

از جفای یار خود زاری کند

قصه أیام غمخواری کند (30)

ئەگەر مەولانا خەڵکان هان دەدات بۆ گوێ گرتن لە چیرۆك وبەسەرهاتی غەمناکی نەی ، صافی خەڵکان هان دەدات بە گوێ نەگرتن ، تەنیا گوێ گرتن لە دڵ ، چونکە پێی وایە هەستەکان لە قوڵایی دڵدا حیکایەتی خۆیان دەگێڕنەوە : دەڵێ :

بشنو از دل محرم عشاق اوست

هم فرح افزای هر مشتاق اوست[31]

هۆکاری ئەوەیشی ڕوونکردۆتەوە بۆ (دڵ) ی هەڵبژاردووە و دەڵێ:

دل همیشه جلوەگای رحمت است

مظهر نور چیایی وحدت است [32]

بەوەش ناوەستێ هەر خودی دڵ بە کتێب دەچوێنێ ، ئەو کتێبە ناوازە پڕ حیکمەتەی ژیان ، کە لە تواناییدا هەیە مرۆڤ هۆشیار بکاتەوە بۆیە لە بەیتەکانی کۆتاییدا هاتووە :

أز کتاب دل حکمها گوش دار

تا شوی زین کنه عالم هوشیار

صافی از حالات دل داد این پیام

گوش کن گر هوش داری والسلام [33]

پەیامەکان لای هەردوو شاعیر (مەولانا و صافی) یەکن ، بەڵام لای مەولانا (نەی) دەبێتە ناوەندێك بۆ دەربڕین و وەرگێڕانی هەستە قوڵەکانی نێو دڵ و دەروون و ئاشکراکردنییان ، بەڵام لای صافی هەر یەکسەر دڵ خۆی هەمووە و خۆیشی پەیامەکەی بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە بڵاو دەکاتەوە و پێویستی بە هیچ ئامرازو کەرەستەیەك نییە تا بە هۆیەوە پەیامەکەی بگەیەنێت[*****] ،ئەمانە تەنیا مشتێکن لە خەروارێك ، ئەگەرنا تارمایی دەقەکەی مەولانا پانتایی زیاتری لە نێو شیعری کوردی بە گشتی و شیعری سۆفیگەری بە تایبەتی داگیر کردووە .

## 4.تەوەری سێیەم

### 1.4.نەی لە هزری مەولانا و مەلای جزیری دا:

مەسنەوی تۆبەرە بەرهەمی مەولانا و بڵاوترینیانە، لە سەرکێشی ڕەمەلی شەشی مەحزوف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلات) بۆ هەر نیوە دێڕێك دانراوە ، بە هۆی دوورو درێژی بابەتی شیعریەکەی بە جووت قافیە ڕێکخراوە .

مەسنەوی لە شەش بەرگ و لە نزیکەی (26000) بەیتی شیعری پێکهاتووە ، هاوشێوەی کتێبی (حدیقه الحقیقه) ی سنائی و (منگق الگیر )شێخ عەتتار نوسراوە [34]، و ئەم بەرهەمەی سەدایەکی زۆری هەبوە وهەیە ودەقێکی زیندووی چالاکە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە و(زیکرو سەما(سەماع)ی مەولەوی ، پێ بە پێی ئاوازی ئەو نایە دەڕوا، هەروەها لەگەڵیدا تەپڵیش لێ دەدرێت و بە دەنگەوە شیعر دەخوێندرێتەوە)[35]

(گۆرانی نەی) یان (شیعری نەی) یان (سرودی نەی)ئەو هەژدە بەیتەی پێشەکیەی مەسنەوی کە مەولانا گرنگی مۆسیقاو کاریگەری لەسەر دەروون ئەو ئەرکەی نەی لە سرووتەکاندا ئەنجامی دەدات زانیوە (*).

(نەی) ی مەولانا هەڵگری ڕەمزێکی میسالییە بۆ دەروون و ، بە هیچ شێوەیەك ووشە نادرکێنێ تەنیا لەو کاتەدا نەبێت ، کە لێوی مەعشوقی پێ دەکەوێت ، و هەناسەی ڕێبەری گیانیی دەیجوڵێنی(36).

هەر ئەوەشە مەسنەوی دەکاتە پێشەنگی بەرهەمە عیرفانیەکان ، چونکە لە مەسنەویدا (ئەودیو هۆشیاری) یا (هۆشیاری خوایی) یا گەیشتنی عاریف بە (منی دەوردراو) یان (ئەودیو من) بەدی دەکرێت)(37).

زۆرترین بەکارهێنانی (نەی) وەك ڕەمزێك لە لایەن (مەلای جزیری) بەرهەم هاتووە، لە کاتێکدا هەر خودی شیعرەکانی جزیری کەشێکی پڕ لە ئاهەنگ لە خۆ دەگرێت ، لە پاڵ نەی چەندین ئامێری تری مۆسیقی ئامادەییان هەیە ، چونکە (نەی) ڕۆمی هەمیشە ڕێڕەوی بزوتنەوەی گۆڕانکاری مێژوویی لە لایەك و لە ژێر ڕۆشنایی جیاکاری تایبەتمەندی ڕۆشنبیریە نەتەوەییەکان لە لایەکی ترەوە دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە))(38).

مەلای جزیری پێشەنگەو لە زۆربەی شیعرەکانیدا تارمایی مەسنەوی بەدی دەکرێت ، هەر چەندە لای مەولانا (نەی) قەسیدەیەکی کامل و تەواوە، بەڵام لای جزیری بەسەر شیعرەکانیدا دابەشکراوە ، بەهۆی ئەوەی جزیری هەموو کات هەوڵی داوە چرکە ساتی جوانیی بخاتە گەردەنی شیعرەکانی و هەموو توانا هونەرییەکانی بخاتە گەڕ بۆ گەیشتن بە چرکە ساتی تێکەڵبوونی تەواو لەگەڵ مەعشوق ، بۆیە هانا بردن بۆ کەرەستەکانی مۆسیقا و کەرەستەکانی مەستبوون وەك دوو هێڵی هاوتەریب لە قوڵایی تامەزرۆییەکانی شاعیر بوون ، بە مەبەستی گەیاندنی ئەزموون و کرۆکی هەستەکان بۆ دەربڕین لە عیشقی بێ پایانی خوایی .

(دەنگی ڕیتم و ئەنجامدانی جولەی سەمایی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دەروونی مرۆڤدا هەیە ، و لە جیهانی بوونی سروشتی دەیباتە جیهانی غەیبی یا جیهانی ئەودیو سروشت (میتافیزیکی) ئەم گواستنەوەیە لە ڕاستیدا گواستنەوەیەکی گیانیی وهزرییە لە هەمان کاتدا نەك جەستەیی)(39).

ئەگەر مەولانا لە ڕێگەی (گوێ بگرە)کە کلیلی هەموو قەسیدەکەیەتی دەرگای عیشقی خوایی کردبێتەوە ، کە (بیستن لە تەسەوف دا باشتر وخوازراو ترە لە بینین ، لە فەرهەنگی تەسەوفدا گوێ باشتر و گرنگتر و بە نرختره لە چاو ، نەبیستنی پەیامی پەروەردگار گەورەترین زیان وبێ بەشبوونە ، گوێ سەنتەری بیستن و وەرگرتنی گوتاری ئیلاهیە ، گەر گوێ نابیست بێت ، ئیتر چۆن مرۆڤ لە پەیامی ئیلاهی دەگات ؟ زیاتر لەوەش بیستن مەرجی بنەڕەتی گەیاندنە )(40).

ئەوا(مەلای جزیری)یش لە ئاکامی بیستنە گیانییەکانی هەمیشە لە سەمای ئەزەلی سوڕاوەتەوە،کە سەما لای سۆفیەکان چۆتە پایەی نوێژکردن(**)

مەولانا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە بە هۆی مۆسیقاوە دەگاتە بەرزترین پێگە گیانییەکان ، پەیوەندی بە مۆسیقا دەیگەیێنێتە خودا ، بۆیە لە (مەسنەوی)دا گوزارشت لە عیشقی خودایی و ئەو پەیوەستبوونە گیانییە لەگەڵ خوادا دەکات .

مەولانا لە قەسیدەی (نەی) دا باشترین ئەوەی گوزارشت لە حاڵی ڕاستەقینەی بکات ، لەو ئامێرە مۆسیقیەدا دۆزیوەتەوە ، چونکە هەردووکیان دووچاری جیابوونەوە لە نشینگەی خۆیان بوونەتەوە (41).

بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری دووری و ناڵینی هەمیشەیی جودایی ڕێگەی سەما و مۆسیقا و ووتنەوەی شیعریان هەڵبژاردووە ، چونکە هەر خۆی ڕێبازی مەولەوی لە سێ ڕەگەز پێکهاتووە:( مۆسیقا و سەما و ووتنەوەی شیعر) ئەم سێ ڕەگەزە تەواوکەری یەکترن و لە نێو تەسەوفدا باڵابوونی مرۆڤن ونزیکبوونەویانە لە خوا بە تایبەتی سەما کە ئازادکردنی جەستەیە ، و ژیانە لە نێو سەربەستی یەکی ڕەهادا ، و سەربەستیش مرۆڤ لە کۆت و پێوەندییەکانی ژیانی ماددی ڕزگار دەکات و دەیخاتە نێو چێژی بێ پایانی ئاسوودەیەکی گیانی ، ئەمەو لە کاتێکدا (بەکارهێنانە خوازەییەکانی زمان گشتیان ئامانجیان فراوانکردنی کێڵگەی دەلالی و چۆنیەتی ئەگەریی دەقەکەی کە تێدا بەکار دەهێنرێن )(42).

هەر خودی شیعرەکانی (مەلا) سەما و ئاهەنگیشن لە هەمان کاتدا بۆیە ئەم کێڵگە بە بەڵگەی واتاییەشی فراوانترە (***) مەلای جەزیری زیاتر لە شاعیرەکانی تر هونەری (کەرتکردن — التشگیر) ی وەك لایەنی جوانکاری بەکارهێناوە وەك :

مەستان مەستان نۆشا نۆش
قەرقەف د جامان هاتە جۆش
مادێ بمینت کەس لە هۆش
وەقتێ کۆبین دوردانە ڕەقص (43)

مەلا لە هاوکێشەی ژیاندا هیلاکی ونارەحەتی عیشق و ناڵە ناڵی هەمیشەیی هەڵبژاردووە ، ڕازەکانی لە نێو دڵدا بە شێوەیەك حەشارداوە ، و لە ژێر ڕەمزی (نەی) کۆیانی کردۆتەوە:

ڕەمزو ڕازێن نەی و نایێ کو سەماعینە هەمی
ژ مەحالا تە ب عەقلێ خوە بزانی ژ قیاس (44)

ئەگەر چێژ وەرگرتن دوای ئازار بە دەستبێت، ئەوا بە هێزتر دەبێت ، و هەستی دەروونیش کامڵتر دەبێت (45)، واتە مەلای جزیری هەموو ئەو قۆناغانەی تەی کردووە ، تا بگاتە ئامانجە بنچینەییەکەی ، ئەمە

له لایەك وله لایەکی ترەوە (زمانی شیعری سۆفێتی زمانێکە قورسایی باری ئەم ئەزموونە ناوازەیە هەڵدەگرێت ، هەڵگری ئەو ئازار و کۆتانەیە کە پیاوانی ئەم رێگەیە دووچاری دەبن و پێیدا دەڕۆن لە کۆششی بەردەوامیان بەرەو کاملبوون ، بە بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ڕەهادا )[46].

ئەزموونیش لە نێو دڵدایە کە دڵ لای سۆفیەکان شوێنی دۆزینەوە و ئیلهام و ئامرازی مەعریفەو سەنتەری زانینەکانە و ئەو ئاوێنەیە کە لەسەر ڕووەکەیدا واتاکانی غەیب دەردەکەوێت ، ئینجا دڵێکی وەکو هی مەلای جزیری لێوانلێو بووە لە عیشق وجوانی ولە دوو بازنەی سەرەکی سوڕاوەتەوە :

1. مەستی هەستی : بەبەکارهێنانی کەرەستەی مەستی ماددی نموونەی: کێلگە واتاییەکانی مەستبوون و کەرەستەکانی لەپاڵ مۆسیقا وکەرەستەکانی کە لێکدان ئەم دووانە بە دیوەکانی جوانییان ناساندووە.

2. غەزەلی هەستی :وەسفی یارو پادشا وەك ڕەمزی خواوەندو هەموو ئەو ووشەو دەستەواژانەی پەیوەندییان بەم پانتاییەوە هەیە دەکات ، شاعیری سۆفی غەزەل دەکاتە ڕەمزێك کاتێ بە دوای مەعشوق دا دەگەڕێت ، خواردنەوە و مەستیش دەکاتە ڕەمزێك کاتێ گوزارشت لە لوتکەی گەیشتن بە خۆشییەکانی خۆشەویست دەکات .

(نەی) تەمسیلی هەردوو بازنەکە دەکات چونکە لە ڕاستیدا ((دەنگی بە سوێی نەی دەنگی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤە ، هەر ئەمە ئەو هۆکارەیشە کە دەنگی نەی عیشق و وەجدی نێو ناخی بیسەرانی دەوروژێنێت) [47]

شاعیری سۆفی بە قوڵایی ناخیدا دەڕوانێت و ڕاستگۆیانە گوزارشت لەو حاڵەت و ئەزموونە تایبەتییە لە ڕێگەی هەستەکانییەوە دەکات ، دەنگی نەی وەرگێڕانی ناخی شاعیر خۆیەتی چونکە ((ئەو ناڵینە تەنیا لە ئاکامی ئەو فووانەی لە (نەی) ەکەدا دەکرێت ، و دەنگ دەردەکات نییە ، بەڵکو لە ڕاستیدا ئاگرەکە دەروون لە پیسی وخراپەکانی پاکدەکاتەوە ئەوەیە کە هەموو شتێك لە دڵدا دەسوتێنی وهیچ نامینێ جگە لە خودا نەبێت ))[48].

لە نێو فەرهەنگی هەردوو شاعیردا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت ، مەولانا دەڵێ :

مرده بدم زنده شدم گریه بدم خنده شدم

دولت عشق آمد ومن دولت پاینده شدم [49]

بە واتای خاوبوم ، پێگەیشتم ، وئیستاش دەسوتێم ،سوتانەکە قۆناغی کۆتایی و هەمیشەییە ، شاعیر لەم قۆناغەدا چەسپاوە ،(مەلای جزیری)ش گەیشتۆتە ئەم قۆناغە و دەڵێ :

شوبهەتی چەنگی دنالم هیژ ژدەست داغا قدیم

هەر وەکی مەشعەل دسۆژم دوست نزام ئاگەهییە [50]

نەی لای (مەولانا)عیشق ومەعریفەیە، عیشق و مەعریفەی عیرفانی یەك شتن ، هەردووکیان هۆکارو هەردووکیشیان ئاگر هەڵدەکەن، هەموو شتێك پاکدەبێتەوە ودەبێتە هێزێکی بزوێنەر بەرەو مەعشوق [51]

ناڵەی شمشاڵ لەبەر ئەوەیە لە قامیشەلان دابڕاوە ، ئەوە هەر تامەزرۆیی نییە بۆ زێدو بۆ ڕەگ وڕیشە ، ئەوە دڕکاندنی نهێنی یەکێتی بوونیشە[52].

بە واتای دەربڕین لەو دابڕان و تامەزرۆییە چەندین ئەرکی تریشی خستۆتە پاڵ(نەی) وشۆڕبوونەوە بە ناخیدا مەعریفەی تر بەدەستەوە دەدات.

هەرچەندە مەولانا (باس لەو گەڕانەوەی ڕۆح و هەستکردن و نەوای ناڵەی دووری ڕۆحی مرۆڤە بۆ سەرەتای دروستبوون و نیشتمانی بنەڕەتی دەکات، پێی وایە (نەی) ئەو ئاوازە غەمگینەی کە لێوەی دەردەچێت ، ئەوە باسی غوربەت ودووری خۆی دەکات لە نیشتمانی خۆی کە قامیشەلانە )[53]

(مەولانا) دوای دابڕانی لە (شەمس تەبرێزی)بە هۆی کۆچیەوە ، بە تەواوی هەستی بۆ ناڵینەکانی دەروونی ڕاگرتووە ، وقووڵی برینەکانی وەرگێڕاوە بۆ شیعر (مەلای جزیری)یش جیهانی عیشقی خوازەیی سەلما فێری چەندین ناڵەی هەمەچەشن وسووتانی کردووە بۆ ئەوەی ئەم شاعیرە سۆفییەی لێ دروست ببێت .

(نەی) وەکو جەستەیەکی مرۆیی یەو فووکردنەکەش واتا دانانی گیان لە جەستەی ئادەمدا کە دوای ئەوەی لە بەهەشت دابڕاو و هاتە دنیا ، تامەزرۆیی زۆرتری گەڕانەوەیەتی ))[54].

هەردوو شاعیر تامەزرۆیی گەیشتنیانە بە حەقیقەتی عیرفانی کە لە میانی چەند پەیوەندییەکی دووانەیی لە نێو ئەم ڕێڕەوی گەیشتنە بە حەقیقەتی عیرفانی بەدی دەکرێت :

1. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەسەڵاتی باڵا (خوا)
2. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ گەردووندا
3. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا

مەولانا لەسەر زەوی بوو ، بەڵام بە هۆی ناسینی شەمسی تەبریزی و دەستگرتنی چیتر تەنیا جەستەی نەبێت ، لەسەر زەوی نەدەژیا ، هەمیشە لە باوەشی گەردوون وسەرکەوتنی بوو بە پێپلیکانەکانی سۆفێتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی باڵا ، بە واتای ( ئەم عیشقە — عیشقی شەمس — جولاندنی تا ئەم نهێنی یانە درك پێ بکات و ئاشکرایان بکات))[55].

چونکە ئەم گۆڕانییە [***] چیرۆکە پڕیەتی لە نهێنی عیرفانی و لایەنە گرنگەکانی بریتین لە : مرۆڤی کامل ،عیشق ، یەکێتی بوون ، فەناومانەوە، ڕێڕەوی مرۆڤ ، سەرکەوتن وهاتنە خوارەوە، گەڕانەوە بۆ لای خوا ...هتد)) [56]

تەنانەت هەموو فەزڵ و چاکەیەك دەدرێتە پاڵ نەیژەن وەك مرۆڤ نەك خودی نەیەکە ، چونکە وەك لە ڕاڤەی پێشەکیەکەی مەسنەویدا هاتووە:

هەموو ئەوانە هی نەیژەنن ، نەك هی نەی

لەبەر ئەوەی نەی کە قامیشە ، خۆی لە خۆیدا نابووتە

ئەو مەقامات و پەردانەی وا لە نەی دان

دەست و نەفسی نەیژەن هاوردوونی

کونی نەی ، بە دەستی نەیژەن دەبەسترێت و دەکرێتەوە

ئەوە نەیژەن بوو قامیشی لە قامیشەڵان بڕی

کون کونی کردوو تێی توڕاند

پەردەو سۆزوو سازو

هەواو ئاوازو ڕاز هەمووی

بیسەرە تەنیا ڕواڵەتەکەیانی لە زمانی نەی ژنەفت (57)

ئەم حاڵەتە پەیوەندی تەواوکەری نێوان مرۆڤ و گەردوون دیاریدەکات ، کە کۆنترۆڵی بابەتەکان بە دەستی مرۆڤەیە و سروشتی بۆ ڕەخسێنراوە تا بە عەقل ئامرازەکانی ناسینی خوا بدۆزێتەوە

ئەوەی مەلای جزیری لە مەولانا جیا دەکاتەوە ، نەی و بەسەرهاتی (نەی) لای مەولانا قەسیدەیەکی سەربەخۆیە ، بەڵام لای مەلای جەزیری بێجگە لەوەی (نەی) بە جیا بەکارهێنراوە ، کەچی زۆر جاری تر مەلای جزیری قەناعەتی تەنیا بە (نەی) نەهاتوە و چەند ئامێرێکی تریشی لە گەڵیاندا بەکارهێناوە وەك :

نەی و قانون وڕەباب ، نای و دەف و قانون و چەنگ(****)

قانون و ڕەباب ، ساز ، دەف و تەنبور و چەنگ ، جۆقا صۆفیان

تەنانەت (سەما)ش بە هەمان شێوە کەمجار بە تەنیا هاتووە : زیاتر (ڕەقص وسەما) وەك هاوواتا بۆ جەختکردنەوە یا (گۆڤەند و ڕەقص وحەلقە )

وەك : ژ حافظ قوتبێ شیرازێ : مەلا فەهم ئەربکی رازێ

ب ئاوازێ نەی و سازێ ببـی بەر چەرخێ پەراوزێ

وەك : تزد من حبه الصفوی به أهل الهوی نشوی

متی ما تلق من تهوی دع الدنیا وأهملها (58)

وەك : ئیرۆ ل عومری خوەی تەلەف بی شاهد و جاما صەدەف

بێ چەنگ وساز و نەی و دەف زانم پەشیمانی مەلا (59)

وەك : دێ بشارەت ژ ئیشارەت ژ نەیێ بینە سەماع

تو ژ نایێ و سەمایێ بکە باوەڕ مەکە بحێ (60)

پەیوەستە تو هەر بانگی مە کی شوبهەتی نەی

بێ یارو مەی و ساز وەکو نایم ئەز (61)

## 5.ئەنجامەکان

_ شیعری سۆفیگەری بنیادێکی زمانیی داخراوی یا نیمچە داخراوی هەیە،بە هۆی بە کاربردنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئیشارەت و ڕەمز وسەرچاوە ڕەمزییەکان ، (نەی) وەکو ڕەمزێکی سەرەکی نوێنەری ڕیتمی غەمگینی و نامۆیی ژیانی مرۆڤە.

_ هزری هەردوو شاعیر و کرۆکی هزرەکەیان لە ناوەوەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە،مەولانا هەموو شتێك دەگێڕێتەوە بۆ خودی ناوەوەی مرۆڤ و(مەلای جزیری)یش سەرچاوەی سەرەکی لە ناخی مرۆڤدا بەدیدەکات، بۆیە هەردووکییان (نەی)یان کردۆتە ئەو ئامراز و ئامێرە گرنگەی دەربڕ و وەرگێڕی ناوەوەو ئاشکراکردنی هەستەکانییان.

_هەردوو شاعیر لە نێو کەشێکی سۆفیگەری دەوردراو بە مۆسیقا و زیکرو سەماعدا لە نێوڕوناکیەکی ئەزەلی تیشکی خوادا بە هاوکاری مۆسیقا ژیاون،هەر ئەو ڕیتمەش بۆتە ئەو ڕێگەیەی ئەوانی بە ناسینی خوا گەیاندووە.

_ نەی هەم وەك مۆسیقا و هەمیش وەك ڕەمزی ئازاری دووری وجیابوونەوە وهەستکردن بە تەنیایی و نامۆبوون وئەو جولە سۆفێتیانەی لەگەڵیدان،ئامرازێك بووە ،ئامرازێك بووە بۆ شکاندنی کۆتەکانی ژیانی ماددی و گەڕانەوە بۆ مەڵبەندی گیان و جوانییە ڕەهاکان کە ئامانجی سەرەکی هەر یەك لە مەولانا و جزیری بوون و بە هۆی دەقە شیعریی وبە پراکتیکردنییان چێژیان لێوەرگرتووە.

_(نەی) هاودەمی هەردوو شاعیر بووە وهەردووکیان بە پایەکانی حیکمەت وڕۆشنی وعیشق وعەدەمدا تێپەڕ بوون و لە هەموو ئەو پایانەدا(نەی)ئامادەیی هەمیشەیی هەبووە ویارمەتی دەربڕینی داون و زمانحاڵییان بووە.

_(نەی) لای مەولانا هەمووە ،بۆیە (نەی )بۆتە کۆد وکلیلی مەسنەوییەکەی ،بەڵام لای مەلای جزیری بابەتێکی سەربەخۆ نییە،هەرچەندە ئەم ڕەمزە بە دەلالەتی هەمەجۆر لە نێو بەشێکی شیعرەکانی جزیری دائامادەیە و تەنانەت لەودیو دەلالەتەکانیش بەدیدەکرێت،هەندێ جار بە پەردەیەکی تەنکی تەمومژاوی حەشاردراوە.

_هەردوو شاعیرەکە لە ڕێگەی (نەی)ەوە گەیشتونەتە ئەودیوی خود،ئەمەش وایکردووە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زمانی شیعری سۆفیگەری و میتافیزیکدا درووست ببێت وناسنامەی نەك تەنیا هۆشیاری بەڵکو ئەودیو هۆشیاریش ببێتە ناونیشانی هەردوو شاعیرەکە ،کە هەردووکییان گەنجینەیەکن بۆ زمانی شیعری سۆفیگەری وفراوانبوونی ئەم فەرهەنگە ،چونکە لە ئەزموونی عیرفانیدا بکەری ئەزموون لە کات و شوێن جودا دەبێتەوە ولەگەڵ ناکات وناشوێنێکی وەسف نەکراودا پەیوەست دەبێت.

## 6.پەراوێزەکان

1. رضا بدیر ، یاسر الشافعي ، آلة الناي ونشأة الموسیقی وتطورها، مطبعة مدبولي ، ط1 ، القاهرة ، 2004 ، ص10 .

2. غسان خروب ، أقدم آلة موسيقية عرفتها البشرية ، الناي أبجدية الحب والشجن ، جريدة البيان ، 18 ديسمبر ، 2011 .

(*) بروانە العهد القديم

(**) دافنيس Dafhnis يا دافنى لە نێو ئەفسانە یۆنانیەكاندا زۆر بەناوبانگ بووە و پەیوەست بووە بە زوحەل

3. رضا بدیر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل86 .

4. فارمر ، تأريخ الموسيقى العربية ، ترجمة: جرجيس فتح الله ، بيروت ، 1972 ، ص421 .

(***) سورنای : وای بۆ دەچم لە دوو بەش پێك هاتبێت (سور + نای) كە (نای) هەر (نەی)ەكەیە و (سور) دەشێ توركی بێت بە واتای ئاهەنگ لە كوردیدا ، بۆتە (زورنا) :(دەهۆڵ و زورنا) بۆیە تەنیا بۆ خۆشی و ئاهەنگ بەكار دەهێنرێت .

(****) (نای نارم) بەلای منەوە هەر (نەی نەرم) ەكەی خۆمانە ، كە هاوبەشە لە نێوان زمانی كوردی و فارسیدا وەسفێكە بۆ جۆری ئاوازەكە

5. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : رضا بدیر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 92 تا 94 ، هەروەها: (منى الشعراني ، تأريخ الموسيقى العربية وآلاتها ، معهد الإنماء العربي .

6. رضا بدیر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل95 .

7. رضا بدیر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 123 .

8. د.سيد جهرمان صفافي ، جلال الدين الرومي ، المثنوي كتاب العشق والسلام ، ترجمة :مصطفى محمود ، مراجعة طارق أبو الحسن ، دار الآفاق ، القاهرة ، 2016 ، ص7

9. ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی ، چاپخانەی عەلا ، بەغدا ، 1979 ، شیعرە كوردییەكە ل31 ، و فارسییەكە ل46 .

10. أحمد بن ملا محمد الزڤنكي ، العقد في شرح ديوان الشيخ الجزري ، الجزء الثاني ،مطبعة الرافدين ، قامشلي ، سوريا، 1959 ص448

(*****) شاب، شابين، شابوه، ناوی(نەی)ین كە لە لایەن (رضا بدیر) لە لیستێكدا كە هەشتاو پێنج 85 ناوی جۆراو جۆری نەی خراوەتە ڕوو ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (رضا بدیر) سەرچاوەی پێشوو ل 313 .

11. جان برتليمي ، بحث في علم الجمال ، أنور عبدالعزيز ، دار نهضة مصر للطباعة والنشر ، القاهرة ، ص602 – 612 .

12. عبدالمجيد زراقط ، الحداثة في النقد الأدبي المعاصر ، ط1 ، دار الحرف العربي ، بيروت ، 1991 ، ص152 .

13. تشارلز تشادويك ، الرمزية ، ترجمة : نسيم إبراهيم ، مصر ، 1992 ، ص10 .

14. سحر رامي ، شعرية النص الصوفي ، الهيئة العامة للكتاب ، القاهرة ، 2005 ، ص55 .

15. آنا بلكيان ، الرمزية دراسة تقويمية ، ترجمة : الطاهر مكي و غادة الحنفي ، دار المعارف ، مصر ، 1995 ، ص19 .

16. ابن نصر عبدالله بن علي بن السراج الطوسي ، اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، بيروت – لبنان ، 2001 ، ص430

17. نيكلسون ، الصوفية في الإسلام ، ترجمة : نورالدين شربية، مكتبة الخانجي، القاهرة ، 1956، ص15 .

18. د.عبدالحكيم خليل سيد أحمد ، الدلالات اللغوية في الثقافة الصوفية ، مجلة حوليات التراث ، العدد 14 ، 2014 ، ص125 ، هامش رقم 18 .

19. د.زينة جليل عبد ، الدلالة في لغة الصوفية ، مركز البحوث والدراسات الإسلامية ، ط1 ، بغداد ، 2011 ، ص262

20. ابن نصر عبدالله بن علي بن السراج الطوسي ، سەرچاوەی پێشوو / ل290 .

21. د.أحمد عادل عبدالمولى ، تجليات الناي في الخطاب الصوفي ، ص3 .

22. سەرچاوەی پێشوو ، ل 7 .

23. نور سلمان ، معالم الرمزية في الشعر الصوفي العربي ، الدائرة العربية بالجامعة الأمريكية ، بيروت ، 1954 ، ص13 .

24. دیوانی نالی ، لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی ، مەلا عەبدولكەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولكەریم ، پێداچوونەوەی : موحەممەدی مەلا كەریم ، چ8 ، انتشارات كردستان، سنە ، 1391 ، ل 91 .

25. سەرچاوەی پێشوو ، ل212

26. دیوانی مەحوی ، لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی:مەلا عەبدولكەریمی مودەریس و محمدی مەلا كەریم، چ2 ، چاپخانەی ئۆفیسی حسام،بەغدا ،1984،ل175.

27. سەرچاوەی پێشوو ، ل178

28. دیوانی صافی هیرانی ، لێكۆڵینەوەو ساغكردنەوەی محمدی ملا مستەفا هیرانی ، چ2 ، كتێبخانەی مەحوی بۆ چاپ وبلاوكردنەوە ، هەولێر ، 2015 ، ل281 – 282 .

29. سەرچاوەی پێشوو ، ل288

30. سەرچاوەی پێشوو ، ل558

31. سەرچاوەی پێشوو

32. سەرچاوەی پێشوو ، ل559

33. سەرچاوەی پێشوو ، ل 560

(*****) لە لێكۆڵینەوەی تایبەتدا وەك پرۆژەی داهاتوو ، بەراووردێكی تێرو تەسەلی نێوان ئەم دوو دەقە دەكەین

34. فرانكلين دی لوئيس ، مولانا ديروز تا امروز ( شرق تا غرب )، ترجمە :حسن لاهوتی ، چاپ سوم ، تهران ، نشر نامك ، 1386 ، ص286 ، 399 ، 400 .

35. ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددین ڕۆمی و سرودی نەی ، ل 16 .

(*) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم دەقە بڕوانە :مثنوي مولانا جلال الدين الرومي ، ترجمه وشرحه و قدم له: د.إبراهيم الدسوقي شيتا ، الكتاب الأول ، مجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ، 1996 .

36. عبدالرحمن الجامي ، نفحات الإنس من حجرات القدس ،تصحيح :مهدى توحيدى پور ، تهران ، 1336ش ، ص27 جامی لە بارەی مەولانا دەڵێ ((پێغەمبەر نەبوو ، بەلام كتێبی بۆ هات ،(یان خاوەن كتێبە) هەمان سەرچاوە ل699 .

37. سعيد بزرگ بيگدل ، حسين على قبادى ، الوعي العرفاني الخاص في الأدب الفارسي مع تأكيد على مثنوي مولوي ، مجلة العلوم الإنسانية ، العدد 12 ، 2005 ، انترنيت

38. وفيق سليطين ، ناي الرومي في لهاة الشعر العربي الحديث ، مجلة دراسات في اللغة العربية وآدابها ،فصلية محكمة ، العدد 1 ، ربيع 2010 ، ص73 .

39. آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ترجمة: عيسى علي العاكوب ، ط1 ، مؤسسة الطباعة والنشر ، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي ، طهران ، 1421ق ، ص87 .

40. پ.د.جیهان ئوقو یوجو ، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، وەرگێرانی : خالید توفیق پێنجوێنی ، چ1 ، چاپخانەی تاران ،2017 ، ل 325 .

(**) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : محمدأمين الدوسكي ، فلسفة العشق الإلهي في الشعر الجزيري ، ط2 ، من منشورات الأكاديمية الكردية ، أربيل ، 2010 ، ص157 حتى 161 .

41. ألما محمد ، نار العشق في جلال الدين الرومي ، مجلة ثقافتنا للدراسات والبحوث ، مجلد (6) ، العدد الثالث والعشرون ، 2010 ، ص181 و 189 .

42. د. محمد على كندي ، في لغة القصيدة الصوفية ، ط1 ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت – لبنان ، 2010 ، ص38 .

(***) کێڵگە دەلالییەکانی مۆسیقا لای مەلای جزیری زۆر فراوانە ، چونکە لەو بڕوایەدام کە مەلای جەزیری زیاتر لە نێو جیهانە مەعنەویەکەدا خەریکی بیستنە ئیلاهیەکان بووە و لە سەمایەکی هەمیشەییدا پەیامەکانی وەرگرتووە ،ئەم کێڵگە دەلالییە زۆر لەوە فراوانترە کە کامران ئیبراهیم مشەختی لە(سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا )، ل 225 – 226 ی بۆ تەرخان کردووە ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

کامران ئیبراهیم مشەختی سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا ، چ1 ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2011 .

43. دیوانا مەلایێ جزیری ، تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1977 ، ل 240 .

44. دیوانا مەلایێ جزیری ، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، چاپا دوێ ، چاپخانەیا خانی ، دهۆك ، 2011 ، ل161 .

45. الرازي: المحصول في علم الأصول ، تحقيق وتعليق : محمد عبدالقادر عطا ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، المجلد الأول ، 1999 ، ص125

46. د.محمد علی کندی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل74 .

47. پ.د.جیهان ئوقو یوجو : سەرچاوەی پێشوو، ل327

48. ألما محمد ، سەرچاوەی پێشوو، ل190

49. ديوان شمس تبريزي ، جلال الدين الرومي ، تحقيق : عزيزالله كاسب ، ط3 ، 1282 ، ص561

50. أحمد بن الملا محمد الزفنگی ، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري ، ص507

51. الما محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل191

52. حەمە سەعید حەسەن ، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، 2017 ، ل183 .

53. موسعەب ئەدهەم ، عیشقنامە ، لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ چەمکی عیشق ، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، چ1 ، سلێمانی ، 2017 .

54. د. علي حسون ، ذخائر الأقوال في مولانا جلال ، دار الرؤية ، ط1 ، دمشق ، 2003 ، ص589 ، هامش رقم 18 .

55. فرح ناز رفعت جو ، العرفان الصوفي عند جلال الدين الرومي ، دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع ، ط1 ، بيروت ، لبنان ، 2008 ، ص122 .

(***) لەم سەرچاوەیە و گەلێ سەرچاوەی تریش ئەم بەرهەمەی مەولانا بە گۆرانی لە قەلەم دەدرێ ، لە کاتێکدا ، سرود شیاوترە

56. سەرچاوەی پێشوو ، ل122 – 123

57. کیتابولمەعاریف ، شەرحی مەسنەوی مەولانا ڕۆمی ،تەسنیفی حەزرەتی مەولانا شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی ، پێشەکی : د.نوری تاڵەبانی ، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (295)، چاپخانەی مێگا ، ئەستەمبۆڵ ، 2014 ، ل58 .

هەروەها بە عەرەبیەکەشی بڕوانە : الشيخ عبدالرحمن الطالباني – خالص ، كتاب المعارف – شرح المثنوي لمولانا جلال الدين الرومي ، تعريب : ملا عبداللطيف باموكي ، مكتبة التفسير للنشر والإعلان ، أربيل ، 2016 ، ص26

(****) چەنگ – جنك – قیسارەی بچوك کە زۆر پەیوەست بووە بە (نەی) وەکو (ڕەبابە) یە نیشانەیەکە بۆ بەیەکگەیشتنێکی گەرم وگوڕ ، قیسارە لە باوەشی مەعشوق دەچەمێتەوە بە پشتە کەوانەکەییەوە ، هەروەها (چەنگ) ئامێری زوهرەیە – ڤینۆس کە هێشتا لە چوارچێوەی وێنەی خوازەیی شیعری دایە سیفەتی خواوەندی خۆشەویستی شەنگ هەڵدەگرێت کە بووە مایەی دابەزینی هەردوو فریشتە – هاروت وماروت – بڕوانە :آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ص463.

58. دیوانا مەلایێ جزیری :تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، ل 29 .

59. سەرچاوەی پێشوو ل48 .

60. سەرچاوەی پێشوو ل103

61. سەرچاوەی پێشوو ل 148 .

## 7.سەرچاوەکان


ئەحمەد تاقانە ، جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی ، چاپخانەی عەلا ، بەغدا ، 1979 .

جیهان ئوقو یوجو (پ.د.)، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ، وەرگێرانی : خالید توفیق پێنجوێنی ، چ1 ، چاپخانەی تاران ،2017 ، .

حەمە سەعید حەسەن ، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، 2017 .

دیوانا مەلای جەزیری ، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی ، چاپا دوێ ، چاپخانەیا خانێ ، دهۆك ، 2011 .

دیوانا مەلای جەزیری ، تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1977 .

دیوانی صافی هیرانی ، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی محمدی ملا مستەفا هیرانی ، چ2 ، کتێبخانەی مەحوی بۆ چاپ وبلاوکردنەوە ، هەولێر ، 2015 .

دیوانی مەحوی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی:مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محمدی مەلا کەریم، چ2 ، ئۆفیسی حسام،بەغدا ،1984.

دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم ، پێداچوونەوەی : موحەممەدی مەلا کەریم ، چ8 ، انتشارات کردستان ، سنە.

کامران ئیبراهیم مشەختی ، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا ، چ1 ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2011 .

کیتابولمەعاریف ، شەرحی مەسنەوی مەولانا ڕۆمی ، تەسنیفی حەزرەتی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی ، پێشەکی : د.نوری تاڵەبانی ، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (295)، چاپخانەی مێگا، ئەستەمبۆڵ ، 2014.

موسعەب ئەدهەم ، عیشقنامە ، لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ چەمکی عیشق ، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما ، چ1 ، سلێمانی ، 2017 .


### 1.7. بە زمانی عەرەبی:


أحمد بن ملا محمد **الزفنكي** ، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزيري ، الجزء الثاني ،مطبعة الرافدي ، قامشلي ، سوريا، 1959 .

أحمد عادل عبدالمولى (د.) ، تجليات الناي في الخطاب الصوفي ،.

ألما محمد ، نار العشق في جلال الدين الرومي ، مجلة ثقافتنا للدراسات والبحوث ، مجلد (6) ، العدد الثالث والعشرون، 2010 .

آنا بلكيان ، الرمزية دراسة تقويمية ، ترجمة : الطاهر مكي و غادة الحنفي ، دار المعارف ، مصر ، 1995 ،

آنا ماري شيميل ، الشمس المنتصرة ، ترجمة: عيسى علي العكوث ، ط1 ، مؤسسة الطباعة والنشر ، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي ، طهران ، 1421ق .

تشارلز تشادويك ، الرمزية ، ترجمة : نسيم إبراهيم ، مصر ، 1992 .

جان برتليمي ، بحث في علم الجمال ، أنور عبدالعزيز ، دار نهضة مصر للطباعة والنشر ، القاهرة .

ديوان شمس تبريزى ، جلال الدين الرومي ، تحقيق : عزيزالله كاسب ، ط3 ، 1282 .

الرازي : المحصول في علم الأصول ، تحقيق وتعليق : محمد عبدالقادر عطا ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، المجلد الأول ، 1999 .

رضا بدير ، ياسر الشافعي ، آلة الناي ونشأة الموسيقى وتطورها، مطبعة مدبولي ، ط1 ، القاهرة ، 2004 .

زينة جليل عبد (د.)، الدلالة في لغة الصوفية ، مركز البحوث والدراسات الإسلامية ، ط1 ، بغداد ، 2011 .

سحر رامي ، شعرية النص الصوفي ، الهيئة العامة للكتاب ، القاهرة ، 2005 .

سعيد بزرط بيطدل ، حسين علي قبادي ، الوعي العرفاني الخاص في الأدب الفارسي مع تأكيد على مثنوي مولوي ، مجلة العلوم الإنسانية ، العدد 12 ، 2005 ، انترنيت .

سيد جهرمان صفائي(د.) ، جلال الدين الرومي ، المثنوي كتاب العشق والسلام ، ترجمة :مصطفى محمود ، مراجعة طارق أبو الحسن ، دار الآفاق ، القاهرة ، 2016 .

الشيخ عبدالرحمن الطالباني – خالص ، كتاب المعارف – شرح المثنوي لمولانا جلال الدين الرومي ، تعريب : ملا عبداللطيف باموكي ، مكتبة التفسير للنشر والإعلان ، أربيل ، 2016

عبدالحكيم خليل سيد أحمد(د.) ، الدلالات اللغوية ، في الثقافة الصوفية ، مجلة حوليات التراث ، العدد 14 ، 2014.

عبدالرحمن الجامي ، نفحات الإنس من حضرات القدس تصحيح :مهدي توحيدي ثور ، تهران ، 1336ش

عبدالله بن علي بن السراج الطوسي(د) ، اللمع في تأريخ التصوف الإسلامي ، دار الكتب العلمية ، ط1 ، بيروت – لبنان ، 2001 .

عبدالمجيد زراقط ، الحداثة في النقد الأدبي المعاصر ، ط1 ، دار الحرف العربي ، بيروت ، 1991 .

علي حسون (د.)، ذخائر الأقوال في مولانا جلال ، دار الرؤية ، ط1 ، دمشق ، 2003 .

غسان خروب ، أقدم آلة موسيقية عرفتها البشرية ، الناي أبجدية الحب والشجرة ، جريدة البيان ، 18 ديسمبر ، 2011 .

فارمر ، تأريخ الموسيقى العربية ، ترجمة: جرجيس فتح الله ، بيروت ، 1972 .

فرانكلين دي لوئيس ، مولانا ديروز تا امروز ( شرق تا غرب )، ترجمة :حسن لاهوتي ، ضاث سوم ، تهران ، نشر نامك ، 1386 .

فرح ناز رفعت جو ، العرفان الصوفي عند جلال الدين الرومي ، دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع ، ط1 ، بيروت ، لبنان ، 2008 .

مثنوي مولانا جلال الدين الرومي ، ترجمه وشرحه و قدم له: د.إبراهيم الدسوقي شيتا ، الكتاب الأول ، مجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة ، 1996 .

محمد علي كندي ( د.) ، في لغة القصيدة الصوفية ، ط1 ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت – لبنان ، 2010 .

محمدأمين الدوسكي ، فلسفة العشق الإلهي في الشعر الجزيري ، ط2 ، من منشورات الأكاديمية الكردية ، أربيل ، 2010 ، .

نور سلمان ، معالم الرمزية في الشعر الصوفي العربي ، الدائرة العربية بالجامعة الأمريكية ، بيروت ، 1954 .

نيكلسون ، الصوفية في الإسلام ، ترجمة : نورالدين شريبة ، مكتبة الخانجي، القاهرة ، 1956 .

وفيق سليطين ، ناي الرومي في لهاة الشعر العربي الحديث ، مجلة دراسات في اللغة العربية وآدابها ، فصلية محكمة ، العدد 1 ، ربيع 2010 .

# رمزية الناي في اطار الشعر الصوفي

## "دراسة مقارنة بين الناي في المثنوي لمولانا جلال الدين الرومى و الناي في الشعر الملا الجزيري"

**الملخص:**

يعد الناى في المثنوي القصيدة الام و يمثل الناي منه الانسان و الانسان يمثل الناي فيه ايضا، اي حياة الناي تشبه تماما حياة الانسان، اذ ان الاشادة بالناي في المثنوي ل جلال الدين الرومي (1273– 1217) يشكل تدريبا روحيا و يتغلغل اعماق الروح، و يعبر عن التجربة الذاتية للمتصرف و يمتلك مساحة واسعة في الشعر الكلاسيكي الكردي، بحيث اصبح الناي رمزا يصل الى القمة و لاسيما في اشعار الملا الجزيري (1631– 1568). للناي كآلة خلفية تاريخية في الحضارات المتنوعة و هو يعبر عن اصل الانسان و حنينه الى هذا الاصل الذي انحدر منه، اي انفصاله عن اصله الذي يحن اليه في كل لحظة، و شعور الانسان بالغربة دائما في الحياة لكونه ابتعد عن منشته الاصلي لذالك يتبوّ الناي منزلة مرموقة في ميدان التصوف و هو احد الرموز المعبرة عن توجهات الشاعرين و هذا ما ادى الى كثرة بروزة و ظهورة في شعرهما، و قد صاحبت آلة الناي الاداء، الغنائي في شكله الديني كما صاحبت الترتيل الصوفية، الامر الذي دفع بنا الى عنونة البحث ب (رمزية الناي في اطار الشعر الصوفي – دراسة مقارنة بين الناي في المثنوي لمولانا جلال الدين الرومى و الناي في الشعر الملا الجزيري) الذي يتكون من ثلاثة محاور هي: (المحور الاول: الناي بين النار العشق و هدوء الطبيعة. المحور الثاني: رزمزية الناي في الشعر الصوفي. المحور الثالث: الناي في فكر مولانا و الملا الجزيري)

**الكلمات الدالة:** الناي، الرمز، جلال الدين الرومي، الملا الجزيري، الغربة.

## The symbolism of the Flute in Sufist Poetry
## "A comparative study ofthe Flutein Alrumi's Mathnawi and Aljiziri's Poetry"

**Abstract:**

The Flute' is the main poem in the Mathnawi. It represents man whose life is similar to that of the flute. Jalal Aldin's Mathnawi is a spiritual training that penetrates to the depth of the soul. It also reflects a sufist's experience and was greatly adopted in Kurdish poetry. This can be seen in the poetry of Mulla Aljiziri. The flute has a history in different civilizations; it refers to the origin of man. It also reflects man's feeling of homesickness. The flute is of significant importance in Sufism and is a frequent symbol in poetry. That is why is used in Sufist religious songs and rituals.

**Keywords**: Flute symbol, jalal Aldin Alromy, Mulla Aljiziri homesickness.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 98–110, Mar.-2018*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەی Kurdistan pressی سویددا

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
راوێژكار لە پەرلەمانی كوردستان (nawzad.ali@hotmail.com)

وەرگرتن:2017/12 پەسەندكرن: 2018/03 بەلاڤكرن: 2018/03 [https://doi.org/10.26436/2018.6.1.554](https://doi.org/10.26436/2018.6.1.554)

**پوختە:**
ئەم بابەتە هەڵوەستە كردنە لەسەر رۆژنامەیەك كە تا ئێستا بە گشتی و لە كوردستانی باشوور توێژینەوە و بابەتی لەبارەوە نەنووسراوە. لەم بابەتەدا لە میانی دوو بەشدا هەر بەشێك بۆ دوو تەوەر دابەش كراوە، تەنیا لە هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەكە دەدوێت. لە بەشی یەكەمدا قسەوباس سەبارەت بە كۆچكردن بۆ دەرەوە و ژیانی پەنابەری و گرنگیدانی رەوەندی كوردستانی بە بواری رۆژنامەگەریی لە سوید و شوێنی رۆژنامەی Kurdistan press لەو مێژووەدا كراوە، هەر لەم بەشەدا وردەكارییەكانی دەرچوون و داخستنی رۆژنامەكە خراوەتەروو. بەشی دووەمی بابەتەكە تەرخانكراوە بۆ هونەری شیعر و هونەری پەخشان لە رۆژنامەكەدا، بۆ هەر یەكێك لە هونەرەكان چەند نموونەیەك نووسراوەتەوە و رەخنە و بەدواداچوونیان بۆ نووسراوە.

**پەیڤێن سەرەكی:** هونەرەكانی ئەدەب، رۆژنامەی Kurdistan press، سوید.

## 1.بێشەكی

### 1.1.دەستپێك:

رۆژنامەی Kurdistan press، دوای رۆژنامەی "كۆمكار" تەمەن درێژترین رۆژنامەی كوردییە كە لە ئەوروپا دەرچووە. دیارە لێرەدا هەر تەنیا مەبەستم لە ساڵ نیە، بەڵكو شێوە و تیراژ و ژمارە بەشێكن لە تەمەنی رۆژنامە، رەنگە لیمیپرسن، ئەوەی ئەوە نیە، فلان گۆڤار، بڵاوكراوە، یاخود رۆژنامە لەو ساڵە تا ئەو ساڵە درێژەی بە دەرچوون داوە، وەڵامی من بۆ ئەوجۆرە لێكدانەوانە پێویستە جیاوازی لەنێوان بڵاوكراوەیەكی بە كۆپی چاپكردن لەگەڵ رۆژنامەیەك بكرێت، كە لە فۆرم و ناوەرۆكدا هەڵگری كاریی رۆژنامەگەرییە.

### 2.1. چی دەربارەی Kurdistan press نووسراوە:

ئەوەندەی بە دواداچوونم بۆ كردووە و زانیاریم هەیە، تا ئێستا بە تیپی لاتینی لە چەند دێرێك بترازێت ئەگەرنا بابەتێكی ورد سەبارەت بە رۆژنامەیKurdistan press نەنووسراوە، لە باشووری كوردستانیش هیچ نووسەر و كتێبخانە و ئەرشیڤخانەیەك گرنگی بە پاراستنی ئەم رۆژنامەیە نەداوە، تەنیا كتێبی "رابەری رۆژنامەگەریی كوردی " لاپەرەیەكی بۆ تەرخانكردوە، بەڵام ئەویش كەموكوڕی تێدایە، نووسیویەتی یەكەمین ژمارەی رۆژی ١٩٨٦/٩/٢٤ دەرچووە. ئەوەی ئەو نووسیویەتی راستە، بەڵام پێش ئەم ژمارەیە، ژمارە " سفر" هەیە رۆژی ١٩٨٦/٩/١٢ دەرچووە، كەواتە " سفر" دەبێت بە یەكەمین ژمارەی رۆژنامەكە. ئەو دەڵێت" تا ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بووە، ئەمەشیان هەڵەیە، دوا ژمارە رۆژی ١٩٩٢/٩/٣٠ دەرچووە. هەروەها ئەو بڵاوكراوەیەی رۆژی ١٩٩٩/٧/٩ بە بۆنەی كۆچی دوایی ئۆرهان كۆتان دەرچووە، بە ژمارەیەكی تری لە قەڵەم داوە، ئەمە هیچ پەیوەندی بە ریزبەندی ژمارەیی رۆژنامەكەوە نیە، تەنیا ناوەلۆگۆی رۆژنامەكەیان خستۆتە سەر رۆژنامەكە، هەروەها زنجیرەی ژمارەشیان بۆ بڵاوكراوەكە دانەناوە، واتە نەیانووسیوە ژمارە ٩٤.

### 3.1. ئامانج:

رۆژنامەگەریی ئێمە لە تاراوگە گەنجینەیەكی دەوڵەمەندە، بەداخەوە تا ئێستا ناوەندێك و دەسەڵاتێك نیە، بە پلان و نەخشەیەكی زانستی ئەو گەنجینەیە كۆبكاتەوە و لە شوێنێك بیانپارێزێت بە ئامانجی لێكۆڵینەوە. ئەم بابەتەی منیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیە، لە گۆشەیەك لە گۆشەكانی رۆژنامەیەك دەدوێم كە شایستە بە هەڵوەستە كردنە. ئامانجی سەرەكیم لێدوان و ناساندن و سەرنجدان لە رۆژنامەیەكی دەوڵەمەندە، بە هەواڵ، راپۆرتەهەواڵ، رێپۆرتاج، دیدار و هەڤپەیڤین، ئەدەب و هونەر، لاپەرەی تایبەت بە منداڵان، وتار بە گشتی و وتار و شیكاریی سیاسی بە تایبەتی. سەرنجدان و لێكۆڵینەوەیە لە هونەرەكانی ئەدەبێك كە لە ئاووهەوای ئازادی ئەوروپا چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

### 4.1.میتۆد:

لە كاری لێكۆڵینەوەدا من لەگەڵ فرەمیتۆدیم، چونكە لەو حاڵەدا توێژەر باشتر مەبەست دەداتە دەست، بەڵام پێویستە ئاراستەیەكی دیاریكراویش هەبێت بۆ پلاندارێژی و وردتر قسەكردن لەسەر پنت و خاڵەكاندا. لەم بابەتەدا زیاتر كارم لەسەر میتۆدی سیاقخوازی

کردووە، چونکە ئەم میتۆدە زیاتر پەیوەستە بە رونگەی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی مێژوویی تێکستەوە.

### 5.1. گرفت:

لەسەردەمی پێشڤەچوونی تەکنۆلۆجیاشدا، تا ئێستاش نەبوونی سەرچاوەی پێویست کێشەی سەرەکی توێژەرەوە. لە کاتێك کە خەریکی سۆراغکردنی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بووم، بە رێککەوت زانیم ژمارەکان دیجیتاڵ کراون خراونەتە سەرنێت، بەڵام بەداخەوە زۆر ناشارەزایانە سکانکراون و ژمارە هەیە بەشێك لە نووسینەکانی ناخوێندرێتەوە و پەرپەوە، هەروەها ژمارەکانیان بە رەش و سپی دابەزاندووە، کە لە ئەسڵدا، چەندان لاپەڕەی رۆژنامەکە رەنگاورەنگە، بە هەر جۆرێك بوو تەواوی ئۆرجیناڵی ژمارەکانم دەستکەوت.

### 6.1. پلان:

بابەتەکە دابەشی دوو بەش کراوە، هەر بەشێکیش بۆ دوو تەوەر. لە بەشی یەکەمدا هەڵوەستە سەبارەت بە کۆچ و ژیانی پەنابەر و گرنگیدانی رەوەندی کوردستانی بە بواری رۆژنامەگەریی لە سوید کراوە، لە تەوەری دووەمدا وردەکارییەکانی دەرچوون و داخستنی رۆژنامەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی باسەکە بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم، دابەشی دوو تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم بۆ هونەری شیعر و تەوەری دووەم بۆ هونەری پەخشان تەرخانکراوە، بۆ هەردوو تەوەرەکە نموونە لە خودی رۆژنامەکە وەرگیراوە و قسە و باسی لەبارەوە کراوە.

پێش کۆتایی.. ئەنجام و راسپاردە نووسراون، ئینجا ناوی سەرچاوەکان هاتووە و کورتەی بابەتەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

## 2. بەشی یەکەم

### 1.2. تەوەری یەکەم: کورد و بواری رۆژنامەگەریی لە سوید

**1.1.2. کورد لە سوید:** بەهۆی بوونی جەردە و رێگرەکانی دەریا، سویدییەکان لە رۆژگارەکانی زوودا ناوی کورد و خاکی کوردستانیان ناسیوە، بەڵام ئەوە نابێت بە سەرەتایەك بۆ کۆچکردنی کورد بۆ ئەو وڵاتە. " کورد ل ئالیا سوێدییان دە ڤە سەد سالا ئین تێن ناسین. ئەم ڤێ یەکێ ب کێمانی ژ فەرهەنگێن سوێدی یێن کو دیرۆکا پەیڤان دیار دکن، فێر دبن. هن پەیڤێن کو ب کورد و کوردستانێ ڤە گرێدایی نە و د زمانێ سوێدی دە تێن ب کار ئانین ل ژێر ئانگۆری سالێن بکارئانینا وان هاتنە رێز کرن:

کورد ( کورد، کەسێن ژ کوردستانێ)، پشتی ١٨٨٠

کوردیسك( کوردی، سفات، تشتێ کوردان گرێدە)، پشتی ١٩١١

کوردیسکا ( زمانێ کوردی) پشتی ١٨٨٣

کوردیسکا ( ژنا کورد)، پشتی ١٩٣١

پێش کۆچکردنی کورد بۆ وڵاتی سوید چەند کوردێك بە مەبەستی کاری دیپلۆماتی سەردانی وڵاتەکەیان کردووە، لەوانە" محەمەد ئەمین زەکی و شەریف پاشای خەندان. بەڵام بەهۆی کردەوەی دەسەڵاتە شۆڤێنی و دیکتاتۆرییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بە ناچاری روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە، یەکێك لەو وڵاتانەش، وڵاتی سوید بووە. کورد بە دوو جۆر رووی لە سوید کردووە، بە تاك و کۆمەڵ. وەك تاك سەرچاوەکان نووسیویانە سەلاحەددین راستگلدی " ١٩٢٧–١٩٨٦" یەکەمین کوردە چۆتە سوید بە مەبەستی خوێندن، بەڵام وەك پەنابەر، سلێمان ئەلکسەندەر لە رووسیاوە رووی لە سوید کردووە و دەبێت بە یەکەمین کورد کە داوای ماڤی پەنابەرێتی کردووە، لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە میرزا سەید یەکەمین کوردە لە سوید داوای ماڤی پەنابەرێتی کردووە و ئەمەش ساڵی ١٨٩٣ بووە.

ئەوەی لە مێژووی کۆچدا گرنگە و پسپۆران کاری زانستی لە بارەوە دەکەن، کۆچی بە کۆمەڵە، بۆ کوردیش لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و چەکداری ژیانی سەختر بووە و داگیرکەران بە جۆرەها شێوەیە کوردیان چەوساندەوە، ئەمە هۆکارە هەرە دیارە بۆ کۆچکردن و هەڵبژاردنی ژیانی ناچاریی پەنابەریی.

لەگەڵ کودەتاکەی ساڵی ١٩٧١ لە تورکیا چەندان کورد روویان لە سوید کردووە، ئەگەرچی دوای دەرچوونی بڕیاری لێبووردن لە لایەن تورکیاوە، چەند کەسێکیان گەڕانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان مانەوە و نەگەڕانەوە. حاڵەتی کۆچی کورد لە پارچەکانی تریش بە هەمان شێوە بووە، لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٧٥، لە باکووری کوردستان ساڵی ١٩٨٠، رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ١٩٨٠، دیسان باشووری کوردستان لە ١٩٨٨، ١٩٩٦، رۆژئاوای کوردستان لە ٢٠١١ تا ئێستا.

دوای ئەوەی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو کۆمیتەی سویدی– کوردی درووست دەکرێت و حزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەست بە کاریی رێکخراوەیی دەکەن بە مەبەستی رێکخراوبوونییان، ئەو حزبانە وەك سێبەر، کۆمەڵە و رێکخراوی پیشەییان درووست کردووە، یەکێك لەو رێکخراوانە کۆمەڵەی گەلی کوردستان بووە. ئەو رێکخراوانە دەستیان بە کارو چالاکی کردووە، بە تایبەتیش لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییە کورد و کوردستانییەکاندا .

### 2.1.2. کورتەیەك سەبارەت رۆژنامەگەریی کوردی لە سوید:

کەمی ژمارەی کورد لە سوید کاریگەریی هەبووە لەسەر بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لەو وڵاتەدا، ئەگەر پێش شکستی بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستانی ١٩٧٥ و کۆدێتای میلیتاریی لە باکووری کوردستانی١٩٨٠، هەر بەرهەمێکی رۆژنامەگەریی هەبووبێت ئەوە تەنیا بریتی بووە لە کۆپیکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتەی

کە لە پارچەکانی کوردستان بە نهێنی چاپ و بڵاودەکرانەوە. بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ و بە زیادبوونی ژمارەی کورد لەو وڵاتەدا، دەستکراوە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و رۆژنامە بە تایبەتیش لەسەر دەستی حزب و رێکخراوە سیاسی و چەند کۆمەڵەیەکی پیشەییدا بۆ نموونە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا، ئۆرگانەکەیان کە ناوی " ئاسۆ" بوو لە شاری ئۆپسالا ساڵی ١٩٧٦ چاپ و بڵاوکردەوە. بەڵام لە ١٩٨٠– ١٩٩٠ بزاڤێکی دیاری رۆژنامەگەریی کوردی لەو وڵاتەدا دەبینرێت و چەندان رۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە دەرچوونە، ئەمەش ناوی چەند بڵاوکراوە، رۆژنامە و گۆڤارێکە:

ئاسۆ١٩٧٦، ئارمانج١٩٧٩، ئاریە١٩٨٥، ئاشتی١٩٨٣، ئاڵا١٩٨٦، ئەرکی نوێ١٩٨٧، الاتحاد١٩٨١، ئێسۆت١٩٨٥، بەربانگ١٩٨٢، بەربانگێ ١٩٨٤، بەرگەه ١٩٨٩، بەرهەم ١٩٨٧، بلاڤۆك ١٩٧٩، بولتنا کۆمکار ١٩٧٩، پیا ١٩٨٨، پێشرەو ١٩٨٤، پێشڕەو ١٩٨٤، تەڤگەر ١٩٨٩، تریسکە ١٩٨٢، چوارچرا ١٩٨٦، خەرمانە ١٩٩١، خبرنامە کوردستان ١٩٧٩، خوێندکاری کورد ١٩٧٩، دەنگ ١٩٨٥، دەنگی یانە ١٩٨٩، دێموکرات ١٩٨٨، دیدار ١٩٩١، دیمانە ١٩٩١، رابوون ١٩٩١، راپەرین ١٩٧٨، راستی ١٩٨٦، رزگاریا کوردستان ١٩٧٨، راستی ١٩٨٨، رووناکبیری ١٩٩٢، رۆژانوو ١٩٧٨، رۆژنامەی بێگانان، رێناسی ١٩٨٤، زازایستان ١٩٩١، زەنگڵ ١٩٨٥، ژ نیو تایم ١٩٧٨، سەردەمی نوێ ١٩٨٦، سەرهلدان ١٩٩١، ستێرکا ١٩٧٧، سەوت شەبیبە کوردستانیە ١٩٩٠، شانۆ ١٩٨٦، کورد ١٩٩٠، کوردستان ١٩٧٥، کوردستان ١٩٩٢، کوردستان پرێس ١٩٨٦، کوردستان ١٩٨٨، کولیلك ١٩٨٠، کۆچەر ١٩٨٨، کۆمار ١٩٩٠، گۆڤاری کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان ١٩٨٨، لە دایك بوون ١٩٨٧، مامۆستای کورد ١٩٨٥، مۆسیك و هونەر ١٩٨٨، میرکوت ١٩٨٥، نەورۆز ١٩٨٦، نوودەم ١٩٩٢، نووسەر ١٩٩٠، نیشتیمان ١٩٨٣، نیو پێشمەرگە ١٩٨٣، وان ١٩٩٢، هەلەبجە ١٩٨٨، هێڤی ١٩٨١، هەڤیا گەل ١٩٨٦، هێلین ١٩٨٢

**3.1.2. ئەزموونی تر:** رۆژنامەی Kurdistan press، تاکە رۆژنامەی کوردی نیە، کە لە وڵاتی سوید بە زمانی تر دەرچووبێت. کادر، چالاکوان، سیاسەتمەدارەکانی باکووری کوردستان، چ لە ناوەوەی وڵات، چ لە تاراوگە هەر کارێکی راگەیاندنیان پێشکەش کردبێت ئەگەر تەواوی بەرهەمەکە بە زمانی تورکی نەبێت، ئەوە بەشێکی هەرەزۆری بۆ زمانی تورکی تەرخان کراوە، ئەمەش پشتیوانی نیە لە سیاسەتی پانتورك، بەڵکو دەیانەوێت زۆرترین کەس لە ئامانج و پەیامەکەیان تێبگات، کە وەك دەزانرێت، تا بە ئەمڕۆش دەگات خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەیە.

لە کاری راگەیاندن پاراستنی زمانی نەتەوە و پەرەپێدانی کاری لە پێشینەی دامودەزگاکەیە، بەڵام خاڵێکی سەرەکیش هەیە بریتییە لە گەیاندنی پەیام و چۆنیەتی حاڵیبوون و لێکحاڵیبوون. لەو رووەوە خەباتکەرانی کورد روویان لە دوو رێگا کردووە، بە زمانی کوردی ئەدەبیاتی خۆیان بڵاوکردۆتەوە و بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافیا زمانەکانی تریشیان فەرامۆش نەکردووە. لێرەدا تەنیا وەك نموونە ناوی چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێك دەهێنم کە کوردین، بەڵام بە زمانی سویدی بابەتیان بڵاوکردۆتەوە:

NYHETSBLAD FRAN KURDISTAN , Information om Kurdistan, KURDISTAN BULLETINE, SVENSK-KURDISK JOURNAL, KURDISTAN BULLETIN, Kurdernas vanner, Kurder i Spanga , KURDISTAN, KURDISTAN RAPORT, ROJA KURDISTAN, KURDISTANS SOL, Kurdisk kvinnobulletin JIN, Renasi ,SLAGBORREN, SVART VITT, Kurdistan info, KurdernasVanner, BUDSKAP, AVESTADidar, SOSYALDEMOKRATKURDISTAN, REVIEW, Nor , JINDAN, ARARAT .....

## 2.2.تەوەری دووەم: کوردستان پرێس Kurdistan press: دەرچوون و داخستن!

**1.2.2. دەرچوونی Kurdistan press:** ئەگەر وەك رێباز و ئامانج و ئاڕاستەی ئیشکردن سەیری ئەم رۆژنامەیە بکەین، رۆژنامەیەکی کوردییە، بە زمانی کوردی " پیتی لاتینی" و بە زمانی تورکی دەرچووە، تەنیا چەند بابەتێکی بە پیتی ئارامی بڵاوکردۆتەوە" رۆژناما کوردستان پرێس د مەها ئیلۆنا ١٩٨٦ ئان دە وەك رۆژنامەکی ب کوردی و ترکی و ١٥ رۆژین دەست ب وەشانا خوە کر. ژ بەر پرۆبلەمێن ئەکۆنۆمیك و رەداکسیۆنەل د ئیلۆنا ١٩٩٢ ئان دە وەشانا خوە دا راوەستاندن " لە ژمارە سفردا ئەم ئەدرێسە لە سەر رۆژنامەکەدا نووسراوە Sundbyberg Sweden سوندبێری ناوی گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، ئەو ئەدرێسە بەردەوام لەسەر ژمارەکان دووبارە بۆتەوە" کوردستان پرێس ل پایتەختا سوەدێ ل ستۆکهۆلم هات وەشاندن. د وەلاتێن ئەوروپی و چار پارچەیێن کوردستانێ دە هات بەلاوکرن".... وەك بڵاویان کردۆتەوە، سەرەتا تیراژەکەی بریتی بووە لە ١٥٠٠٠ هەزار دانە، بەڵام بەهۆی کێشەی دارایی نەبوونی ئیشتراکات تیراژەکەی کراوەتە ٣٠٠٠ هەزار دانە. سەرنووسەرکەی " رێداکتۆر" ئۆرهان کۆتان بووە و ئەمانەش لە دەستەی نووسەران بوون" ئابت گورسەس، جەیهون ئارسلان. لەگەڵ چەند کەسێکی تر هاوکاریان کردوون، بەڵام چەندان نووسەر هەم نووسینیان لە رۆژنامەکەدا بڵاوکردۆتەوە، هەم کاریان تێداکردووە.

**2.2.2. ئەوانەی بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە:** ئەمانە ناوی بەشێك لەو نووسەر و رۆژنامەنووس و ئەدیبانەن، کە بەرهەمیان لە

ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردۆتەوە. بۆ ناوی چەند نووسەرێك و ساغکردنەوەی ناوەکەی سوودم کە ماڵپەڕی ئەرشیڤی ڕۆژنامەکە بینووە .

ناوەکان" ئۆرهان کۆتان (ن. بۆرا)، ئابت گورسەس (ا. فەڤز)، جەیهون ئارسلان (چ. چەکۆ)، موفت کۆتان (ب. سەردار)، شەفك دوندار، فەلەکەددن کاکای، دەروێش م. فەرهۆ، یۆرگۆ باجا، نهات بەهرام، کرڤە کالەندەر، تێموریێ خەلل مورادۆڤ، پەرڤن جەمل، بێکەس، م. تایفون (مالمسانژ)، ئۆمەر شێخمووس ، ئارف وزسەرن، شەرافەتتن کایا، شاهنیێ بەکریێ سورەکل، جەلال ئایدن، فەخرەدن گەردی، روشەن ئارسلان، مەحفوز مایی، بارەش باتتیێ، ئال بوجاك، م. سەلام فرات، ا. دکل، لۆقمان پۆلات، فرات جەوەر، برندار، مەحمود لەوەندی، شۆرەش زیرەك، هەسەنیێ مەتیێ، ئیلهام جان، شەرەفخان جزیری، پاشا ئۆزون (خۆرتۆ)، باڤیێ نازیێ، جوان هەققی (د. فەندی)، ئاهمەت مەك (ا. تگرس)، ئوسۆ....هتد

3.2.2 **فۆڕم**: لەباری شێوەدا، ئەگەر دیزاین و پەیکەری ڕۆژنامەکە، بە دیزاین و چاپ و قەبارەی ڕۆژنامەکانی ئەویێ ڕۆژێی وڵاتی سوید بەراورد بکەین، تا ئاستێك خۆی لە باڵای ئەوان دەدات.

لە قەبارەدا تابلۆئیدە" نیو بەتاڵ"، ئەو قەبارەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست وەك مۆدێلێك زۆرترین پانتایی لە ڕۆژنامەگەریی ئەوروپی بۆ خۆی بردووە، لەم سەدەیەشدا زیاتر بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتیش دوای هەنگاوە خێراییەکانی مێدیای نویێ. بۆ نموونە هەر سیێ ڕۆژنامەی بەناوبانگ و خاوەن پێگە " داگیزنیهێتەر"، " ئافتۆنبلادێت"، " ئێکسپرێسن" بە هەمان قەبارە چاپ دەکرێن.

Kurdistan press زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە و هێلکاریی و کاریکاتێر داوە، بە شێوەیەکی ورد و زەلیقەیەکی زیرەك وێنەی داناوە، وەك کارێکی یاسایی و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەگەریی وێنەیەکی بڵاونەکردۆتەوە، ئەگەر خاوەنی وێنەکە دیار نەبێت! Kurdistan press" د دەستپێکیێ دە د ١٥ ڕۆژان دە جارەکە ب ١٦ رووپەلان، پشتی هەژمارا ٤١" ئان ب هەفتەیی ١٢ رووپەل هات وەشاندن. پشتی هەژمارا ٧٤" ئان پیێ دە دیسا بوو ١٥ ڕۆژین، هەژمارا رووپەلێن ویێ بوون ١٦. لیێ گەلەك هەژمارێن ویێ ٢٠–٢٤ رووپەل ژی هات وەشاندن "

لاپەڕەی پێشەوە و دوالاپەڕە ڕەنگاورەنگە، وەك هەر ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتوو لەباری دابەشکردنی ڕەنگ و مانشێتی سەرنجڕاکێشەردا بەراورد بە لاپەڕەکانی تر، ئەم دوو لاپەڕەیە زیاتر گرنگی پێدراوە.

4.2.2. **ئابووری ڕۆژنامەکە**: ئەوان نووسیویانە لەگەڵ لە دایکبوونی ڕۆژنامەکە، ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بۆتەوە، تەنیا سەد و دە هەزار کرۆنی سویدیان هەبووە" پارەیێن کو ژ فرۆتنا کوردستان پرەسسیێ دهات، ژ سەدی بیستیێ (٪ ٢٠) مەسرەڤێ دەرنەدخست. رزگاری ژی ئالکارییا ماددی دکر لیێ ژ بۆ فنانسەکرنا ڕۆژنامەکی نە بەس بوو. کولتورۆدەت (دەزگەهەك رەسمیا سوەدەیە) کو ئالکاریا هەمو خەباتێن کولتوری دکرن، ئالیکاری ددا کوردستان پرەسسیێ ژی. وەکیێ دن وەقفەکی ئالمان کو ئالکاریا خەباتێن ملەتێن بندەست دکرن نێزیکە ٣٠٠ هەزار مارکیێ ئالمانی ئالکار دا کوردستان پرەسسیێ. هەروەها کارسازەك کورد ٢٠٠ هەزار مارکیێ ئالمانی ئالکار دا کوردستان پرەسس " بەڵام هەوڵ بەردەوام بووە بۆ کۆمەککردن بە ڕۆژنامەکە بۆ نموونە لە شارەکانی لەندەن، بەرلین و ستکهۆڵم شەوئاهەنگ ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ڕۆژنامەکە، هەروەها سوودیان لەو کۆمەکانەش وەرگرتووە کە حکومەتی سوید لە چەند دامودەزگایەکدا بە بوارەکانی چاپەمەنی دەدا. یەکێك لەو هەوڵانەی دران و ڕەزامەندی بۆ وەرگیرا دەزگای سیدای سویدی بوو، کە دەزگایەکی بەناوبەنگی کۆمەکە لە سوید، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کێشە لەنێوان ئۆرهان کۆتان و مەحمود باکسی دەزگای ناوبراو کۆمەکەکەی بۆ Kurdistan press ڕاگرت، ئێتر ژمارە ٩٣ بوو بە دوا ژمارە. ئەگەرچی" بە دوای کۆچی دوایی ئۆرهان کۆتان ژمارەیەکی دیکەی تایبەتی Kurdistan press لە ساڵیادی خاوەنەکەی لە مانگی ٧–١٩٩٩ بە ٥٢ لاپەڕە و لە شێوەی گۆڤار دەرچووە و بنەماڵەکەی و هاوڕێکانی ئەم ژمارە تایبەتییەیان ئامادەکردووە. هەمووی تایبەتە بە ژیان و کارەکانی ئۆرهان کۆتان و وێنەکانی ڕێورەسمی ناشتنی ".

5.2.2. ANK **چییە**؟ لەسەر ڕووپەڕی ژمارەکانی Kurdistan press ئەو سیێ پیتە ANK نووسراوە، لە چەند ژمارەیەکدا بەم شێوەیە باس لەو سیێ پیتە کراوە، واتە: ئاژانسا نوچەیا کورد" ئاژانسا نوچەیا کورد چاڤ، گوه و زمانیێ تەڤگەرا رزگاریا نەتەوی و جڤاکیا وەلاتیێ مە یە. تشتێن تە بهیست بگهینە ANK. ANK جارە یەکەمینە کو بوویە ناڤەندا نووچەیا کوردا. ANK سازوومانەکی ژ یا تێکۆشینا رزگاریا نەتەوی و جڤاکیا مە یە. ANK یا مە هەموویان یە. کەواتە ئەو ئاژانسە سەرچاوەی سەرەکی ڕۆژنامەکە بووە و هەوڵێك هەبووە بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی هەواڵ، لە شێوەی ئەو ئاژانسانەی کە وڵات و نەتەوەکان دایانمەزراندووە بە مەبەستی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس.

6.2.2.**ئەدەب و هونەر لە ڕۆژنامەکەدا**: لە ژمارە شەشەوە ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندووە کە لاپەڕەی تایبەت بە ئەدەبیات دەکاتەوە و داوا لە نووسەران دەکات بەرهەم و نووسینەکانی خۆیان بۆ ئەدرێسی ڕۆژنامەکە بنێرن:" ڕۆژنامەیا مە ب ڤیێ هەژمارێڤە روپەلا ئەدەبیات، هونەر و چاند ڤە کرییە. نڤیسکار، خوێندەڤان و هونەرمەندێن کورد دکارن بەرهەمێن خوە ئێن هەلبەست، چیرۆك، کورتە چیرۆك، کریتیکا ئەدەبی، و هود بۆ ڕۆژنامەییێ بشێینن. ئەم ل بەندا بەرهەمێن وە نە.. هون دکارن بەرهەمێن خوە سەر ناڤنیشانا ژێرین بشێینن "

KURDISTAN PRESS

Edebiyat huner u cand
BOX 7080
Sundbyberg/ Seden 07 172

7.2.2. **هونەرەکانی ئەدەب چین؟** ئەدەب و هونەر دوانەی یەکترن، وەك دوو دیاردەی دیالیکتیکی یەکتر تەواو دەکەن، هەر بۆیە بۆچوونێك هەیە کە ئەدەب بە یەکێك لە پێنج هونەرە جوانەکە پۆلێن دەکات، ئەو ئەدەبەش لە هونەرەکانی سەما، وێنەکێشان، مۆسیقا و پەیکەرتاشی دادەبرێت و وەك هونەرێکی تر ئەژماری دەکات و محەمەد حەسەنین هەیکەل روونتر بەیانی رای خۆی دەکات و دەنووسێت:" ئەدەب هونەرێکی جوانە ". بۆچوونەکان زۆربەی هەرەزۆریان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەب دابەشی دوو جۆر دەکەن" لە هەموو زمانەکانی جیهان دا بە کۆن و تازەوە، ئەدەب دابەشی دوو هونەری گەورە کراوە، بریتین لە پەخشان و شیعر " لێرەدا خاڵە جیاوازەکانی نێوان پەخشان و شیعر دەنووسین کە گەڵاڵەبووی بۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆر و نووسەر و ئەدیبە

١- لە هەڵبەستدا کێش و ترپە هەیە، بەڵام لە پەخشاندا هەر ترپە هەیە.

٢- زمان لە پەخشاندا زمانی شیکردنەوەیە ( تحلیلی)یە، بەڵام لە هەڵبەستدا تێك بەستییە( ترکیبی)یە، چونکە هەڵبەست کە ئەنجامی هەڵچوونی هەست و سۆزی دەروونی مرۆڤە پێویستی بە چڕی دەربڕین و کورت بڕی هەیە، بەڵام پەخشان بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش پێویستی بە شیکردنەوە هەیە.

٣- هەڵبەست زمانی هەست و سۆزە، پەخشان زمانی ژیرییە.

٤- هەڵبەست نامێنێ ئەگەر وشەکانی و شێوازی نەمان، بەڵام پەخشان ئەگەر وشەکانیشی نەمان و هی تریان جێ ماناکەی هەر دەمێنێ، چونکە شوێنی وشە لە رستەی شیعری دا لە پەخشان جیایە.

٥- هەر لە رووکاری دەرەوەدا، لە باری پێکهاتەدا پەخشان و شیعر لە یەکتر جیاوازن.

## 3.بەشی دووەم

### 1.3.تەوەری یەکەم: هونەری شیعر:

1.1.3. **دەستپێك:** وەك جۆر، ئەکادیمییەکان شیعریان بەسەر چوار جۆر دابەشکردووە" ویژدانی، مەلحەمی، درامی، فێرکردن. هەر یەکێك لەم جۆرانە هەڵگری خاسیەت و پێناسەی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەر لەباری ناوەڕۆکدا ئاماژە بە شیعری ویژدانی بدەین ئەوە ناکرێت ئەم ناوانە فەرامۆش بکرێن" شانازی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، وەسف، نیشتمانی، سیاسی.. هتد. دوای درووستبوونی حزب و رێکخراوی سیاسی کوردی بە تایبەتیش دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو شیعری حزبیش چۆتە نێو ئەو چوارچێوەیە. بەڵام شیعری مەلحەمی، پەیوەستە بە سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی لە رۆژگاری یۆنانی و رۆمانییەکاندا، ئەوسا شیعری مەلحەمی دەقێکی چیرۆك ئامێز بووە و سەرگوزشتەیەکی رووداوی گێڕاوەتەوە، کە بە ژیان بەستراوبووەوە . جۆرێکی تر شیعری درامییە، ئەو هونەرە لەلای یۆنانییەکان بۆ تراژیدیا و کۆمیدیا دابەشکراوە، سەرەتای ئەو هونەرە زیاتر پەیوەندی بە بۆنە و تەقسە ئاینییەکانەوە هەبووە. جۆری چوارەم شیعری فێرکردنە" بریتین لەو هۆنراوانەی کە ئامانجیان فێرکردنە بۆیە لە دووتوێیاندا پەندو ئامۆژگاری و هەواڵ و زانیاری بەدی دەکرێ ".

ناکرێت شیعر لە خەیاڵ دابڕین و رووتی بکەینەوە، خەیاڵ رەگەزی سەرەکی شیعرە و ئەو رەگەزەش گەوهەری جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانە، بەڵام خەیاڵدانی شاعیر لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت، لە کاتێکدا ئەگەر رۆشنبیریی و خوێندنەوە پەراوێز بخرێت.

2.1.3. **لە رۆژنامەکەدا:** بە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی تەواوی ژمارەکانی رۆژنامەیKurdistan press وەك هەر رۆژنامە و گۆڤارێکی تری کوردی، فەزای ئەو لاپەرانەی بۆ بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی ئەدەب تەرخانی کردووە زیاتر شیعر بۆ خۆی بردووە. بۆ ئەو چوار جۆرە ناوبراوەی شیعر، تا چەند رۆژنامەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەیان داوە، جۆری یەکەم واتە شیعری ویژدانی بە پلەی یەکەم دێت کە پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام دوو جۆرەکەی تر شیعری مەلحەمی و درامی دەقێك نیە بچێتە ئەو چوارچێوەیە. بۆ شیعری فێرکردنیش رۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا نزیکەی ژمارە پەنجا لاپەڕەیەکی تایبەتی بە منداڵان کردۆتەوە بەناوی " ژیر" لەو لاپەڕەیەدا، وێنەی منداڵان، شیعر و چیرۆك و بابەتی تری تایبەت بەو جیهانە بڵاوکردۆتەوە. لە میانی لاپەرەکەدا چەند شیعرێك بۆ منداڵان بڵاوکراونەتەوە دەچنە خانەی ناساندن و فێرکردن"

راخەرێ وان گولێ چیچەك
فررەندێ تێ لەك ب لەك
هاڤینێ ئەم دچن وان
تەڤی پەز و کۆچ و جان
دەرباز دکن رۆژێن گەش
ل سەر وێ نەفەلا خوەش
دلیزن و دبەزن
هەیانی کۆچ داکەڤن
دەما چیا دبن سار
کولا دلێ من زۆزان
خاسما ل ناڤ کوردستان

ئەو شیعرانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دوو جۆرن، جۆرێکیان شیعری بڵاوکراوەی نێو دیوانی شاعیرەکانن و ستاڤ

رۆژنامەکە جارێکی تر بڵاویکردوونەتەوە، بە تایبەتیش شیعری کۆمەڵێك شاعیری سنووری کرمانجی خواروو" سۆرانی" پیتەکانی بۆ لاتینی گۆڕیون و بڵاویکردوونەتەوە، ئەم هەنگاوە شایستە بە پێزانین و دەستخۆشییە لە پێناوی ناساندن و دانەبڕانی مێژووی شیعر لە تەواوی کوردستان و دەرەوەدا، بەڵام بەداخەوە لە کاتی گۆڕینی چەند پیتێکدا، لە چەند دەقێکدا سەرکەوتوونین. جۆری دووەم ئەو دەقانەن لە لایەن خودی شاعیرەوە بۆ رۆژنامەکە نێردراون بە مەبەستی بڵاوکردنەوە.

لێرەدا نموونەیەك وەردەگرین کە ستافی رۆژنامەکە سەرکەوتوو نەبووە لە کاتی گۆڕینی پیتەکاندا. بۆ نموونە ئەگەر ئەم شیعرەی " هێمن" بەراورد بکەین بە روونی دیارە کە لە کاتی گۆڕینی پیتەکاندا بۆ لاتینی واتای چەند وشەیەك تێکچووە:

رقی پیرۆز، شیعری هێمن:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە رق ئەستوورترم

لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا رەواکەم سوورترم

دەمکوژێ ئەمما بە گژ جەللادەکەم دا دێمەوە

کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

Rigi Piroz
Dem gire Emma le girt u xane rig esturtirm
Lem deda emma le ser dawa rewakem surtirim
Dem koje emma le kij celladekem da demewe
Kirdum u natwemewe natwemewe natwemewe

لە جیاتی پیتیQ پیتی G داندراوە، هەروەها وایانزانیوە emma ناوە پیتی یەکەمیان بە گەورە نووسیوە. هەروەها کۆمەڵێك هەڵەی زەقی تریشی تێدایە!

ئەو دەقە شیعرانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی هەرە زۆریان بەشێکن لە هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر دەرهەق بە کێشەی نەتەوە و نیشتمان و خەباتی کوردایەتی و رەفتاری نامرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان:

سترانەك بۆ هەڵەبجە، شیعری م مایی" شیعرێکی درێژە و یەك لاپەڕەی رۆژنامەکەی بۆ تەرخانکراوە، شاعیر خەڵکی دەڤەری بادینانە، بەڵام ئەم شیعرەی بە شێوەزاری سۆرانی نووسیوە:

لۆلۆ مامۆ

هەر لەوێ بوو

بیستم دەنگی چەمی " سیروان "

هەر شەپۆلی ئاوازێکە

لەسەر ژێی کەمانچەی " کارزان "

بۆ من و بەهار و شیعر

هەر دەژەنی، هەر دەژەنی

هەزار حەیران و ستران

رۆژنامەکە چەندان دەقی شیعری بۆ هەڵەبجە بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا دەقێکی تر وەردەگرین کە شیعری" ژ شەهیدێن هەلەبچە رە"یە لە نووسینی شاعیر" ئەسکەرێ بۆیك

هاوارە خوەدێ، ئەڤ چی ئادارە

ئەڤ چ بەهارە، ئاگر دبارە

دشەوتن گوند، ئۆبەو باژار

باهار ژی سووجلوو دکە زارەزار

شیعرەکە١٣ بەشە و یەك لاپەڕەی رۆژنامەکەی بۆ تەرخانکراوە، هەم وەك زمان، هەم وەك شیعر و شیعرییەت پڕە لە گوزارە، وێنە، رستەی شیعریی.

هەروەها لە هەمان ژمارەدا رۆژنامەکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شاعیر کردووە، لە ژیانی ئەدەبی خۆی و ئەدەبی کوردی دەوێت، ئەم مانشێتەیان بۆ چاوپێکەوتنەکەی هەڵبژاردووە:" نڤیسکارێن کورد ل کو دەرێ ژی بژین، بافرینن ئەو دەنگبێژێن گەلێ کوردن"

لەو دوو شیعرەی سەرەوەدا هەست بە رەگ و هەناسەی درامی لە شیعرەکاندا دەکرێت، بەڵام ناتوانین وەك دوو شیعری درامی پۆلێنیان بکەین.

لە تەواوی ژمارەکانیKurdistan press دا، نزیکەی ١٤٧ دەقی شیعری بە هەردوو زمانەکە تورکی و کوردی بڵاوکراونەتەوە، تورکییەکان زیاتر بۆ ناساندنی ئەدەبیاتی کوردییە بە تورك و تورکزمانەکان، بۆ نموونە لە میانی ژمارەکانیدا چەندا لاپەڕەیان بۆ هەژاری شاعیر تەرخانکردووە. لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چاندی رووبەری هەرە زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر بە زمانی کوردی تەرخانکراوە، شیعری شاعیرانی هەردوو چوار بەشەکەی کوردستان، بە رووسیاشەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەوان هەڵوەستەیەکی دیاریان لەبەردەم شیعرەکانی جگەر خوێن و ئۆسمان سەبری کردووە. ئەمە و ئەم کورتە شیعرەی شێرکۆ بێکەس- یشیان بڵاوکردۆتەوە، شیعرەکە ناوی " قەڵەم"ە"

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت

هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ

نەیانزانی

رووی لە کوێ کرد

چونکە ویستیان دایبدەن و

خۆی بە خۆی

بکوژێننەوە

چونکە ویستیان وا بنووسێ

هەر بە تەنیا

سوڵتانەکان

بیخوێننەوە!

شایانی باسە لە دامێنی ئەم شیعرەدا فەرهەنگۆکەك بۆ شیعرەکە کراوە و هاوواتای چەند وشەیەك بە کرمانجی نووسراوە. ئەگەر شیعری فێرکردن وەك جۆرێك لە جۆرەکانی شیعر ئەمڕۆ هێزی خۆی لە دەست دابێت، بەڵام تا دێت شیعری ویژدانی رەگوریشەی خۆی باشتر و تۆکمەتر لەنێو مێژووی شیعری ئەمڕۆی کوردیدا دادەکوتێت. شاعیری کورد ئەگەر شیعری قارەمانێتیش بنووسێت ناتوانێت دەستبەرداری ویژدان بێت، ئەم شیعرەی سەبری بۆتانی هەست بزوێن و دڵڕفێنە:

شەپالا وەك گۆلا گەش

ئەز خۆلاما چاڤێن گەش

م دەست هاڤێت دەستێ وێ

خۆ هاڤێتە بەختێ وێ

ئەز دەمێ چومە دەستا

ئاڤا هیزل راوەستا

یاخود لەم چوار دێڕەشدا چەند جوان باس لە دۆخی کورد و ژیانی کوردەواری دەکات:

مۆزیك چەك و چەپەرە

شەڤ و رۆژ هەرە وەرە

کارێ مە کوردە ئەڤە

خەبات و کەیف و شەڕە

Kurdistan press لە چەندان ژمارەدا، لاپەڕەیەك، یاخود زیاتری بەناوی" دەنگێن نوو" کردۆتەوە، بەرهەمەکانی هی ئەو نووسەرانەن تازە دەست بە نووسین دەکەن، یاخود تا ئەو کاتە بەهۆی کەم بڵاوکردنەوە نەناسراو بوون، ئەو بەرهەمانەی لە لاپەڕەکانی دەنگێن نوو بڵاوکراونەتەوە، بە پلەی یەکەم شیعرن بە پلەی دووەم چیرۆکن! ئەمەش نموونەیەکە، لەو شیعرانەی لەو لاپەڕەیەدا بڵاوبۆتەوە: پرس، شیعری ئەحمەد حوسەینی"

زڤستان گەرمە

بینا مرنێ

ژ بارانێ تە

ئەورەك پرس

وێ نێزیك ببارە

ژ بەر! !

دلێ من

ب خوەدێ نکارە

ئەمەو رۆژنامەکە گرنگییەکی دیاری بە بواری وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی داوە، بۆ نموونە لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە وەرگێڕدراون و لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دوو بەرهەمی ناوازەن، بەرهەمی یەکەم شانۆگەری" زمانی چیا"، ئەویتر شیعری ٣٣ گوللەی شاعیری کوردی بە تورکینووس ئەحمەد عارف– ە،

ئەو چیا چیایێ مەنگەنەیێ یە

دەما ل وانێ رۆژ داڤێ

ئەڤ چیا زارۆکێ نەمرودێ یە

دەما ل هەمبەر نەمرودێ رۆژ داڤێ

سەرەڕای ئەو شیعرانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان، چەندان شیعری تر لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە دەتوانرێت، دەیان لێکۆڵینەوەو وتاری رەخنەییان لەبارەوە بنووسرێت.

## 2.3. تەوەری دووەم: هونەری پەخشان

**1.2.3. دەستپێك:** هەر لە سەردەمی یۆنانەوە باسی هونەرەکانی شیعر و پەخشان کراوە، بەڵام پەیوەست بە چوارچێوەکانی ئەوێ رۆژێ، لە سەرچاوەیەکدا پێناسەی پەخشان بەم شێوەیە کراوە" هونەرێکە، وێنە و هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان دەدات، بەڵام دوورە لە کێش و سەروا. لە رۆژگاری یۆنانەکاندا تراجیدیا هۆنراوە بووە، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر بە پەخشان دەنووسرێت. ئەوێ کاتە هونەرەکانی پەخشان ئەم جۆرانە بوون: " پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گوتاردان، حکایەت و ئەفسانە، نامە و نامیلکە، کتێب دانان. پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا رەسولێ رای وایە کە مەولودنامەکان سەرەتان بۆ پەخشانی کوردی، بەڵام تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئایا پێش مەولودنامەکان پەخشانی ترمان هەبووە!

وەك چۆن رووداو و ژیان پەیوەستن بەیەکەوە، بەهەمان شێوە ژیان پەخشانێکی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی لێرەدا قسە و باسی لەبارەوە دەکەین هونەرکارییە لە ژیاندا چونکە " مەرج و بنەماکانی پەخشانی رەوان بریتییە لە" یەکەم ژیرییەکی پێگەیشتوو، دووەم خەیاڵ و بۆچوونێکی فراوان، سێیەم بەکارهێنانی بیر بۆ وەدەست خستنی چاکترین شێواز و وتە و مانا ".

ئەم هونەرەش وەك هونەرەکانی تر لەگەڵ گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکان لە ئاستی مرۆڤایەتی و زانستیدا جۆرەکانی گۆڕاون، ئەمڕۆ پەخشانی هونەری بۆ ئەم جۆرانە پۆلێنکراون: وتار، چیرۆك، رۆمان، شانۆ، ژیاننامە و بیرەوەری و بەرهەمی تر. بەڵام لێکۆڵەر لەم بابەتەدا تەنیا لەسەر پەخشانی ئەدەبی دەوەستێت و لەو گۆشەیەوە کۆمەڵێك تێکست لە رۆژنامەی Kurdistan press هەڵدەهێنێت و ئاماژە بە ئاست و پلەیان دەدات، بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە پەخشانی ئەدەبی" " هەموو ئەو پەخشانانەیە کە رێچەکەی ئەدەبیان گرتووە و لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی رۆژنامە یان نووسینی زاناکان و پزیشکان جیادەکرێتەوە. لە داڕشتن دا پوخت و لە بیر و لێکدانەوەدا بە سۆز و هەست بزوێنن و نووسەر تەعبیر لە قووڵایی دەروونی خۆی دەکات و لە روانگەی تێڕوانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵ و سروشت ". بە وەرگرتن و ئاماژەدان بە تێکستەکانی نێو رۆژنامەی

ناوبراو لەسەر جۆرەکانی پەخشان دەوەستێن و ئاستی گرنیگدانی ڕۆژنامەکە بەو هونەرە ئاشکرا دەبێت"

**2.2.3. وتاری ئەدەبی:** ئەم هونەرە بریتییە لە کورتە نووسینێك کە گوزارشت لە نووسەر، ئەدیب، ڕۆژنامەنووس دەکات، باشترە کورت و پوخت بێت. دەکرێت سەرەتای وتاری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا وابەستە بکرێت بە چاپکردنی یەکەمین نووسین سەبارەت بە ئەدەب، یاخود ئەو وتارە و گفتوگۆ زارەکییانەی کە لە گۆشەی مزگەوتەکاندا سەبارەت بە شیعر و نووسین کراون. بەڵام وەك بەڵگەنامەی بەردەستی نووسراو دەبێت دیسان ئاماژە بە " کوردستان ١٨٩٨" وەك یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بدرێت، کە لە دووتوێی لاپەرەکانیدا چەندان وتار و بۆچوونی سەبارەت بە ئەدەب لە شێوەی وتاردا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام وەك کتێب" کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە کتێبەکەی عەلی تەرەماخی یە، کە گوایە ساڵی هەزاری کۆچی بەناوی سەرف کوردی نووسیویەتی ".

ڕۆژنامەی Kurdistan press پڕە لە وتاری جوانی ئەدەبی، دیارە ناکرێت، یەك بە یەك ئاماژە بە وتارەکان بدەین، قسە و باسیان لەبارەوە بنووسین، هەر وەك نموونە تەنیا ئاماژە بە دوو وتار دەدەم" "چەند گۆتن " ناونیشانی وتارێکی شاعیر و نووسەر ئۆسمان سەبری یە، لە دوو توێیی چوار پەرەگرافدا چەند پرسێك دەخاتەروو:" هەیا دەمەکی پر نیزیك خوەندایێن مە کوردان وەك باڤ و کالێن خوە دگەل زمان و دیرۆکا گەلێ خوە بەندەوار نەدبون. لێ د ڤان چەند سالێن پاشین دا هن خۆرتێن ب رومەت چاڤدانە خوەندن و نڤیساندنا زمانێ خوە. باوەرم کو ئەڤ تەڤگەر دەستپێکا هشیاربونێ یە، کو کرەکە هۆلێ دلێ هەر کوردەکی بیربر و گەلپارێز گەش دکە.

ئەڤ هەرچار هویەرێن کو د دورێ پرتوکەکێ دا ددم چاپێ، بەری هەژدە سالان من ژ کۆڤارا چیا را شاندبو و تێ دا هاتبون بەلاڤکردن. ئیرۆ ژی دخوازم ڤان بویەرێن کو بەری چل- پێنجی سالی هن برایێن مە ئێن کورد پێ رابونە و ل پێش نەیاران ب چ مێرانییێ شەر کردن و ب خورتیا دلێن خوە چاوا چاڤێن دژمن شکاندنە و سەرێ گەلێ خوە بلند کرنە ژ نوڤا بدم بەر چاڤێن خۆرتێن کورد، دا بزانن رومەت، مێرانی و گەلپارێزی چاوا بویە و مە ئیرۆ چ دڤێ بکن" لە کۆتایدا نووسیویەتی:" قەنجێ گەل و قەنجخوازێ نیشتمان ئەون کو د رێیا سەرخوەبونێ و پاراستنا گەل دا ب جۆمەردی دمرن. سەد خوەزی ب دلێن وان شێران". دەکرێت رەخنە لە ئاماژەدان بەم وتارە بدرێت کە پەیوەندیدار نیە بە ئەدەب! راستە، بەڵام خاڵی هەرە لە پێشەوە بۆ ئاماژەدان بەم وتارە نووسینی نووسەر و ئەدیبێکی کوردە، هەروەها هەڵوەستەی لەسەر دیرۆك کردووە، دیرۆکیش هەر تەنیا کۆمەڵێك ژمارە و ڕووداوی سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناگرێتەوە، ناکرێت ئەدەبیش لەو مێژووەدا هەڵاوێر بکەین!

وتارەکەی نووسەر بە کوردییێکی ڕەوان و هونەرکارییێکی جوان دارێژراوە. هەروەها هەست دەکرێت ئەدیبێك نووسیویەتی چونکە وتارەکە پڕە لە چنین و ڕستە و دەستەواژەی ئەدبیانە!

لە یادی دوو ساڵەی کۆچی دوایی شاعیر جگەرخوێن وتارێك بە ناونیشانی" جگەرخوێنی کورد" بڵاوکراوەتەوە، ئەمە چەند دێڕێکە:" هەر چەندە شاعیر لە سەرەتادا بە جگەر خوێنی کورد ناوی دەرکردوە، بەڵام هێدی هێدی ووشەی جگەرخوێن بە تەنیا دەمێنێتەوە و هەر هەمان واتەش دەبەخشێ... جگەر خوێن پەروەردەی شاخ و چیای کوردستانە، دەرچووی مزگەوت و حوجرەکانە، گوێچکەی بە شیعرە پڕ سۆزەکانی ئەحمەدی خانی و بیری ئازادی حاجی قادری کۆیی کرایتەوە، چاوی بە دیمەنی لاشەی هەڵواسراوانی خەبات گێڕانی کوردستان هەڵهێناوە.... شیعرەکانی جگەرخوێن چەکێکی بەکاربووە لە خەباتدا، ووشەکانی وەك گوللە جەرگی دوژمنی سمتوە، داگیرکەری ریسوا کردوە، ئاغا و شێخەکانی پەژارە کردوە و جوتکار و بەلەگەزەکانی بۆ خەبات هان داوە ".
بەداخەوە ئیمزای نووسەر بەسەر وتارەکەوە نیە و بۆم ساغ نەبووەوە کێ نووسیویەتی. ئەم نووسینە پەخشانێکی هونەری و هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبیانە و بۆچوونێکی وردە سەبارەت بە جگەرخوێن و بەرهەمەکانی.

ئەمە و دەکرێت ئەو بابەت و کورتە نووسینانەی دەچنە خانەی ڕەخنە و بۆچوونی کەسییەوە بخرێنە ئەو چوارچێوەیە، چونکە ڕەخنەش هونەرێکە بە چەندان قوتابخانە و ڕێباز و تەوژمێکدا تێپەڕیوە، کە لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا هەڵگری خاسیەت و تایبەمەندی خۆی بووە، ئەگەرچی ئەو هونەرە بە درەنگ و لە ڕێگای ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکە بۆ ئەدەبی کوردی پەڕیوەتەوە، بەڵام هەر زوو جێگە و پێگە و ڕێگەی بۆ خۆی گرتووە و بە گرنگیدانەوە کاری لەسەر کراوە، نەخوازەڵڵا لە سەرەتا زووەکانی سەدەی ڕابردوودا.

لەگەڵ وەرگێڕانی چەند پارچە شیعرێکی ئەحمەد عارف ئەم دوو وتارە دەربارەی شاعیر و شیعرەکانی بڵاوکرانەتەوە، یەکێکیان لە نووسینی محەمەد ئۆزون بە ناونیشانی" سێ شاعیرێن کورد لە پەرەگرافی یەکەمیندا نووسیویەتی:" سێ نڤیسکار" ئەحمەد عارف، کەمال بورقای، ئۆرهان کۆتان. هەر سێ ژی شاعیرن و ژ کوردستانا باکورن. هەر سێ ژی، ل گۆرا خوە ، ناڤدارن. و هەر سێ ژی ب ترکی دنڤیسن و زمانێ وان یێ ڕۆناکبیری و نڤیسینێ ترکی یە. هەروەها وتارێکی تاریق ڕەفیق بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لە شیعرەکانی ئەحمەد عارف دەدوێت.

**3.2.3.چیرۆك:** چیرۆك هونەرێکی بەربڵاو و دیاری هونەرەکانی ئەدەبە و هەردەم لە دوای هونەری شیعر زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە، تەکنیکی چیرۆك دەوەستێتە سەرچەند ڕەگەزێك

لەوانە" رووداو، گرێ، کەسەکان، واتا، چنین، کات، شوێن، یەکێتی بینا، ئەم هونەرە " هەواڵێك دەگێڕێتەوە بەڵام مەرج نیە هەموو هەواڵێك چیرۆك بێت، بۆئەوەی هەواڵ ببێت بە چیرۆك پێویستە چەند خاسیەتێکی تێدابێت. وەك سەرەتا و ناوەند و کۆتایی ". کورد دەمێکە ئاشنا بووە بە چیرۆك بە تایبەتیش ئەگەر حکایەت و مەجلیسە گەرمەکانی گوێ ئاگردانی کوردەواری فەرامۆش نەکەین، کە شەوانە بە تایبەتیش لە زستاندا هەزاران راز دەگێڕدرانەوە، بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا شوێنی بۆ تەرخانکراوە، چیرۆکی هونەرییە، مێژووی ئەم هونەرە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئەمەش بە گوێرەی دەرفەت و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە ئابووری و تەکنۆلۆجییەکان گۆڕانکاریی تێدا کراوە.

رەگەزەکانی چیرۆك بریتین لە" کەس، پاڵەوان= کێ؟. کات= کەی؟. شوێن= لە کوێ؟. رووداو= چۆن؟. سەبارەت= بۆچی؟. ئەنجام= چی؟ . وەك دەقی چیرۆك بۆ یەکەمینجار گۆڤاری رۆژی کورد چیرۆکی شەویش بە ئیمزای فوئاد تەمۆ لە ژمارە ١ و ٢ دا بڵاودەکاتەوە، پاشان لە ژمارە ٣ دا لەسەر هەمان شێواز و ناوەڕۆکدا دەقێکی تر بڵاودەکاتەوە، کە لە دەقەکەی فوئاد تەمۆ نزیکە . دوای ئەمە بەهۆی پێشڤەچوونی رۆژنامەگەریی کوردی، چیرۆکی هونەری کوردیش پێشکەوت .

لە ژمارەکانی Kurdistan press دا زیاتر لە ١٥ چیرۆکی خۆماڵی و چەند چیرۆکێکی وەرگێڕدراو بڵاوکراونەتەوە. چیرۆکەکان لە ئاستی زمان، تەکنیك، چنینی رووداو جیاوازن. وەك نموونە سەرەتا ئاماژە بە بە چیرۆکێکی فرات جەوەری دەدەم. چیرۆکەکە بە ناونیشانی " کێزکا بێناڤ"و لە ژمارە ٨٣ بڵاوبۆتەوە." کەسێك لە شامەوە بۆ قامیشلو دەچێت لە هوتێل دادەبەزێت، شەو خەون بە کچێك دەبینێت، کە بەیانی خەبەری بۆتەوە ناوی ئەو کچە لە لای بۆتە مەراق، لە خەڵکی شام و حەلەب دەپرسێت ناوی ئەو کچە چییە؟ ئەوانیش دەڵێن: " خەیۆ وەللاه ئەم نزانین ". ئەم چیرۆکە بە زمانی کوردییێکی رەوان و پاراو، چنینێکی جوان نووسراوە و سوود لە تەکنیکی نوێی نووسینی چیرۆك وەرگیراوە.

هەروەها هەڵوەستە بۆ ئەم چیرۆکەی نورەددین زازا دەکەم، نووسەر لە رۆژی ١٩٧٨/١/٢٦ چیرۆکی" کورمێ دارێ " نووسیوە و پاشان لە رۆژنامەی Kurdistan press بڵاویکردۆتەوە. سێ کەسایەتی سەرەکی رۆڵ دەبینن، شوێن ئامەدە لە باکووری کوردستان و باس لە سەرەتاکانی دروست بوونەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان دەکات.

سێ جامێرێن کورد، گهانە هەڤ، ب هەڤ رە رونیشتنە و دپەیڤن.

باڤێ رەشۆ ژ کوردستانا ترکیێ یە، باڤێ مستێ ژ یا سوریێ یە و باڤێ رستەم ژی ژ یا ئیرانێ یە. ،مەرڤێن خوەشرەوشن و ئەمرێ وان د ناڤ ٤٥ و ٥٥ سالان دە یە. ل ئامەدێ، ل مالا کوردێ سوریێ نە.

باڤێ مستێ: مە کر نەکر مە ژی کورێ خوە زەفت نەکر" ئەوی ژی چوو خوە گهاندە وێ دەرێ و کەتە پارتیا جەلال " د تەخمینا من دە ژی رە " یەکێتیا نیشتمانی" دبێژن. ما کورێ تە ب کیژان پارتی رە یە؟ من بیهیست کو کوردێن کو ژ ترکیێ تێن ب پارتی دیموکرات رە نە.

ئەگەرچی لەباری هونەری تەکنیکی نووسینی چیرۆکدا، بابەتەکە جوان چینی بۆ نەکراوە و زیاتر ئاوێزان کراوە بە حکایەتی سەردەم، بەڵام لە ناوەڕۆك و داڕشتن و زمان پاراویدا ئاستێکی دیاری هەیە، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەدانە بە فەرامۆشکردنی خەباتی حزبی و گەڕانەوەیە بۆ خەباتی کورد و کوردایەتی، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ژیانی حزبایەتی.

ئەگەر وەك دەقێکی ئەدەبی خوێندنەوە بۆ ئەم چیرۆکە بکرێت دەچێتە چوارچێوەی چیرۆکی تەرکیبی و ناچێتە خانەی چیرۆکی تەحلیلییەوە، چونکە چیرۆکی تەحلیلی" زیاتر بایەخ بەشی کردنەوەی باری دەروونی پاڵەوانی چیرۆك دەدات وەك

4.2.3.**شانۆنامە**: شانۆ لە لای یۆنانییەکان، لەگەڵ ناسینی ئاین داهێنراوە. ئەوان دوو جەژنیان هەبووە لە جەژنی لینیا دەقی کۆمیدیا و لە جەژنی دایونیسوس تراژیدیا پێشکەش دەکرا. پاشان لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا شانۆگەریش پێشکەوت و جۆرەها شێوە و شێوازی وەرگرت. دوای هەزاران ساڵ ئینجا کورد ئاشنابووە بە ژیانی شانۆنامە و شانۆگەریی، یەکەمین شانۆنامەی کوردی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری بەناوی پیەسی " مەمی ئالان" نووسیویەتی، هەروەها جەمعیەتی زانستی کوردی کە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە شاری سلێمانی دامەزراوە، رۆڵێکی دیاری گێڕاوە بۆ پەرەپێدانی شانۆی کوردی، ئەمەو پێش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، ساڵی ١٩٢٢ چیرۆك یان شانۆگەری ( قڕالیچە) لە شاری سلێمانی، لە گۆرەپانی ئەسحابەسپی پێشکەشکراوە. پاشان ساڵی ١٩٢٨ لە کۆیە چەند چیرۆکێك لە ژێر چاودێری مەلا محەمەدی کۆیی پێشکەشکراوە، لە هەولێریش ساڵی ١٩٣٠ چیرۆکی ( کچی کوردستان) پێشکەشکراوە . ئەمانە سەرەتان، پاشان کوردەواری ئاشنا بووە بە ئەزموون و پێشکەوتنەکانی شانۆ لە جیهاندا. سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو، قۆناغی دامەزراندن و پێشکەوتنی شانۆیە لە کوردستاندا. دەقی شانۆیی لە سەرەتادا وەك دەقێکی شیعریی ئامادەکراوە نووسراوە، بەڵام هەڵگری هەمان خاسیەت و پێکهاتەی دەقێکی شیعری رووت نەبووە، بە تایبەتیش لە سەردەمی یۆنان، پاشان رۆمانیشدا پێگەی خۆی لە دەست نەداوە ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە لە ژمارە٧٩دا دەقی شانۆیی"زمانی چیا"ی نووسەری بەریتانی هارلۆد پینتەر بڵاوکراوەتەوە، دەقەکە محەمەد ئۆزون بۆسەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە، بەڵام دیار نیە لە کام زمان

وەریگێڕاوە! شانۆگەرییەکە سێ لاپەڕەی رۆژنامەکەی گرتووە، وەرگێڕ لە میانی یەك لاپەڕەی رۆژنامەکەدا وتارێکی وردی سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەقەکە نووسیوە، وتارەکە لەژێر ئەم ناونیشانە دایە:" زمانێ چیان و زمانێ کوردی. ئۆزون دەنووسێت" سالّی ١٩٨٩ بۆ یەکەمینجار لە ولّاتی هۆلّەندا هارلۆد پینتەری بینیوە. بۆ ئاشنابوون بە دیمەنێك لەشانۆگەرییەکە و ئاستی زمانی وەرگێڕانەکەی چەند دێڕێك دەنووسمەوە:

ڕێزەکە ژ ژنان. پیرێژنەکێ، دەستێ وێ پێچایی. ئەلبکەکێ ل بەر لنگێ وێ. ژنەکە جوان کو ئالیکاری ل دەست و ملێن پیرێژنێ دکە. چاوشەکی تێ، ل پەی وی زابتەکی. زابت، ب تلی. ژنا جوان نیشان ددە.

چاوش: ناڤێ تە؟

ژنا جوان: مە ناڤێ خوە گۆتییە.

چاوش: ناڤێ تە؟

ژنا جوان: مە ناڤێ خوە گۆتییە.

چاوش: ناڤێ وە؟

زابت ( ژ چاوش رە): دەڤێ خوە بگرە. ( ژ ژن جوان رە) گلییێن تە هەنە؟

ژنا جوان: پیرێ... ئەو گەز کرن.

زابت: کی؟

* ناڤبەر

کێ؟ کێ گاز کر؟

ژنا جوان: ئەڤ، پیرێ. دەستێ وێ گەزکری یە. لێ بنهێرە. دەستێ وێ گەز کرن. بنهێرە، ئەڤ خوینە.

چاوش ( ژ ژنا جوان رە): ناڤێ تە چی یە؟

زابت: دەڤێ خوە بگرە

* ئەڤ بەر ب پیرەژنێ دەرە.

چ ب دەستێ تە قەومی؟ کەسەکی دەستێ تە گەز کر؟

* پیرەژن هێدی دەستێ خوە بلمد دکە و ل وی دنهێرە.

کێ وەها کر؟ کێ دەستێ تە گەز کر؟

ژنا جوان: سەگەکی هار.

زابت: کیژان

* ناڤبەر.

5.2.3.**رۆمان** :**پسپۆران** و رەخنەگران لەسەر چەند بنەمایەك چیرۆك و رۆمان لە یەکتر جیادەکەنەوە بە تایبەتیش لەباری تەکنیك و درێژ و کورتیدا، رایەك هەیە کە رۆمان پێویستە ژمارەی وشەکانی لە پەنجا هەزار تا شەشت هەزار وشە بێت. بۆ سەرهەڵدانەکەشی وابەستەی دەکەن بە پەیدابوون و پێشکەوتنی پیشەسازی و شار. تا ئێستاش کە باس لە رۆمانی کوردی دەکرێت ئاماژە بە رۆمانی " مەسەلەی ویژدان١٩٢٧-١٩٢٨" ی ئەحمەد موختار جاف و پێش ئەمیش "لە خەوما١٩٢٥" ی جەمیل سائیب دەکرێت. پاشان ناوی دەقێکی محەمەد عەلی کوردی دێت بەناوی" نازدار یا کچی کورد لە لادێ" کە سالّی ١٩٣٦ بە ئەلقە لە گۆڤاری " رووناکی" بلّاوبۆتەوە. ئینجا " پێشمەرگە"ی رەحیمی قازی و " " ئاشتی کوردستان" ی محەمەد سالّح سەعید و " ژانی گەل" ی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەمانە دەبنە سەرەتا بۆ رۆمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا، هەروەها لە لای کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیش کارەکانی عەرەبی شەمۆ بە تایبەتیش رۆمانی " شوانی کرمانج" تا ئێستا بە یەکەمین رۆمانی کوردیی دێتە ژمارکردن کە بە شێوەزاری کرمانجی چاپکراوە لە سالّی ١٩٣٥دا، هەروەها نابێت بەرهەمەکانی سەعید ئیبۆ، حاجی جندی و عەلی عەبدولرەحمان — مەمیدۆڤ نابێت فەرامۆش بکرێن.

زۆر بە کورتی رۆمانی کوردی بەسەر ئەم قۆناغانەدا دابەش کراون:

١- هەولّە سەرەتاییەکان ١٩٢٧- ١٩٧٠

٢- وەستان ١٩٧١- ١٩٨٠

٢- قۆناغی دامەزراندن ١٩٨١- ١٩٩٠

٣- قۆناغی پێشکەوتن ١٩٩١ تا ئێستا

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو رۆژنامەگەریی کوردی بە بەرنامە دەستی بە بلّاوکردنەوەی بابەت و تەوەر کرد لە پێناوی برەودان بە پێویستی بوونی رۆمان لە لای کورد. یەکێك لەو رۆژنامانە Kurdistan press بوو کە چەندان بابەت و لێدوان و شیکاری سەبارەت بە رۆمانی کوردی بلّاوکردۆتەوە . لێرەدا ئاماژە بە چەند بابەتێك دەدەم کە لە ژمارەکانی بلّاوکراوەتەوە:

رۆمان و کورتە چیرۆك، ژمارە ٥٧. لاپەڕەکانی ئەدەب و چاند لە ژمارەکانی ٨٣، و٨٤ و ٨٥ تەرخانکراوە بۆ رۆمان، لە ژمارە ٨٨ دا خوێندنەوە بۆ رۆمانێك کراوە، هەروەها لە چەندان ژمارەی تردا خوێندنەوەی تر بۆ رۆمانی ژانی گەل و کارەکانی سەلیم بەرەکات و عەرەبی شەمۆ و چەندان نووسەری تر کراوە.

6.6.3. **بابەتی تر**: لە ژمارەکانیKurdistan press دا چەندان بابەتی تر لە لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چاندا بلّاوبوونەتەوە، کە شایستە بە لێدوان و لێتوێژینەوەن، بەلّام دیارە ئێرە تەنیا تایبەتە بە هونەرەکانی ئەدەب. لە لاپەرەکانی پێشوودا لە دوو جۆری هونەری ئەدەب " شیعر، پەخشان" دواین. لە پەخشاندا باسمان لە" وتار، چیرۆك، شانۆگەریی کرد. لێرەدا دەپرسم ئەی مێزگەرد و ئەو چاوپێکەوتنانەی لە رۆژنامەکەدا بلّاوبوونەتەوە، تەنیا دەچنە خانەی هونەری رۆژنامەگەریی و پەیوەندداری نین بە هونەری ئەدەب!؟ بەرای من ئەگەر هونەری رۆژنامەگەرییش بن، بەلّام هونەری ئەدەب لەو دوو بابەتەدا غائیب نیە، بەلّکو چاوپێکەوتنەکان و ئەو تاکە مێزگەردەی بلّاویکردۆتەوە، لە وتاری ئەدەبی نزیکن و هەست دەکرێت وەلّامەکان کورتە وتاری ئەدەبین، هەر بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژەیان پیدەدەم"

أ- دێبات– مێزگەرد" لە ژمارە ٧٨ دا لە لاپەڕە ١٠ و ١١ دێباتێکی سەرنجڕاکێشەر لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوکراوەتەوە:" رەوشا ئەدەبیاتا کورمانجی ل کوردستانا باشوور" محەمەد ئۆزون مێزگەردەکەی بەڕێوەبردوەو هەر یەکێك لە مەحفوز مایی و خەلیل دهۆکی بەشدارن. ئۆزون بەم پێشەکییە دەستی بە دێباتەکە کردووە" هەڤالنۆ، هون ژ کوردستانا ئیراقێ نە، ب زاراڤێ کورمانجی دنڤیسن. کوردێن ل کوردستانا سوریێ و ترکیێ هەیە وان ژ نڤیساندنێن وە تونە. مە دلهەبو کو ئەم هنەك ئاگاهداری بین خوێندەڤانا ل سەر رەوشا ئەدەبیاتا کو ب زاراڤا کورمانجی ل کوردستانا ئیراقێ تی نڤیساندن. هون دکارن بەحسا رەوشا خوە ب خوە بکن، ئێ بەحسا کێمانی و ئیمکانێن خوە بکن و دانوستاندن د ناڤبەرا ئەدەبیاتا کو ب کورمانجی و سۆرانی ل کوردستانا ئیراقێ دە تی نڤیساندن بەحس بکن. ئێ ب پارچێن فن رە دانوستاندن چاوانە و دڤێ چ د ڤی وارێ دە بێ کرن. مە دخواست ئەم ل سەر ڤێ یەکێ ب هەڤ رە بپەیڤن. لە میانی کۆمەڵێك پرسیاردا هەر یەکێك لە خەلیل دهۆکی و مەحفوز مایی بە گوێرەی بینین و خوێندنەوە و ئەزموونی خۆیان وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە. بۆ نموونە بۆ وەڵامی پرسیارێك ئایا لەوساڵانەدا لە کوردستانی عیراقدا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك بە زاری کرمانجی دەردەچێت؟ خەلیل دەهۆکی دەڵێت" ل دهۆکێ ڤان سالێن داوین رۆژنامەیەکێ دەرکەت ژ بۆ خۆرتێن کورد ب زاراڤێ کورمانجی ناڤێ وێ " دەنگێ مە "یە. نڤیسکارێن خۆرت و نو ل ڤێ رۆژنامێ دنڤیسین. یەکێك لەو کێشانەی لە دێباتەکەدا هەڵوەستەی بۆ کراوە نەبوونی رۆمانە، محفوز مایی ئاماژە بە هەوڵێك دەدات بۆ نووسینی رۆمان لە لایەن نزار سەعید دا.

ب- چاوپێکەوتن" لەژێر ناونیشانی" زنجیرا نڤیسکارێن کورد" هەر لە ژمارە هەفتادا تا دوا ژمارە کە ژمارە نەوەد و سێ یە، لە رێگای چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی دەق و وتاردا گرنگی بە بەرهەمی ئەم شاعیرانە دراوە و لە لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چاندا لاپەڕە یاخود زیاتری بۆ تەرخان کردوون:

شێرکۆ بێکەس، ژمارە ٧٠

ئیحسان ئاکسۆی، ژمارە ٧٢

ئۆسمان سەبری، ژمارە ٧٤

کوردۆ حوسێن، ژمارە ٧٥

مالمیسانژ، ژمارە ٧٧

کۆیۆ بەرز، ژمارە ٧٧

ئەحمەد قەرەنی، ژمارە٧٧

موئەیەد تەیب، ژمارە ٧٨

ئەحمەد عارف، ژمارە ٨٠

کەمال بورقای، ژمارە ٨٠

ئۆرهان کۆتان، ژمارە ٨٠

ئەسکەرێ بۆیك، ژمارە ٨١

تیرێژ، ژمارە ٨٢

ناجی کوتلای، ژمارە ٨٣

تۆسنێ رەشید، ژمارە ٨٣

فرات جەوەری، ژمارە ٨٣

موسا عەنتەر، ژمارە ٨٤

تۆری، ژمارە ٨٥

سەعیدێ ئیبۆ، ژمارە ٨٦

خەلیل دهۆکی، ژمارە ٨٦

مەحفوز مایی، ژماارە ٨٦

قادر رەشید، ژمارە ٨٧

شاهینێ ب سۆرەکلی، ژمارە ٨٨

ئیبراهیم ئەحمەد، ژمارە ٨٩

مەحمود باکسی، ژمارە ٩٠

عەبدوڵڵا گۆران، ژمارە ٩٠

دەروێش م فەرحۆ، ژمارە ٩٠

کارلێنێ چەچانی، ژمارە ٩١

بابایێ کەلەش، ژمارە ٩١

ئەمەریکێ سەردار، ژمارە ٩١

مامۆستا هێمن، ژمارە ٩٢

تاهارێ برۆ، ژمارە ٩٣

ڤاڤار کوخی، ژمارە ٩٣

بە جارێکی تر خوێندنەوەی بەرهەم و چاوپێکەوتنەکانیان، ئاستی ئەوێ رۆژێی ئەدەب و بیرکردنەوە و رۆشنبیریی ئەو ئەدیبانەمان بۆ دەردەکەوێت!

## 4.ئەنجام و راسپاردە

١– رۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگەدا بە جۆرێك فەرامۆشکراوە، تا ئێستا دەرفەتێك نەڕەخساوە هەر هیچ نەبێت لە سەرەتادا کۆبکرێنەوە و پۆلێن بکرێن، ئینجا لە مەڵبەندێك یاخود لە شوێنێکی شیاو و شایستە بپارێزرێن.

٢– رۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگەدا وەك رۆژنامەگەریی وڵات، بریتین لە رۆژنامەی حزبی، رێکخراوەیی، گشتی و تایبەتمەند، لەژێر هەر ناوێك دەرچووبن، بڵاوکردنەوەی ئەدەبیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام لە رۆژنامەیەك بۆ یەکێکی تر ئەو رووبەرەی تەرخانیان کردووە جیاوازن.

٣– رۆژنامەی Kurdistan press ئەگەرچی لە رووپەڕی پێشەوەیدا نووسراوە رۆژنامەیەکە ١٥ رۆژ جارێك دەردەچێت، بەڵام لەبەر کێشەی ئابووری نەیتوانیوە، هەموو پازدە رۆژ جارێك دەربچێت. لە ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٢ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە.

رۆژنامەیەکی گشتی بووە بەڵام سیاسەت زۆرترین رووبەری بۆ خۆی بردووە، ئەگەرچی بە زمانی کوردی" پیتی لاتینی" و تورکی دەرچووە، بەڵام بەشە تورکیەکەشی بۆ باسکردنی کێشەی کورد و هەواڵەکانی پێشمەرگە و رەوەندی کوردستانی تەرخانکردووە، لە لاپەرەکانی پێشوەیدا هەست بە لایەنگری حزبی دەکرێت، بەڵام لەو لاپەرانەی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی، هونەری و چاندی تەرخانی کردووە، هەست بەو لایەنگرییە ناکرێت.

٤- بە گوێرەی بەدواداچوونی توێژەر ئەم رۆژنامەیە، دەوڵەمەنترین رۆژنامەی سیاسی کوردییە کە لە تاراوگە دەرچووبێت و بەو شێوەیە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی دابێت.

٥- لەم لێکۆڵینەوەیەدا رۆشنایی خراوەتەسەر هونەری شیعر و هونەری پەخشان لە رۆژنامەکەدا، لەو بوارەدا کۆمەڵێك دەق بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە رووداو و ژیانی رۆژنانەی نەتەوەیەك لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا چەوساوەتەوە، شەهید کراوە، زیندانی کراوە، لە خاکی خۆی ئاوارە و دەربەدەر بووە. ئەدەبی نێو رۆژنامەکە ئەدەبی زیندان، ئەدەبی سیاسی، نیشتمانپەروەری، قارەمانێتی و ئەدەبی پێشمەرگەیە.

٦- لە پێناوی باشتر و زیاتر ئاشنابوون بە رۆژنامەکە پێشنیار دەکەم جارێکی تر تەواوی ژمارەکانی بە تیراژێکی زۆر لە یەك بەرگدا چاپ و بڵاوبکرێنەوە، هەروەها راسپاردەم بۆ بەشی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا لیژنەیەك پێك بهێنێن بە سۆراغکردنی ئەو جۆرە رۆژنامانە بە تایبەتیش ئەوانەی بە کرمانجی بە پیتی لاتینی چاپکراون، هەر هیچ نەبێت جارێ بابەتە ئەدەبی، هونەری و کولتورییەکان پیتەکانیان بگۆڕدرێن و چاپ بکرێنەوە. بۆ نموونە رۆژنامەیەکی وەك Kurdistan press دەیان دەق، چاوپێکەوتن و وتاری تێدایە دەکرێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بنووسرێت و ببن بە سەرچاوە بۆ بابەتی ئەکادیمی.

## 5.سەرچاوەکان

### 1.5. بە زمانی کوردی:


1-ئیسماعیل تەنیا، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی (١٩٧٥-١٩٩٣) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٣

2-جەمال خەزنەدار، ئینسکۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤

3-دلشاد عەلی " دکتۆر"، بنیاتی هەڵبەست لە هونراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ١٩٩٨

4-سابیر رەشید، رۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، ، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانە دیار نیە، هەولێر ٢٠٠٧

5-شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٩

6-عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر١٩٨٧

7-عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحریە للگباعە، بەغدا ١٩٩٨

8-عیزەدین مستەفا رەسول " دکتۆر"، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٧٠

9-نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٣

10-نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤

11- نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی ١٩٩٨.

12-هیمداد حسێن، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨

Rohat Alakom, KURDEN SWEDE 1965-2005, -13 SERKLAND, Apec Tryck, 2006 Stockholm


### 2.5. بە زمانی عەرەبی


1- محمد حسنین هیکل ( دکتور)، پوره الادب، دار المعارف، الگبعە الپانیە مصر 1986

2- محمد مندور( دکتور)، الادب وفنون، دار نهچه مصر للگبع والنشر

3- معروف خزنەدار( دکتور)، موجز الادب الکردی المعاصر، الترجمە عن اللغە الروسیە" الدکتور عبدلمجید شیخو، حلب ١٩٩٣

4- رشاد رشدی( دکتور)، فن القصە القصیرە، بیروت، دار العودە 1975

5- علی جواد الڤاهر( دکتور)، الخلاصە فی مڤاهب الادب الغربی، من منشورات الموسوعە الصغیرە، دار الحریە للگباعە، بغداد ١٩٨٣

6- وزارەت الاعلام، الشعر و الفنون، مختارات من الابحاپ المقدمە لمهرجان المربد الپالپ ١٩٧٤، من منشورات وزارە الاعلام- الجمهوریە العراقیە، سلسلە کتاب الجماهیر ٢٠، دار الحریە للگباعە، بغداد ١٩٧٤

7- حسین القبانی، فن کتابە القصە، بیروت ١٩٧٩


### 3.5. بە زمانی سویدی


Kurderna- Fyrtio år i Sverige (Serkland-2007) ،Rohalat Alakom


### 4.5. ماڵپەڕ "سایت"


kurdistan-press.org


### 5.5. چاوپێکەوتن


عومەر شێخمووس، رۆژی ٢٠١٧/٧/٢، ستۆکهۆڵم- سوید.

رێناس نەورۆزی، رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٠ لە رێگای فەیسبووکەوە.

# فنون الادب في صحيفة Kurdistan press الصادرة في السويد

**الملخص:**

الصحافة الكردية اهملت في المهجر بشكل من الاشكال، وحتي الآن ومنذ البداية لم تتح الفرص لجمع تلك الصحف والبحث فيها والحفاظ عليها من التلف في مكان مناسب. الصحافة الكردية في المهجر، حالها كحال الصحافة الكردية في الوطن، أغلبها صحف حزبية وتنظيمية، عامة وخاصة وتحت أي مسمي كانت. اهتمت هذه الصحف بالادب. لكن هذا المساحة المعطاة لنشر الجانب الادبي يختلف من صحيفة لأخري. صحيفة Kurdistan press، مع انه مكتوب علي غلافها الأول انها صحيفة نصف شهرية، لكن بسبب المشاكل المالية، لم تستطع الصدور كل خمسة عشر يوم.

صدرت هذه الصحيفة في العاصمة السويدية ستوكهولم منذ سنة 1986 وحتي سنة 1992. تعتبر صحيفة عامة، لكن الطابع السياسي كان يطغي عليها، ومع انها كانت تصدر باللغة الكردية "الاحرف اللاتينية" واللغة التركية، حيث القسم التركي من الصحيفة أيضاً، كان عن المسالة الكردية وأخبار البيشمركه والجالية الكردية ويظهر في صفحاتها الأولي الجانب الحزبي، لكن في الصفحات المخصصة للأدب والفن و الثقافة فاننا لانجد هذا الشيء. بحسب متابعة الباحث لهذه الصحيفة، فانها تعتبر من أغني الصحف الكردية الصادرة في المهجر واهتمت اهتماماً ملحوظاً بالمواضيع الأدبية. في هذا البحث، تم القاء الضوء علي فن الشعر والنثر في الصحيفة، وفي هذا المجال، نشرت الصحيفة الحياة اليومية والاحداث اليومية لقومية تعرضت للاضطهاد في أجزاء كردستان الأربعة، حيث قدم ابناء هذه القومية الشهداء وتعرضوا للجوء القسري والسجون وكافة أصناف التمييز علي أرضهم. القسم الأدبي في الصحيفة هو أدب السجون، أدب سياسي، وطني وعن أدب وبطولات البيشمركه. ولأجل زيادة المعرفة بهذه الجريدة، فأني أقترح ان يتم جمع كل أعدادها مرة أخري ويتم طباعتها ونشرها في مجلد واحد، كذلك توصيتي للأقسام الكردية في جامعات كردستان، ان يشكلوا لجنة للبحث عن هكذا صحف وخاصة تلك الصحف الصادرة باللهجة الكرمانجية وبالاحرف اللاتينية وان يتم جمع المواضيع الأدبية والفنية والثقافية في تلك الصحف وتغيير طريقة كتابتها من اللاتينية الي الأحرف الكردية العربية وطباعتها علي أقل تقدير. ومثال ذلك، صحيفة Kurdistan press حيث تحتوي هذه الصحيفة علي عشرات النصوص واللقاءات والمقالات التي يجب البحث فيها، حيث ستصبح هذه النصوص مصدراً للمواضيع الأدبية مستقبلاً.

**الكلمات الدالة:** فنون الأدب، صحيفة Kurdistan press، السويد.

# Art of Literature in "Kurdistan Press" Published in Sweden

**Abstract:**

The Kurdish press in exile has been neglected. There has not yet been an opportunity to collect everything related to the Kurdish press from its inception and then classify it so that it can be kept in an appropriate center. The Kurdish press in exile, like the press inside the country, includes partisan, public and private press, as well as the press of the professional organizations. The newspapers published in the exile, regardless of their names, did not neglect the publication of articles and literary products but it differed from one newspaper to another. The Kurdistan Press was issued every 15 days, but due to financial problems, it was not always issued as such. This newspaper was published in Stockholm from 1986 to 1992. It was a general newspaper, but most of its subjects were political. The newspaper was issued in Kurdish _ Latin alphabets _ as well as Turkish. The Turkish edition was devoted to the Kurdish issue and the news of the Peshmerga and the Kurdish community abroad. Although there is a partisan tendency in the first pages, but in the pages dedicated to literature, art and culture there was no such a tendency. Based on the study and follow-up of the researcher for this newspaper, it turns out to be one of the most important newspapers among the newspapers issued abroad in view of its widespread interest in the publication of literary subjects. In this research, the poetry and prose art published in the above-mentioned newspaper, highlighted. A series of texts which have been considered an integral part of events and daily life of a nation, its members being persecuted, martyred, imprisoned or deported from their homes in the four parts of Kurdistan, have been published in the newspaper. Therefore, the literature, published in this newspaper, is considered a prison literature, in addition to be a political literature as well as the literature of Peshmergas' heroic operations. To get a closer look at this newspaper, I suggest reprinting all its issues in one volume and publishing many copies of it. My recommendation to the Kurdish department of the universities in Kurdistan is to form a committee to search for all the newspapers, issued abroad, especially the newspapers that were written in Latin alphabet for Northern Kurdish dialect (Kurmanjí), at least to change the alphabets of literary and artistic subjects. For example, there are dozens of interviews, literary texts and articles in Kurdistan Press which can be used as the source of many academic subjects.

**Keywords:** Art of Literature, "Kurdistan Press", Sweden.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 111–122, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# كارایی وێنە لەسەر دەربڕینی نووسەكیی

**ئیبراهیم قادر محمد*** و **نظام حسن رشید**
بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەددین، هەرێما كوردستانێ–عێراق.

وەرگرتن:2017/12 پەسەندكرن: 2018/03 بەلاڤكرن: 2018/03 https://doi.org/10.26436/2018.6.1.555

**پوخته:**
مرۆڤ، بەیاریدەی زمان ـ جودا لەگیاندارانی دی ـ توانای دەربڕینی زارەكیی باڵاو چالاكە، ئەگەر بێت و كەسەكە خوێندەواریش بێت، ئەوا بەوشەو ڕستەیش ڕوونتر و قوڵتر هەستەكانی ناخی بۆ بەرانبەر دەردەبڕێت. لێرەوەیە مرۆڤ و بوونەوەرانی تر جیاوازییەكی ئاشكرایان لەنێواندا هەیە. هەردوو شێوەكەی دەربڕین (زارەكیی و نووسەكیی) پێویستیان بەچالاككردن و پەرەپێدانە، وەسیلەو هۆكارەكانیش لە ماڵ و كۆمەڵ و قوتابخانەدا بەردەست بن و كەسانی لێزان و شارەزا كاری بۆ بكەن، ئاستێكی بەرز و هونەریی و چێژبەخش دەدەنە ئەم كارامەییە كە لەبنەچەدا ڕەمەكە (غەریزە)یەو تێر و پاراو دەكەیت.
**پەیڤێن سەرەكی**: مرۆڤ، گیانداران، دەربڕین (زارەكیی و نووسەكیی)، كارامەیی خۆدەربڕین، ڕەمەك، چالاككردن، پەرەپێدان.

## 1. پێشەكی

مرۆڤ خاوەن كۆمەست و چەندین ڕەمەك (غەریزە) و كارامەییەكی جەستەیی و ژیرییە. دەربڕین، چ جەستەیی یان زارەكیی بێت، باوترین و دیارترین و چالاكترینییانە. سەرەتا بەدەنگ و هاوار و ئاماژەی ساكار بووە، دواتر كە فێری وێنەكێشانی سەر قوڕ و دار و بەرد بووە، پەلی كێشاوە بۆ واتای پتر و بیرۆكەی قوڵتر بخاتە ناو وێنەكان و هەر لەم بەرەو پێشچوونەوە وێنەكێشان و نوسینی وێنەیی سەریان هەڵداوە، تاكو گەیشتوەتە ئەم هەموو ئەلفابێتە جۆراوجۆرەی سەرزەوی، كە هەر نەتەوەو گروپەكەسانێك جۆرێكیان بۆ دەربڕین داهێناوە، یان لەدراوسێ هاوكۆمەڵەكانیانەوە خواستوویانەو بەكاریان هێناوە.

كە نووسین بووە هاوڕێی دەربڕین ، ئەوكات دەوڵەمەندتر بوو، بازنەی خۆی فراوانكردوو بایەخپێدانیشی فرەتر بوو، مرۆڤ بیری لەوەكردەوە كە بۆ مانەوە (البقاء)ی خۆی و كەلتوور و مێژووەكەی لەسەر قوڕی سوورەوەكراو، بەردە نووسەكان و پێستی ئاژەڵان و دواتریش لەسەر كاغەز بەجۆرەها كەرەستەی هەڵكۆڵین و نووسین خەمی لە نەمرییەكی مەعنەوی خواردووە. كە لەخۆیدا ناوازەترین بەخششی پەروەردگارەو داهێنانەكانی مرۆڤی پێپارێزراوە و جێی شانازی مرۆڤە كە بەردەوامە لەتۆماركردنی ژیانی ڕۆژانەی، سات بەسات و چركە بەچركە.

هاوكات لەگەڵ بانگ و بێژەو هاوار و جوڵەی زمان جەستەدا، نووسین بووە بەیاریدەدەرێكی تری مرۆڤ و ئەم كارامەییەی پێ پتەوتر و تۆكمەتر و قوڵتر كرد. لەقوتابخانەیشدا، بایەخ و بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی ئەم كارامەییە ڕەمەكییە (غریزەیی)یە، كرد، بەڵام لەزۆر كاتدا بایەخی تەواوی پێنەدراوە.

ئەم ڤەكۆڵینە لەئەو پێگەیەوە كراوە، كە لە ئەم ساڵانەی دواییداو، پێشتریش بایەخی تەواو بە ئەم كارامەیی كە لقێكی هەر زمانێكە، لەهەرێمی كوردستاندا وەك پێویست نەدراوە. لێكۆڵەران لە ئەو بڕوایەدان، كە بە وەسیلەی جۆراوجۆر و ڕاهێنمانی پەروەردەیی و زانستیی هونەرییانەی پتر ئەم كارامەییە شیاوی پەرەپێدان و بەرەو پێشێوونە. لە ئەم ڕوانگەیەوە ئەم ڤەكۆڵینە جێبەجێكرا.

## 2. دەروازەی لێكۆڵینەوەكە

مرۆڤ ناڕاستەوخۆ لەخێزانەوە دەستی بەفێركردنی ئەم بەهرەو كارامەییە و گواستنەوەی بۆ نەوەكانی دی كرد. تەنیا لەغەریزەیەكەی كوێری ناو خانەكانی لەشیدا دەوری نەدا (حصر)، بەڵكو بیری لەپەرەدان بەپێوەندییەكان و نەپچڕاندنیان كردەوە، گواستنەوەكەیش بەهەنگاوسەرەتاكان بووە، فێركردن لەماڵەوە (دایك و باوك) و بەزۆریش دایك و بەزارەكیی، وەڵێ كە كار پێویستی بەوەكرد لەماڵ دەربچێت، بازنەكە فراوانتر ببێت، هەر لەماڵاندا جێگەیەك بۆ ئەم پەروەردەكردن و فێركردنە تەرخانكرا. سەرەتایش تایبەت و داخراو بوو، تەنیا منداڵی خانەدان و كەسە پلەباڵاكانی كۆمەڵێ گرتەوە، هەر لێرەیشەوە زاراوەی (پیداگۆگ) (كەریم مستەفا، 2011، لا24) سەری هەڵداو. لەتایبەتبوونی بەبەندەوە لەلەكانەوە كەخزمەتی منداڵیان دەكرد و دەیانبردن بۆ فێرگە، بوو

* ڤەكولەرێ بەرپرس.

بەناوی ئەو شوێنەی منداڵانی تیادا فێر دەکرا، واتە: قوتابخانە بچووکەکان. کە دەوڵەتی گەورەو ڕووبەر فراوانیش دامەزران، ئیدی پرۆسەکە منداڵانی زۆرتر و هەمەجۆرتری لەخۆگرت و بایەخێکی زۆر بە نووسین و دەربڕین گەشەی کردو دەزگاو شوێنی تایبەت و کەسانی تایبەتیان بۆ تەرخانکرد. لەبەر ئەوەی هەموو زانستەکان پێویستیان بە خوێندنەوەو نووسین هەبوو. بایەخێکی زۆر بە کارامەیی و توانای نووسین و دەربڕین درا.

لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی مرۆڤایەتییدا ئەو بایەخپێدان و بەتەنگەوە هاتنە بەئاشکرا بەم کارامەییە (دەربڕین) ەوە دیارە. وەك دەبینرێت یەکێك لەلقەکانی زمان، دەربڕینی (زارەکیی و نووسەکیی)یە و هاوکات لەتەك ڕێزمان، ئەزبەرکردن، ڕێنووس، ئەدەب ... دا دەگوترێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونە لەقوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، نەك هەر لەم سەردەمەدا، بەڵکو پێشتریش و بەهۆی پەیوەندبوونی هەرێم بەبەغدادەوە وەکو ئیدارەو پەروەردە، هەمان بەرنامەو ڕێگاکانی ئەوان بۆ فێرکردن پەیڕەو کراوە و دەکرێت، هەوڵنەدراوەکە لەزمان و سەرچاوەیەکی ترە نەعەرەبی و نە عێراقی، وەکو: ئینگلیزی، ئەڵمانی ... تاد زانیاری تەواو لەبارەی فێرکردن و ڕێگای گوتنەوەی ئەم لقە و لقەکانی تری زمانەوەپەیڕەو بکرێت!! ستراتیژ و ڕێگاو شێوازێکی زۆر لەمێژینەی سواوی بێزارکەر لەبەرگیراوەو دەگیرێت، ئەمە جگە لەلاوازیی بەرنامەکان و تەنانەت بابەتی دەربڕینەکانیش، ئەوە کەم ئاگایی و نەشارەزایی مامۆستای زمان لە ئەولای هەمووەوە با بمێنێت!! ڕێگای ئەزبەرکردنی کوێرانەو ڕوونووسکردنەوەی سەرپێییانەی قوتابی بۆ ئەوەی مامۆستا یان کەسێکی تر( لەناوخێزان و دەرەوەی)دا دەینووسن، زەقترین و باوترین ڕێگا و شێوازی گەیاندنی ئەم کارامەییەن بەقوتابی. هەر لەماڵەوە تاکو دایەنگا، باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی ئەم لقەی زمان لەلقەکانی تری وەك: خوێندنەوە، ئەدەب، ڕێزمان، ڕێنووس دا بڕێنراوە ـ بۆ لقەکانی تریش لەیەکدی هەر دروستە ـ لەڕاستیدا کەم بایەخکردن و نەزانینی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان، زیانێکی هێندە گەورەو گرانی بەڕۆشنبیریی و ئاستی زانستی قوتابییانی ئەم هەرێمە گەیاندووە، گەر بێت و هەوڵنەدرێت بۆ سڕینەوەو پڕکردنەوەی، ئەوا دەبێت ڕووبەرێکی زۆری خوێندەواران و فێرخوازان لەهەر تەمەنێکدابن دووبارە بخرێنەوە ناو پۆلەکانی فێرکردنی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی!؟ نموونەش نزمیی ڕادەی تێگەیشتن، دژبوونی خوێندنەوە و ئەنجامەکانی، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ـ کە زۆر ساکار و خاکسارە ـ دەریخستووە کە ئەم لقە لەناو پۆلەکاندا بە چ مەرەیەك (دەردێك) گەیەنراوە؟

ئەرکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی پێوەندیی نێوان ئەم لقەی زمان و ڕێگاکانی گوتنەوەیەتی (کەبەکارهێنانی وێنە) یەکێکە لەو شێواز و تەکنیکانەی گرینگیی و کاریگەریی خۆیانیان لەپەرەپێدان و گەشەکردنی ئەم کارامەییەدا دەبێت، ڕوونکردنەوەو نەخشکردنی جێ پەنجەی وێنە لەسەر دەربڕین لەگشت قۆناغەکانی تەمەن و خوێندندا ئاشکرا دەبێت و بواری دەستبەرداربوونی نییە.

لەخۆیدا دەربڕین وەستانی بۆنییە، چونکە پێوەندە بەژیان و ئاخاوتنەوە لەلایەك و تەمەنی مرۆڤ لەلایەکی ترەوە، تەنانەت ئەوکاتەیش کە مرۆڤ لەقسەکردن دەکەوێت، ئاماژەکانی جەستەی، ڕووی، دەنگی، بەردەوامبوونی دەربڕینن.

دوای درککردنی توێژەران بەگرفتی گوتنەوەی دەربڕین (زارەکیی و نووسەکیی) بەباش زانرا لەم بوارەدا هەوڵێك بدرێت. ئەوەبوو بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە گلاڵەبوو. دوای کۆکردنەوەی زانیاری، دیاریکردنی گرفتەکە، سنووری توێژینەوەکە، زاراوەو گرفتی توێژینەوەکە، دەست بە ئەنجامدانی هەنگاوەکان کرا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر.

هەروەك ئاماژەی بۆکرا، سنوور و ڕووبەری لێکۆڵینەوەکە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی گشتی پارێزگای هەولێر ـ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێرە، کە قەزای دەشتی هەولێر (بنەسلاوە) و هەردوو ناوچە (ناحیە)ی کەسنەزان و دارەتوو دەگرێتەوەو، بەشە کارەکییەکەی (پراکتیك)ی لێکۆڵینەوەکەی تێدا بەڕێوە چوو. لەم لێکۆڵینەوەیەدا (12) دوازدە قوتابخانەی بنەڕەتی گرووپی لێکۆڵینەوەکەن. لەهەر قوتابخانەیەکیشدا لە پۆلی شەشەکان، تەنیا یەك پۆل وەرگیراوە. لەو پۆلەشدا تەنیا یەك وانەی (40) خولەکیی کراوە بە پێوەری تاقیکردنەوەی پێشان (قبلی) و پاشان (بعدی). کۆی گشتی قوتابییانی بەشدار (310) سێسەد و دە قوتابی بوون، بەڵام تێیاندا (27) قوتابی فۆرمەکانیان پوچەڵ بوونەوە بەهۆکاری نەبوونی ناوی قوتابی لەسەر هەردوو فۆرمەکە یاخود لەسەر دانەیەکیان. بەم پێیە ژمارەکە کەم بۆوە بۆ (283) دووسەد و هەشتاو سێ قوتابی. سەبارەت بە هاوسەنگیی ڕەگەزیی، (140) سەد و چل قوتابی کچ بوون و (143) سەدو چل و سێ قوتابییەکەی دی کوڕ بوون.

## 1.2. پرسیاری توێژینەوەکە:

ئایا وێنە ـ وەکو وەسیلەیەکی ڕوونکردنەوە ـ کاریگەریی لەسەر پەرەپێدانی دەربڕینی نووسراو (نووسەکیی) هەیە؟

**1.1.2. زاراوەکان:** (دەربڕین، نووسین، دەبڕینی زارەکیی، دەربڕینی نووسەکیی، مامۆستای فێرکردنی دەربڕین، گوتنەوەی دەربڕین، وێنە، کاریگەریی، ژینگەکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکییی، خێزان، دایەنگا، باخچەی منداڵان، کۆمەڵ، قوتابخانە، بازنەی یەکەم، بازنەی دووەم)

2.1.2. **دەربڕین (التعبیر)**: ئەو هەوڵ و تەقالایانەی کە منداڵ لەکۆرپەییەوە ـ ئەگەر نەگوترێت لە کۆرپەلەییەوە ! لەسکی دایکدا ـ ئاراستەی ژینگەی خۆی دەکات، چ بە جوڵە، هاوار، ئاماژەی دەست و قاچ و رووە بێت ـ کە دەکاتە بەر لەفێربوونی زمان. دواتریش بەهۆی دەنگ و هەندێك وشەی کتو پچڕ.

3.1.2. **دەربڕینی زارەکیی (التعبیر الشفهی)**: لەناوەکەی دیارە، کە بەهۆی ئاخاوتنەوە دەبێت و لەوکاتەدایە کە منداڵ فێری قسە / ئاخاوتن بووە.

4.1.2. **دەربڕینی نووسەکیی، نووسراو (التعبیر الکتابي)**: دوای فێربوونی قسە و نووسین منداڵ دەتوانێت ناخی خۆی و ئەوەی بە بیریدا دێت بەپێی توانای خۆی بخاتە سەر کاغەز و کەسانی دی بیخوێننەوە.

5.1.2. **نووسین**: لە توێژینەوەکەدا هاو وتای داڕشتن (دەربڕینی نووسراو/ الکتابة/ Writing)ە.

6.1.2. **کۆمەڵی توێژینەوەکە**: پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کۆمەڵی (مجتمع)ی توێژینەوەکەیە، کە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر (بنەسلاوەو کەسنەزان و دارەتوو) دەگرێتەوە.

2.2. **سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

تەنیا لەبابەتی داڕشتن (نووسین)دایە.

3.2. **نموونە (عینە):**

قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (لەهەردوو ڕەگەز) پەروەردەی دەشتی هەولێری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێرە، لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی بنەسلاوەو کەسنەزان و دارەتوودا.

4.2. **گرفتی توێژینەوەکە:**

بایەخ نەدان بەکارامەیی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی (نووسین) لەماڵەوەو قوتابخانەدا، لەتەك هەبوونی بۆشاییەکی پەروەردەیی و فێرکاریی لەڕەوتی فێرکردن و فێربوونی منداڵی کورددا هەر لەماڵەوە تاکو قوتابخانە، چ لەلایەن مامۆستای زمانەوە بێت، یان لەزنجیرەی بەرنامەکانی خوێندندا.

5.2. **ئامانجی توێژینەوەکە:**

پەرەدان بەکارامەیی دەربڕین و نووسین (داڕشتن) لەقۆناغی بنەڕەتیدا بەگشتیی و لەپۆلی شەشەمدا ـ بەتایبەتی بۆ ئاسانکردنی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان و کارامەتر کردنی مامۆستای زمان و قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان، لە رووی: ڕێگای گوتنەوە، کاتی تەرخانکراو بۆی و پتر شارەزاکردنی مامۆستایانی زمان لەم بوارەدا.

5.2. **توێژینەوەکانی پێشتر:**

بەپێی ئاگاداری هەردوو توێژەر ئەدەبییات و نووسین لەبارەی پرۆسەی هونەریی و ئەدەبییانەی (نووسین)ەوە، بەشێوەی کتێب ، نامیلکەیەك بەزمانی کوردی ـ چاپیش کرابێت لەبەردەستدا نییە، یا ئەگەر هەشبێت ناوەڕۆکیان لاوازە. بەڵام، (ئالان پشتیوان کەریم) ماستەر نامەیەکی پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سەلاحەددین، کردووە بەم ناونیشانە:(بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکیی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەزمانی کوردیدا، 2014). کارێکی زانستییانەیە بۆ پەرەدان بە کارامەیی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی.

6.2. **ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:**

لەتوێژینەوەکەدا بەراوردکردن بەکار دەهێنرێت، نە بە ئەو شێوەیەی لە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵکو بەراوردکردن بە بەکارهێنانە ئاساییە ڕۆژانە و فەرهەنگییە زمانییەکەی و لەشێوەی تاقیکردنەوەی پێشان و پاشان (القبلی والبعدی)دا وەکو لە توێژینەوەکەدا ڕووندەبێتەوە و مامەڵەی لەتەکدا کراوە.

7.2. **بایەخی دەبڕین (داڕشتن):**

ژیانی مرۆڤ تەنیا خواردن، خەوتن و حەوانەوە نییە، چونکە گەر وابوایە، لەتەك گیاندارانی تردا هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو! ئەو کۆمەڵەی مرۆڤ هەر لەبەرایی ژیانییەوە پێکەوەی ناوە، لەئەنجامی پێداویستی پێکەوەژیان و هاوکاریکردنی یەکدی بووە. بەڵگە نەویستیشە کە زمان زادەی ئەو پێکەوەژیانە بەراییە بووە کە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ڕاز و نیازکردن بەکارهاتووە. سەرەتا دەنگی جۆراوجۆر و ئاماژەی هەمەڕەنگی جولاندنی جەستە (زمانی جەستە) بەپێی زانستیی و زمانەوانی یەکێکە لە بنەماکانی پەیدابوون و گەشەکردنی زمان.

لێرەوە بایەخی دەربڕین لەلایەن هەر تاکێکەوە ئاشکرا دەبێت. دوای گەشەکردنی زمان بەپێی تیۆرە ماتریاڵەکانی زمان و پەیدابوونی زمان ئەو تێکەڵاویی و پێکەوەژیانە پەرەی بەلەیەکتری گەیشتنی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك داوە. هەروەکو لەڕەوتی مێژووی داهێنانی نووسینیشدا ڕوونە. خاڵێکی گرینگی نووسین (لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ) پاراستنی زمان و پێکەوە گرێدانی ئەڵقەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکیی بووە.

لێرەدا کەباس لەدەربڕین دەکرێت، مەبەست دەربڕینی نووسراو (نووسەکیی)ە، کەدوا بەدوای داهێنانی نووسین، شان بەشانی دەربڕینی زارەکیی بەرەوە پێشهاتووە. توانراوە بەزنجیرەیەك ڕووداوەکان چ بە وێنەی سەر بەرد و قوڕی سورکراوە بووبێت، یان

دواتر لەسەر کاغەز (بەهەموو جۆرەکانییەوە) هەوڵدراوە ئەو زنجیرەیە نەپچڕێت و بەردەوام بێ بۆشایی بمێنێتەوە، کە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین سەری هەڵدا. ئامانجی مرۆڤ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارتر کردنی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵ بووە. دیسانەوە بەردەوامیدان (التواصل) (حسین، 2006، ص28 – 31) بە ڕەوەڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی کەوتەوە پاراستنی هەمووژیان بەنووسین. لێرەوە بایەخدان بە دەربڕین و نووسین دیارتر و بەهێزتر بوو، لەپۆلە سەرەتاییەکانەوە بایەخی پێدرا، وەکو لەبەرهەمی ڕابەرانی یەکەمی مێژووی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتییدا نووسەرانی بەناوبانگی وەکو (ئەفلاتۆن 400 پ.ز، و ئەرستۆ 331 پ.ن) و کەسانی دی لەنووسین و دانراوەکانیاندا لەبارەی گوتاردان و گفتوگۆکردنەوە بەرهەمی ناوازەیان نووسی.

ئەوەی بایەخی دەربڕین ئاشکراتر و بەهادارتر دەکات، دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانی تاکە، کە دەتوانێت بەبیرتیژی و هێزی داڕشتن بابەتە جۆراوجۆرەکان بنووسێت و بوێرانە و بێ شەرم و سڵەمینەوە بیرۆکە ڕاگوزارییەکانی لەشێوەی شیعر و پارچە پەخشانی بەتام و چێژ و سەرنجڕاکێشدا بخاتە بەردەست و چاوی خوێنەران. ئەوەندەی بیر و هۆش چالاکبن و زمان دەوڵەمەند، دەیان جار ئەوەندەیش دەربڕین بەپێز و بەبڕشتر دەبێت. (ئالان پشتیوان کەریم، 2014، لا4).

ئەمانە وایانکرد دەربڕین بەشێك بێت لە ژیانی ڕۆژانەی هەرتاکێك و لەقوتابخانەو زانکۆکاندا خەمی لێبخورێت و شارەزاییان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێکردنی کتێبی جۆراوجۆریان نووسی. لەپۆلەکاندا مامۆستایان بایەخیان پێداو بووە بابەتی ناو گوتنەوەی زمان و لەزانست و بابەتەکانی تری نازمانیشدا کەڵکی زۆری لێوەرگیراوە، لەئەمڕۆیشدا لقێکی دانەبڕاوی زمانەو لەهەموو پۆلەکانی قۆناغەکانی خوێندندا بایەخی پێدەدرێت و بۆ گەشەپێکردنی هەوڵی بەردەوام دەدرێت و ئەم توێژینەوەیەش دەبێتە ئەڵقەیەکی زنجیرەی ئەو هەوڵانە.

## 8.2. گرینگی وێنە لەسەر دەربڕین (داڕشتن):

مرۆڤ بەبێ هەستەکانی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەتەك شت و مەکەکانی دەوروبەریدا، لێرەوە گەورەیی وبەهای هەستەکان بۆ مرۆڤ ڕوونتر دەبێت. هەمیشە لەپەروەردەو فێرکردندا، پەروەردەکاران جەخت لەسەر بەکارهێنانی پتر لەهەستێك دەکەنەوە، چونکە کاریگەرترەو فێربوون ئاسانتر و خێراتر و چەسپاوتر بەدەستدەهێنرێت و فێرخواز لەهەر تەمەنێکدا بێت کارئاسانی بۆ دەکرێت. پێچەوانەکەیشی دروستە. لەگەڵ زانیارییەکانی فێرخوازدا ڕوونکردنەوەو شرۆڤەی ئاسان، کردەی فێربوون خێراتر دەکەن، لەکاتێکدا قسەو شرۆڤەکردن کەهێشتا ڕووتەڵن (ئەبستراك)لەچاو وێنەدا ئەو کاریگەرییەیان هەبێت، داخۆ وێنەو ڤیدیۆ کاریگەرییەکەیان چەندان بێت! ؟

بەڵگەنەویستە کە کتێبی وێنەدار و ڕەنگاوڕەنگ هاندەرە بۆ ئاسانتر فێربوونی فێرخواز (بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن)، گەر بێت و لەتەمەنێکی منداڵی وەکو قۆناغی بنەڕەتیدا بێت! بیارنی دەڵێت: (بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئەوە سەلمێنراوە کە پەرتووکی دەوڵەمەند بەوێنە هاوکاری منداڵانە لە پێکەوە گرێدانی هەریەك لەوێنە، وشە و واتا/ بیارنی 2007، لا37). ئەم بۆچوونە لە فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوەو نووسیندا لەسەرەتاکانی چوونە ژێر ساباتی پەروەردە، هەر لەباخچەی منداڵانەوە زۆر دروستە. لەفێرکردنی خوێندنەوەدا، هەروەها بۆ فێربوونی زمانێکی تر جگە لەزمانی دایکیش هەروایە. لەمبارەیەوە وراگ پێی وایە کە: (وێنەی بێ وشە لەیەکەم هەنگاوی فێرکردنی خوێندنەوەدا، گەر پێش نووین ووشە بکەوێت، گرنگتر و کاریگەرترە، چونکە هەمیشە وێنەکان، وشەکان و بابەتەکان وەبیر منداڵان دەهێننەوە/ وراگ 2005، 46).

هەروەها چۆن شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ناڕاستەوخۆی نەرم و نیان کاریگەردەبن بۆ سەرنجکێشکردنی منداڵ، لەناو حەکایەت و چیرۆکەوە، وێنەکانیش هاوتای وشەو ڕستە لەقۆناغەکانی دواتری سەرەتای فێربوونی خوێندنەوە و نووسینیشدا هەمان شێوە ئەو کاریگەرییەیان بەردەوام دەبێت، بەمەرجێك لەشوێن و کاتی خۆیاندا بخرێنە بەردەستی قوتابیی و لەکەشێکی پەروەردەییدا بکرێنە وەسیلەی بزواندنی هەست و بیری قوتابی و چالاککردنی کارامەییەکانی بەرەو گەشەکردن و تەنانەت داهێنانیش. (هۆکارەکانی گەشی نووسین لای منداڵ پشت بەو قۆناغە دەبەستێت کە تێیدایە، بۆ نموونە: لەقۆناغی سەرەتایی (بنەڕەتی)دا، دەکرێت کۆمەڵێك وێنەپێکەوە بەشداربن لەیارمەتیدانی قوتابیدا لەپرۆسەی داڕشتن (نووسن)دا / Ministry of Education, 2005, p6). ئەمەش بۆ پتر کاراکردنی بیر و سەرەنجەکانی و کەڵك وەرگرتن لە یادەوەرییەکانی لەتەك ئەو وێنەوە زانیارییانەدا مەزراندنیان لەشوێنی تایبەتی خۆیدا و بەهێزترکردنی نووسینەکە. هەرچەندەباسکردن لەبایەخ و کاریگەری وێنە لەپەروەردەو فێرکردندا بەگشتی وەکو ئەو بەڵگە نەویستەیە کە ئاو سەرچاوەی ژیانە! لەتەك ئەمەشدا ئاشکراتر کردن و هاندان بۆ بەکارهێنانی وێنە لەکردەی داڕشتن (نووسین)دا، مرۆڤ لەهەر تەمەنێکدا و لەهەرکوێیەکدا بێت، گەر وانەبایە مرۆڤ ئەم هەوڵەی نەدەدا، ئامێری وێنەگرتن دابهێنێت و فیلمی سینەمایی دروست بکات (ڕەش و سپی پاشان ڕەنگاوڕەنگ)بسازێنێ! ! وەلێ کایەکانی ژیان بەردەوام پێویستییان بە بوژانەوەو هێز وەبەردانە، ئیدی بەکارهێنان و نەهێنانیش دەگەڕێتەوە سەر تواناو ئاوەز و بەتەنگەوە هاتنی مامۆستا بەپلەی یەکەم و قوتابیش چێژ لەو هاندان و بایەخپێدانە

وەردەگرێت و توانای خۆسەلماندنی فرەتر و فراوانتر دەبێت، تاکو دەگاتە قۆناغەکانی داهێنان.

ئەو بەڵگەو ڕاستەقینانە بوون توێژەرانیان هاندا کە بیر لە توێژینەویەك بکەنەوە، ئەم ڕاستییانە زیندوتر، نزیکتر لەدیدو بیر و کارامەییکانی قوتابییانەوە پیادەبکەن و مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی ـ بەتایبەتی ـ لەقۆناغی بنەڕەتییدا بیر لەوە بکەنەوە کە ئیدی شێوازی ئەزبەرکردنی وشك و برینگ لەچەقبەستن و بۆدواوە گەڕانەوە پتر، شتێکی تر بەدەستەوە نادات، دەبا دەستبکەن بە چالاککردنی قوتابییانی بنەڕەتی بەرەو مێشککرانەوە و داهێنان و خۆسەلماندن. ترس و تۆقاندن و گەورەکردنی بیرۆکە سواوەکان بەسبێت و بابەتە نوێیەکان، بکرێنە جێگەی بایەخپێدان و نووسینی بێ ترس و ئازاد.

### 3. پلانی گوتنەوەی وانەیەکی (40) چل خولەکی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە:

1- ئامادەکردنی (5) پێنج پرسیاری چەسپاو و ڕیزبەندیکراو (بۆهەموو پۆلەکانی توێژینەوەکە) لەبارەی ژینگەو ژینگەپارێزییەوە کە لەدوو فۆرمی ژمارە (1) و ژمارە (2)دا چاپ و ئامادەکرابوون.

2- ئامادەکردنی (10) دانە لە ئەو وێنە ڕەنگاوڕەنگانەی لەسەر کارتۆنێکی گەورە بەپێی هەنگاوەکانی پەیڕەوکردنی بیرۆکەکە ڕیزکرابوون.

3- چوونە ناو پۆل. ڕۆژباش و سلاو کردن.هێورکردنەوەی پۆل.ڕوونکردنەوەی مەبەست لە گوتنەوەی وانەیەکی داڕشتن لەلایەن یەکێك لەلێکۆڵەرانەوە، کە بۆ تاقیکردنەوەو نمرە نییە.

4- وەرگرتنی ڕای قوتابییانی هەر پۆلێك و سەرپشککردنیان لەبەشداربوون یان بەشدار نەبوون.

5- دەستکردن بەپرۆسەکە. دابەشکردنی فۆرمی ژمارە (1) کە تەنیا پرسیارەکانی لەسەر بوو. وەڵامدانەویان.

6- نووسینی ناوی سیانی. پۆل. قوتابخانە.

7- قوتابییان پرسیارەکان دەخوێننەوەو بەپشت بەستن بەزانیاریی پێشوویان، لەماوەی (10) خولەکدا وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمی ژمارە (1) دەدەنەوە.

8- دابەشکردنی ئەو فۆرمەی کە وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی تێدایە بە کۆپیکراوەیی.

9- ماوەی (5) پێنج خولەك بەقوتابییان دەدرێت، هەموو وێنەکان بەوردی سەرنجیان لێ دەدرێت و لەبابەتەکانیان تێدەگەن. دواتر ئەوەی لەوێنەکانەوە تێی گەیشتن لەبارەی وێنەکانەوە لەسەر فۆرمی ژمارە (2) دەینووسن و هەر وەڵامەی لەشوێنی تایبەتی خۆیدا، بەپێی پرسیارەکە ـ کە هەمان پرسیارەکانی فۆرمی ژمارە (1)ن، وەڵامەکان دەنووسنەوە.

10- جێگەی ئاماژەیە ئەم هەنگاوەیش (10) خولەکی بۆ تەرخانکراوە، ئەوەی پێویستە بگوترێت نووسینەوەی وەڵامەکانە بەجیاجیاو کۆنەکردنەوەیانە لەبابەتێکی سەربەخۆدا، ئەمەیش تەنیا بۆ ئاگاداربوون لەسەر کاریگەریی وێنەکان لەسەر وەڵامەکان، بەبەراورد لەگەڵ فۆرمی ژمارە (1)دا.

### 4. شیکردنەوەی وەڵامی قوتابییان ( فۆڕمی 1 و 2)

توێژەران سەرجەم داتاکانیان بەپێی ڕیزبەندیی و ژمارەی قوتابخانەکان لەخشتیەکدا خستۆتە ڕوو، بەئامانجی لێکدانەوەو شیکردنەوەو بەراوردکردنی داتاکان. بڕوانە وێنەی ژمارە (1). لەم خشتەیەدا لەگەڵ هەبوونی ڕێژەی جیاواز لەگەشەکردنی قوتابییان لەکارامەیی نووسین لەنێوان قوتابخانەکاندا، هاوکات سەرجەمیان بەسەر یەکەوە، هەست بە بەرەو پێشچونێکی ئاشکرای دڵخۆشکەر دەکرێت، کە (216) قوتابین، ئەم ژمارەیەش (76٪) ژمارەی قوتابییان پێکدەهێنن، بڕوانە وێنەی ژمارە (3). بێگومان، ئەم ڕێژەیە دڵخۆشکەرەو، جێگای هەڵوەستەکردنە لەسەری و جێگای بایەخپێدانی ئەم شێواز و تەکنیکەیە لە گوتنەوەی لقی دەبڕینی بەهەردوو بەشەکەیەوە (زارەکیی و نووسەکیی).

سەرباری ئەو گەشەکردنەی لەوەڵامی ئەو (216) قوتابییەدا دەبینرێت، بەپێچەوانەوە، وەك هەستی پێدەکرێت و لە خشتەکەدا پیشاندراوە (16) قوتابی ، نەك هەر بەرەو پێش نەچوونە، بەڵکو پاشەکشەشیانکردووە. واتە ڕادەی نووسینەکانیان لەڕووی چەندێتیی و چۆنییەتییەوە لەفۆڕمی ژمارە (2)دا کەمی کردووەو بەرەوە دواوە کشاوەتەوە، بڕوانە وێنەی ژمارە (3). تۆمارکردنی ئەم ڕێژەیە لەلایەن توێژەرانەوە، چەند گریمانەیەك لەخۆ دەگرێت:

1. دەشێت هۆکاری بابەتی بێت، بەو واتایەی کە ئەو قوتابییانە لەو ڕۆژەدا باری کۆمەڵایەتیی و ژینگەییان لەبار نەبووبێت، ئەمەش بووبێت بەڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونیاندا.

2. دەشێت هۆکارەکەی خودیی بێت، بەواتای ئەوەی جیاوازی تاکیی پێماندەڵێت، مەرج نییە شێوازی فێربوونی قوتابییان هەمووی وەکو یەك وابێت، کەواتە دەشێت بگوترێت، هەر شێوازێك کە مامۆستا پێی گونجاو و باشە، مەرج نییە بۆ سەرجەم فێرخوازان باش بێت.

3. گریمانەیەکی تر، بەدوور نازانرێت پەیوەست بێت بە خودی توێژەرانەوە، لەکاتی گوتنەوەی وانەکەدا.

لەگەڵ هەبوونی ئەو دوو جۆرە ئەنجامەی کە بەشێکیان گەشەیانکردبوو، بەشەکەی تر بە پێچەوانەوە! جۆری سێیەمیش لەناو وەڵامی قوتابییەکاندا هەبوو، ئەو جۆرەش بریتی بوون لەو قوتابییانەی کە نە بەرەو پێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیبوو، نە پاشەکشەشیان کردبوو. واتە وەڵامی ئەو قوتابییانە لەفۆرمی ژمارە

(1) هەمان وڵام بوون لە فۆرمی ژمارە (2)دا. ژمارەی ئەو قوتابییانە (51) قوتابی بوون، کە ڕێژەی (18٪)ی ژمارەی قوتابییانیان پێکهێنابوو. بوونی ئەم ئەنجامە لەنێو لێکۆڵینەوەکەدا، هێمای دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەو مەغزای تێڕامانی زیاترە بۆ وەڵامەکان بەلای توێژەرانەوە. هاوکات جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنیشە، بەو واتایەی هۆکارگەلێك هەبن لەپشت دەستهاتنی ئەمجۆرە ئەنجامانە!

لێکۆڵەران وای دەبینن: گۆڕینی مامۆستای بابەت، لەسەرەتادا دەبێتە هۆی شۆکی بەشێك لەقوتابییان و وەستانی چالاکییەکانیان بۆماوەیەك! هەروەها، ئەمە بۆ مامۆستایش ڕاستە کە یەکەمجار دەچێتە پۆلێکەوە، شتێکی نامۆ نییە کە بڵێین مامۆستا نەیتوانیبێت بەتەواوەتی ڕەچاوی ئەوبار و دۆخە بکات، ئەنجامی ئەمەش، بەشێك لە قوتابییان کارلێکیان لەگەڵ مامۆستاو ڕێگاو شێوازەکەیدا نەکردبێت. دواتر ئەم ئەنجامەی لێکەوتبێتەوە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە یاداشتی کردووە.

سەبارەت بە هاوسەنگیی ڕەگەزیی، توێژەران بە پێویستیان زانی نموونەی توێژینەوەکەیان لەقوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشدار بن، ئامانج لەمە بۆ ئەوە نەبوو، تاکو بەراوردی ڕەگەزیی بکرێت، بەڵکو ئامانجی توێژەران ئەوە بوو، تاکو ئەنجامەکان گشتاندنی بۆ بکرێت لەسەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر، لەپارێزگاری هەولێر بڕوانە وێنەی ژمارە، لەداهاتووشدا بۆ سەرجەم پۆلەکانی شەشەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەرێم بەهەردوو ڕەگەزەوە (2).

خواستێکی تری توێژەران، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتی بوو لە گریمانەکردنی بەرەو پێشچوونی قوتابییان لەڕووی چەندێتییەوە لەپاڵ بەرەو پێشچوونی چۆنێتیدا، بۆ ئەم مەبەستە، هەروەك لە خشتەکەدا، وێنەی ژمارە (1) دیارخراوە، قوتابییان لەوڵامدانەوەی فۆڕمی ژمارە (2)دا، پاڵپشت بە بەکارهێنانی وێنە، بەرەو پێشچوونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیبوو. قوتابییان لەکاتی وڵامدانەوەی پرسیارەکانی فوڕمی ژمارە (1)دا، کە بریتییبوون لە (1415) پرسیار، لەناویاندا (171) پرسیار وڵام نەدرابۆوە، کە ڕێژەکەی، بریتییە لە (12٪) لەکۆی پرسیارەکان. لەکاتێکدا لەفوڕمی ژمارە (2)دا ڕیچژەی پرسیارە وڵام نەدراوەکان، بریتییەن لە (24) پرسیار، کە تەنیا ڕێژەی (2٪)ی پرسیارەکان پێکدەهێنن، بڕوانە وێنەی ژمارە ( 1 و 4). ئەمەش لەخۆیدا بەرەو پێشچوونێکی دیار و بەرچاوە لەڕووی چەندێتییەوە لە ئاستی وەڵامی قوتابییاندا.




وێنەیەك لەو فۆرمانەی گەشەیانکردووە


قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە: فۆرمی ژمارە (٢)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە: فۆرمی ژمارە (١)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەکی تر لەو فۆرمانەی گەشەیانکردووە.


قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە: فۆرمی ژمارە (٢)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە: فۆرمی ژمارە (١)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەك لەو فۆرمانەی کە لەڕووی چەندێتییەوە گەشەیانکردووە



وێنەیەك لەو فۆرمانەی وەكو خۆیانن



وێنەی فۆرمێك لەوانەی كەوا پاشەكشەیانكردووە



فۆرمی وێنە بەکارهاتووەکان

خشتێ ژمارە 1

| قوتابخانە | ژمارەی قوتابییان | ژمارەی کچان | ژمارەی کوڕان | گەشە کردن | وەك خۆی | پاشە کشە | پرسیاری بێ وڵام، ف1 | پرسیاری بێ وڵام، ف2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ق1 | 17 | 10 | 7 | 15 | 2 | – | 5 | – |
| ق2 | 23 | 12 | 11 | 20 | 3 | – | 6 | 2 |
| ق3 | 17 | 12 | 5 | 15 | 2 | – | 2 | – |
| ق4 | 19 | 8 | 11 | 15 | 2 | 2 | 14 | 2 |
| ق5 | 20 | 15 | 5 | 16 | 1 | 3 | 7 | 1 |
| ق6 | 30 | 23 | 7 | 20 | 5 | 5 | 5 | 1 |
| ق7 | 25 | 15 | 10 | 17 | 7 | 1 | 9 | 4 |
| ق8 | 29 | 21 | 8 | 22 | 5 | 2 | 32 | 2 |
| ق9 | 23 | 11 | 12 | 21 | 2 | – | 28 | 1 |
| ق10 | 33 | – | 33 | 23 | 10 | – | 31 | 8 |
| ق11 | 19 | 4 | 15 | 14 | 4 | 1 | 15 | – |
| ق12 | 28 | 9 | 19 | 18 | 8 | 2 | 7 | 3 |
| سەرجەم | 283 | 140 | 143 | 216 | 51 | 16 | 171 | 24 |
| ڕێژەی سەدی | | ٪49 | ٪51 | ٪76 | ٪18 | ٪6 | ٪12 | ٪2 |




وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)




وێنەی ژمارە (4)

خشتەی ژمارە 2

| زمانی کوردی | اللغة العربية | English language |
|---|---|---|
| دەربڕین | التعبير | Expression |
| مرۆڤ | الإنسان | Human being |
| گیانداران | الكائنات الحية | other primates |
| پەرەپێدان | التطوير | Development |
| کارامەیی خۆ دەربڕین | مهارة التعبير عن النفس | The skill of self-expression |

## 5. ئەنجامەکان

1. بایەخپێنەدان، پشتگوێخستن و بەهەند وەرنەگرتنی دەربڕینی (زارەکیی و نووسەکیی) بەئاستی قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییەوە دیارە.

2. سام و ترس لەنووسین بەڕێنمایی و هاوکاربوونی مامۆستا بۆ قوتابی دەرەوێننەوە و بەئەرێنی بۆ قوتابی دەگەڕێنەوە.

3. کەمی کاتی تەرخانکراو لەناو لقەکانی تری زماندا بۆ دەربڕین و داڕشتن، بەنەرێنی بەسەر قوتابییاندا شکاوەتەوە.

4. وێنەکان لە تاقیکردنەوەی فۆرمی ژمارە دوو (پاشان/ بعدی)دا، جوڵەو چالاکییەکی بەرچاوی بەتوانای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکەدا.

5. مامۆستا و وەسیلەکانی ڕوونکردنەوە لەکاراکردنی ئەم کارامەییەدا، پاڵپشت و هاوکار دەبن.

6. بەگشتی قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە پێشوازییەکی بەرچاویان کرد لەم شێوازە (پیشاندانی وێنە) و مامەڵکردنە لەگەڵ گوتنەوەی ئەم لقەی زماندا.

7. بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئامادەبووی هەموو ئەو قوتابخانانەی کە گوتنەوەی وانەکانی تێدا ئەنجامدرا، گەواهی دەری ئەو جوڵەو گەشەکردنە بوون کە بەقوتابییەکانییانەوە دەبینرا.

8. وێنە تاڕادەیەکی بەرچاوە ئیلهام بەخشی زەینی قوتابیی و وزەبەخشی گیانی دەربڕینە، بەمەرجێك هەماهەنگیی هەبێت لەنێوان پەیامی وێنەو مەرام و مەبەستی بابەتەی داوکراو لەلایەن مامۆستاوە.

## 6. ڕاسپاردەکان

هەردوو توێژەر لەئەنجامی بەکارهێنانی (وێنە)دا لەکاراکردنی قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییدا، ئەم ڕاسپاردانە دەخەنە بەرچاوی وەزارەتی پەروەردە، یەکەی پرۆگرامەکان و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان - بۆ بەرەوپێشبردنی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان:

1. بایەخدان بەدەربڕینی زارەکیی لەخێزان، دایەنگەو باخچەی ساوایانەوەتاکو کۆتایی (بازنەی دووەم، پۆلەکانی 4 ، 5 ، 6).
2. شانبەشانی بایەخدان بە دەربڕینی زارەکیی لە پۆلی دووەمی بازنەی یەکەمەوە دەستبکرێت بەدەبڕینی نووسراو لەشێوەی نووسین لەسەر وێنەکان و لەپۆلی سێیەمی هەرئەو بازنەیەدا بەرەو پێشتر بچێت.
3. مەشق و ڕاهێنان کردن بەمامۆستایانی باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی بنەڕەتی لەبواری بایەخدان بە دەربڕین لەڕووی تیۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن و دەروونزانییەوە.
4. پڕکردنی چالاکییە ناو پۆلی و دەرەوەی پۆل بۆ بەهێزکردنی تواناو بەهرەی دەربڕین لەڕێگەی وێنە، فیلم و نمایشکردنەوە.
5. ڕاسپاردە دەکرێت حەفتانە یەك بەشەوانە بۆ دەبڕین و نووسین تەرخانبکرێت، تاکو لەو هەلی بەداڕشتن کردنی تەنیا وانەیەك لەچەند حەفتەیەکدا، ڕزگاری ببێت.

## 7. سەرچاوەکان

### 1.7.بە زمانی کوردی:

کەریم مستەفا، فەلسەفە بۆ مندالآن، چاپی یەکەم، سلێمانی/ 2011

ئالان پشتیوان کەریم، بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکیی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەزمانی کوردیدا، 2014، ماستەرنامە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

### 2.7 بە زمانی عەرەبی:

مختار طاهر حسين، تعليم التعبير الكتابي/ مرشد المعلم، مكتبة عبيكان، الطبعة الأولى، الرياض/ 2006

### 3.7 بە زمانی ئینگلیزی:

Bearne, V. and Wolstencroft, H. (2007) "Visual Approaches for Teaching Writing Multimodal Literacy 5-11, UK, London, SAGE Publications Company

E.C.Wragg, C.M.Wragg, G.S.Haynes and R.P.Chamberlin, (1998) "Improving Literacy in The Primary School" London and New York, Routledge.

Ministry of Education, (2005) "A guide to Affective Instruction in Writing" UK, London, Queen's Printer for Ontario.

## فعالية الصورة على مهارة التعبير الكتابي

**الملخص:**

إن اللغة هي الفاصل ونقطة الإختلاف بين الإنسان والكائنات الأخرى. وقدرته على التعبير الشفاهي عالية ونشيطة، وفي حال كون الإنسان متعلماً، يمكنه عن نفسه و بيئته كتابةً وبصورة أعمق، وبإستعمال حواسه الخمسة وجهاز النطق ومداومة التواصل. وإن التعبير الشفهي والكتابي بحاجة إلى التنشيط والتطوير، فإن الوسائل والأسباب الأخرى المتاحة في البيت والمجتمع والمدرسة تساعد على نمو وتطوير هاتين المهارتين، وذلك بوجود المتعلمين في البيت والمعلم والكتاب في المدرسة، والوصول بالطفل الى مستوى أعلى من ناحية المطلوبة والتي هي (مهارة التعبير) في أصل غريزية عند مساعدة الطفل في تعلمه.

**الكلمات الدالة:** الإنسان، الكائنات الاخرى، التعبير الشفهي والكتابي، مهارة التعبير، النمو، التطوير.

## The Effectiveness of Picture on Writing Skill

**Abstract:**

Human Being can communicate orally which make them different animal communication. even if an individual is not educated he can convey what he or she wants to express clearly. it is clear from what has been mentioned previously that there is huge different between human and animal communication. both spoken and written forms communication required activation and development. Human, society, and schools are the main elements which affects the development of these forms. expert people should hold the responsibility for this issue. these skills should be developed an enjoyable style from primary stage.

**Keywords:** Human Being, Animal, Verbal and Written Expression, Skill of Expression, Growth, Development.

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 123–131, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# ڕۆشنگەرییا فەقێ قادرێ هەمەوەندی د ئەدەبێ کوردیدا

دولت محمد أحمد
پشکا زمانێ کوردی ، فاکولتییا زانستێن مرۆڤایەتیێ، زانکۆیا زاخۆ، هەرێما کوردستانێ – ئێراق (dawlat.ahmed@uoz.edu.krd)

وەرگرتن:2017/10 پەسەندکرن: 2018/03 بەلاڤکرن: 2018/03 https://doi.org/10.26436/2018.6.1.556

پوختە:
ئەڤ ڤەکۆلینە دەربارەی (ڕۆشنگەرییا فەقێ قادرێ هەمەوەندی د ئەدەبێ کوردیدا) یە، ژبەرکو د بیاڤێ هزرا نەتەوەیی و نیشتمانی و شۆڕەشگێرییێڤە فەقێ قادرێ هەمەوەند خودان شیانەکا مەزن بو ئەڤە ژ لایەکیڤە، ژلایەکێ دیڤە هەمە ڕەنگییا بارودۆخ و ڕەوشا ژیانا وی وەختی یا هۆزانڤانێ ناڤبری تێدا ژیایە بویە ئەگەرێ سەرەکییا ناڤکرنا ڤێ ڤەکۆلینێ. گرنگییا ڤێ ڤەکۆلینێ ژ ڤێ چەندێ دا دیاردبیت " ڤەکۆلینەکا کارەکی و مێژویی و شیکارییە ، هەروەسا ئەڤ ڤەکۆلینە بۆ هەر ڤەکۆلەرەکی هاریکارەکا باشە د بوارێ ڤەکۆلینا ڕۆشنگەرییێ د ئەدەبێ کوردیدا ب گشتی و ڤەکۆلینا ئاستێ ڕەوشەنبیرییا فەقێ قادرێ هەمەوەندی ب تایبەتی کاربکەت و هەولا خوە بدەت.

**پەیڤێن سەرەکی**: ڕۆشنگەری، نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، ئەدەب، هۆزان، بارودۆخ.

## 1.پێشەکی

### 1.1.سنورێ ڤەکۆلینێ:

سنورێ ڤەکۆلینێ لایەنێ ڕۆشنگەرییێ ڤەدگریت د هۆزانێن فەقێ قادرێ هەمەوەندیدا.

### 2.1.ڕێبازا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ل سەر بنەمایێ ڕێبازا وەسفی یا شیکاری هاتیە ئەنجامدان، هەروەسا ل دیڤ پێدڤیاتییا ڤەکۆلینێ ئەم نەچار دبین بەرەڤ ڕێبازا مێژویی ژی بچین،کو زمانێ نڤێسینا بەرهەمێن هۆزانڤانی پێڤەرێ سەرەکینە بۆ ڤێ چەندێ.

### 3.1. ئاریشەیا ڤەکۆلینێ:

نەبون و کێمییا ژێدەرێن دەربارەی ڤی بابەتی ئەوێن ل بەردەستێ مە ، ئاریشەیا سەرکی و هەرە گرنگ بویە دڤێ ڤەکۆلینێدا، ژبەرهندێ مە ب فەر زانی ئەڤێ ڤەکۆلینێ ب شێوەکێ کارەکی (مەیدانی) بەرهەڤبکەین بۆ ڕوهنکرنا پلە و چەوانیا وێ ڕۆشنگەرییێ د هۆزانێن فەقێ قادرێ هەمەوەندیدا.

### 4.1.پشکێن ڤەکولینێ:

ئەڤ ڤەکولینە ب ڤی شێوەی ل خوارێ هاتیە دابەشکرن :

کورتییا ڤەکولینێ : کو کورتییا ڤەکولینێ ب شێوەکێ کورت مەبەست و هزرا ڤەکولینێ تێدا هاتیە دیارکرن.

دەسپێکا ڤەکولینێ : ناڤ و نیشانێ ڤەکولینێ و سنورێ ڤەکولینێ و ڕێبازێ ڤەکولینێ و ئاریشەیێن ڤەکولینێ بخوڤەدگریت.

پشکا ئێکێ : کورتیەك ژ ژیانا فەقێ قادرێ هەمەوەندی ، پشتی هنگێ بارودۆخێ کوردستان و کارتێکرنا وی ل سەر ئەدەب و بزاڤا ڕووناکبیرییا کوردی ل سەردەمێ فەقێ قادرێ هەمەوەندی .

پشکادوێ : دیاریکرنا چەوانییا کارتێکرنا ئەو ڕەوشا ڕەوشەنبیری و نەتەوەیی ل سەر فەقێ قادرێ هەمەوەندی و ڕەنگڤەدانا وان دهۆزانێن ویدا.

## 2. کورتیەك ژ ژیانا فەقێ قادرێ هەمەوەندی

فەقێ قادر ناڤێ وی یێ درست (عەبدولقادر ڕەسول جوامێر) ە ، کو سەر ب بابکا چەلەبی یا هۆزا هەمەوەندە و ل گوندێ ( قودرەتە ) یا سەر ب دەڤەرا بازیان ل سالا (1830ز) ژ دایکبویە[1].

فەقێ قادر وەکی هەمی هۆزانڤانێن مە یێن وی سەردەمی ب مەرەما خواندنێ و ب دەستڤەئینانا ئیجازا مەلاتیێ بەرەڤ مزگەفت و حوجراڤە چویە و دەست ب خواندنێ کریە ، بەلێ (( ئیجازەی دوازدە عیلمەی مەلایانەی وەرنەگرتووە وەك جاران باوبووە ))[2] ، کەواتە فەقێ قادر خواندنا خۆ تەمام نەکریە و دقۆناغا فەقیاتی خواندناخۆ هێلایە و ((لەوانەیە هەر ئەو وازهێنانەش بوویێتە هۆی ئەوەی لەقەبی ((فەقێ)) بۆ خۆی بهێڵێتەوە و وەك نازناو لە شیعریدا بەکاری بێنێ ))[3] .

فەقێ قادر ژلایێ پلەوپایا جڤاکیڤە دناڤ جڤاکیدا کەسەکێ بەرنیاس و ژبنەماڵەکا بەرنیا سا هۆزا هەمەوەندییان بویە، ئەڤ چەندە ژی پتر دەلیڤە بۆ وی ڕەخساندیە کو وەکی مرۆڤەکێ سەرکردە ب ڕێیا هۆزانێن خۆ ڕۆلەکێ نەتەوەیی و نیشتمانییا گرنگ ببینیت و گەلەك هشیار و زیرەك بویە و ب هویری ل سەر وان بابەت و ئاریشێن

نەتەوەیێن نەتەوا خۆیا کوردی ڕاوەستیایە و ئارمانجێن گەشبین بۆ پاشەڕۆژا مللەتێ خۆ دەستنیشانکریە، هەردەم بەرژەوەندییا نەتەوا خۆ بەری بەرژەوەندییا خۆیا تایبەت دانایە و دناڤ هۆزانێن خۆدا وەکی شێوەکار و تابلۆکارێك ڕەنگڤەدانا ژیانا خەلکێ وی سەردەمی ب گشتی و هۆزا هەمەوەندی ب تایبەتی دداتە دیارکرن وەکی هۆزەك ژ وان هۆزێن خەباتکەرێن کورد کو ب درێژاهییا مێژویا کوردی دەستبەرداری مافێ خۆیێن نەتەوەیی نەبوینە.

هەرچەندە ناڤبری ل دەسپێکێدا پەیوەندییەکا باش دگەل دەسەلاتدارییا عوسمانییان هەبویە، بەلێ پشتێ خیانەت و خراپبونا سیاسەتا عوسمانییان بەرامبەری میر و میرگەهێن کوردی ، فەقێ قادری دەست ب خەباتا خۆیا نەتەوەیی کریە دژی عوسمانییان ب ڕێیا هۆزانێن خۆ[4] ب بەردەوامی و گەلەك تێهنی ئازادیێ بوویە، ژبەرهندێ (( لە ماوەی سالانی 1885– 1887 ژیانی دیلی لە بەندیخانەکانی کەرکووك و مووسلێ و بەغدا بردۆتە سەر ))[5] .

فەقێ قادر ل سالا ( 1890ز ) وەغەرا دوماهیێ دکەت[6] و چرایەکا دی د ئەدەبێ کلاسیکا کوردیدا ڤەدمریت.

## 1.2. بارودۆخی کوردستان و کارتێکرنا وی ل سەر ئەدەب و بزاڤا ڕووناکبیرییا کوردی ل سەردەمێ فەقێ قادرێ هەمەوەندی:

بارودۆخێ خراپ و ئالوزا ژیانێ ل کوردستانێ ل سەردەمێ هۆزانڤان فەقێ قادرێ هەمەوەندی وە ل هۆزانڤانی کریە کو ئەو بارودۆخ دهۆزانێن ویدا ڕەنگڤە بدەت هەتا وە لێ هاتیە هندەك جاران ئەو بارودۆخ بویە ئەگەرێ ئاوارەیی و دەربەدەرییا وی.

ئەگەر ئەم ب شێوەکێ هویرتر ل سەر بابەتی باخڤین ، دێ بینین کو ئەڤ بزوتنەوە ڕۆشنگەرییە هەر ل سەردەمێ خانی ل سەدێ (17) و (18) یدا ئەڤ سیما و تایبەتمەندییە ڕووناکبیرییە هەبویە ب تایبەت د بەرهەمێ ( مەم و زین ) دا ، کو گەلەك هەلویستێن نەتەوایەتی و هزرا نیشتمانپەروەری و ڕەوشەنبیری و جڤاکی بخۆڤە دگریت[7].

دناڤ ڕێڕەوا بزوتنەوا ڕۆشنگەرییا کلاسیکییا کرمانجییا خارێدا پشتی ئەحمەدێ خانی، فەقێ قادرێ هەمەوەندی وەکی ڕێبەرێ ڤێ بزوتنەوێ بویە و هەلویست و بۆچوونێن کاریگەر و گرنگ بۆ ئەو سەردەمێ تێدا ژیای دەربڕیە، (( هەرچەند بەرهەمەکانی فەقێ قادر تێکڕا بەرهەمی ئایینی و کۆمەلایەتی و ڕازخوانیی– بە مەبەستی پەند و عیبرەت وەرگرتن لە ڕۆژگارن، لەم لاو لەولای ئەو بەرهەمانەوە جۆرە نیشانەیەکی هەستی نەتەوەیی یەتی و نەتەوەپەروەری دەرئەکەوێ ))[8] ، کو ب تێپەڕبونا دەمەکی بۆ ئێکا دی ئەڤ پرۆسە و پەیرەوە دوبارەبویەڤە هەتا ئەڤرۆکە و گرنگی پێ هاتیەدان.

دوی دەمیدا ڕەوشا مێژوییا کوردستانێ ژ دو بابەتێن گرنگ پێکهاتبو ، ئێك ژوان مژیلبونا کوردان ب شەڕی دگەل ئێك و دو، یا دیتر ژی ململانێ و شەڕێ کوردا دگەل دەسەلاتدار و زلهێزێ دەڤەرێ کو عوسمانی بون ، فەقێ قادر هەلویست و چارەسەر و بۆچونێن خۆ یێن تایبەت د هۆزانێن خۆدا دەربڕیە.

د وێ قۆناغێدا دۆخەکێ وەسا ب سەر کوردستانێدا هاتبو کو ململانێ و دوبەرەکی دناڤبەرا میر و میرگەهێن کوردی چێ ببو و ژڤێ گرنگتر ژی دەسەلاتدارییا عوسمانی مفایەکا زۆر ژ وێ ململانێ وەرگرت و بەردەوام د هەولا لاوازکرنا دەسەلاتا کوردیدا بویە[9].

بێ گومان ئەڤ ڕەوشە ژی کاریگەرییەکا خراپ ل سەر کوردستانێ هەبو و کوردستان کەتە دناڤ دۆخەکێ سەخت و دژوار، دەرئەنجامێ ڤێ ڕەوشێ ژی تێکشکان و ژناڤچونا میرگەهێن کوردی بو وەکی میرگەهێن ئەردەلان و سۆران وبۆتان و ب تایبەت میرگەها بابان کو جهـ و وارێ ژیانا فەقێ قادری بو ل قەزا چەمچەمال یا نوکە ، کو کارتێکرنەکا زۆر کرە سەر تاکێن کوردی ب گشتی و ڕەوشەنبیر و خودان هەلویستێن تایبەت و گونجای ب تایبەتی ژوانا ژی فەقێ قادرێ هەمەوەندی بو کو د هۆزانێن خۆدا ب ڕێژەکا زێدە هێرشێ دکەتە سەر دەسەلاتا عوسمانی و هەتا دگەهیتە وێ ئاستێ بێ هێڤی بیت ژ حوکم و دەسەلاتدارییا عوسمانییا ل کوردستانێ ب گشتی و ل دەڤەرێ ب تایبەتی، ئەڤ چەندە ئەگەر بویە بۆ وەرارا هزر وبیر و هەلویستا فەقێ قادری و بیاڤێ هزرکرنا وی بەرفرەهتر لێکریە ، ئاشکەرایە (( هەر شاعیر و ئەدیب و ئەدەب دۆستێکی کورد پێش سەردەمی بلاوبوونەوەی هەستی نەتەوەیی یەتی لەناو کوردا، شیعری بەکوردی وتبێ و ، بەڵکو هەر مەلایەکی کورد کە پێش ئەو سەردەمە بەرهەمی ئایینیی بە زمانی کوردی نووسیبێ، نەتەوەدۆستی و ئارەزووی خزمەت کردنی نەتەوە ئەو سەودایەی خستووەتە مێشکەوە. فەقێ قادریش ئەگەر تەنها لە دەلاقەی ژیانی کۆمەلایەتیی خۆی و خێڵەکەیەوە بۆی بڕوانین، ئەبێ بیخەینە ناو ئەم چوارچێوەیە و دان بە بوونی ئەم هەستە لە دڵیدا بنێین. خۆ ئەگەر بێتوو وردترو دوورتر بڕوانین، ناتوانین لە بارودۆخی سەردەمی بابانەکان و پێوەندی هەمەوەند بە بابانەکانەوەو، لە بلاوبوونەوەی دەنگ و باسی بزووتنەوە ئازادی خوازەکانی گەلانی عوسمانی و دەنگ دانەوەی سیاسەتی ئەو چەرخەی لە کوردستانی خوارووا– جیابکەینەوە ))[10] ئەڤە ژلایەکیڤە، ژلایەکی دیڤە (( بەشداری کردنی هەمەوەندەکانیش ، لەوەپاش، لە شەڕەکانی شێخ مەحموود دا لە دژی ئینگلیز کە هەموو شارەزایەکی مێژووی ناوچەکە ئاگای لێ یەتی، نیشانەی بوونی ئەو دەنگدانەوەیەیە نەك تەنها لە دڵی خوێندەوارێکی وەك فەقێ قادر، بەڵکو لە دەروونی سەرانسەری خێڵی هەمەوەند دا))[11] ، ژبەرهندێ ب شێوەکێ چالاك دەست ب خەباتا نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕەوشەنبیری و جڤاکی کریە و هۆزانێن خۆ کریە پەیامەکا سیاسی و جڤاکی و زانستی بۆ درێژە پێدانا وێ خەباتێ و پشتی ئەحمەدێ خانی د سەردەمێ کلاسیکدا د دەڤەرا کرمانجییا خوارێدا بویە سەرکێشێ

ڤێ بزوتنەوا رۆشــنگەرییێ ب ئەگەرێ دارێشــتنا ئایدیۆلۆژیایەکا نەتەوەیی و نیشتمانی و یێکڤەگرێدانا پرۆسێسا پێشکەفتنا جڤاکێ کوردەواری و خەونا وی وەکی چــرایەك بویە د ناڤ باخێ تاریاتییا نا ئومێدی و رەشبینییا جڤاکێ کوردیدا[12].

هەرچـــەندە ئەحمەدێ خانی ب دامەزرێنەرێ ڤێ بزوتنەوێ دهێتە دانان و ب شـێوەکێ کورت ل ســەر ڤێ بابەتی ئاخفتیە[13]، بەلێ فەقێ قادر ب شـێوەکێ هویرتر و پوختتر ل ســەر بابەت و ناڤەرۆکا نەتەوەیی و نیشـتمانی راوەســتیایە و پشـكەك ژ هۆزانا خۆ بۆ ڤێ مەبەســتێ تەرخانکریە، لەوما فەقێ قادرێ هەمەوەندی خودان تایبەتمەندییەکا شۆرە شگێرییە د مێژویا ئەدەبیاتا کوردیدا، ب رێیا هۆزانێن خۆ خزمەتەکا مەزن ب بزاڤا رووناکبیرییا کوردی گەهاندیە، (( کەواتە فەقێ قادر جیاناکرێتەوە لەو بارودۆخە کۆمەلآیەتی و بیری یەی (نالی) و (ســالم) و (حاجی قادری کۆیی) ی تیا خولقاو ، بەرهەمی هەمان زرووفە کە ئەو شــاعیرانە و گەلێ شــاعیری تری قوتابخانەکەی ئەوانی هێنایە بەرهەم))[14] ، بێ گومان (( حاجی پیاوێکی تێگەیشتوو بووە. زۆرچاك ئەوەی زانیوە کە خزمەتگوزاری خەلك و پارێزگاری کەلەپووری نەتەوەییمان بکات، بۆیە هەمیشـــە خزمەتی زانین و نیشــتیمانپەروەری کردووە، گیان و مالێ و توانای خۆی لە پێناوی کوردەواری لە رێگای نەتەوەی کورد دا داناوە، لەم روەشـــەوە پلەی دووەمی دوای ئەحمەدی خانی گرتوە لە بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا))[15] .

چون بی خەبەردار خێزا زمستان
هەرسەك و بولغار، قەرم و کوردستان
قارص و بایەزید، بەند ئەناضولَ
مەحکەم کەرد سەنگەر بەپەلج و سەهۆلَ
ئاکرێ شۆربەرێژ، ئاکۆ شەختەبەند
قەندیل و گودروون کەرد بە قەلعەی قەند
شاهۆ قایم کەرد، هەورامان مەحکەم
دەماوەند چەنی بلووچ کەرد وە تەم
( د.ف.ق.ل: 721–722 )

هۆزانڤان دڤێ پارچا هۆزانێدا ئاماژە ب گیانەکا نەتەوەیی و نیشتمانی و وەلاتپارێزییێ ددەت و ب شێوەکێ ئاشکەرا ناڤێ کوردستان و هندەك دەڤەرێن کوردستانێ وەکی ( بایەزید ، ئاکرێ ، قەندیل ، هەورامان ) ێ دئینیت، ئەڤە ژی ب راستی هەستەکا هویرە بەرامبەری نەتەوە و وەلاتێ خۆ و نیشانا وەفداری و دلسۆزییا هۆزانڤانیە کو خەما وی هەردەم گەلێ وی و ئاخا وەلاتیە. هەروەسا دجهەکێ دی ب ڤی شێوەی دەربرینێ ژ وی بابەتی دکەت و دبێژیت:

تۆ صەد جار وەی گەوڕ بە حیلە و تەزویر
جە بەند زەنجیر تورکان بیت ئەسیر
تۆ خۆ مەزانی تورك بێ مەجازەن
جە نێك و جە بەد بێ ئیمتیازەن!
( د.ف.ق.ل: 152 )

دڤێ پارچــێدا فەقێ قادری دڤێت ب شــێوەکێ جیاوازتر و رووهنتر هەســتا خۆیا نەتەوەیی بداتە دیارکرن ، ئەو ژی ب وێ رێکی کو ئاماژەدان ب نەتەوا تورك وەکی دوژمنەکێ ســەرســەختێ کورد و کوردستانێ ، چونکی تورك ب درێژاییا هەبونا کورد مژیلی ژناڤبرن و نـەهێلانا نـەتـەوا کوردی بوینـە ب رێیـا فێـل و پلانێن خۆ یێن داگیرکەرانە، هەر بەردەوامن ل ســـەر کارێ خۆیێ خراپ و خۆ ل کەسـێ ناکەن خودان پشـتی بەرژەوەندییا وان ب دەسـت وان ڤە دهێن.

فەقێ قادرێ هەمەوەند خراپییا وێ بارودۆخێ ب چــاڤێ خۆ دیتیە، دوبــەرەکی و هــەڤرکییــا میر و میرگــەهێن کوردی دنــاڤ کۆمــەلآ کوردەوارییێدا، دژایەتیکرن و شـەرێ عوسمانییان ل بـــەرامبـــەر میرگــەهێن کوردی و لاوازبون و ژناڤچونا دەسەلاتا کوردی د ئێخیتە ستوییێ عوسمانییان ، هــــەر ژبــــەرهندێ شێـــخ و دەرەبـــەگێن دەڤــــــەرێ دژایەتییا فەقێ قادری کرین ، کو ناڤبری بخۆ دگەلەك جهاندا ئاماژە ب وێ چەندێ کریە و دبێژیت:

یان :

وەصیەتم ئێدەن جە لای خاص و عام
بە تورکان هەرگیز مەواچوون ئیسلام
( د.ف.ق.ل: 133 )

ئەڤ دێرا هۆزانێ ژی درێژە پێدەرێ هزرا فەقێ قادریە بەرامبەری عوسمانی (تورك) ان ، بەلێ ل ل ڤێرێ هۆزانڤان هەتا رادەکێ لایەن و رێکەکێ نوی یا هەڤرکییا تورکان دیاردکەت ئەو ژی ب رێیا ئایینێ ئیسلامێیە ، لەوما هۆزانڤان وە سیەتێ ل گەلێ خۆ دکەت کو چ جارا نەکەڤنە بن کاریگەرییا تورکان ب رێیا ئیسلامەتییێ ، چـونکی ئەو وەسا دبینیت تورکان ئیسلامێ ب تنێ وەك چەکەکێ بۆ بنەبرکرن و شەڕ و ئاژاوە و تێکدانا گیانێ یەکرێزییا گەلێ کورد بکاردینیت نەوەك پەیامەکا ئایینی، چـــونکی ئایینێ ئیســـلامێ چ جارا رێکێ نادەتە موسلمانی کو برایێ خۆیێ موسلمان بکوژیت.

هۆزانێن فەقێ قادرێ هەمەوەندی ب قوتابخانەکا ئەدەبی دهێتە هژماردن د ئەدەبێ کوردییا خوارێدا و دهێتە ناڤکرن ب رۆشــنگەری یان قوتابخانا رەوشـــەنبیری، کو ژ ســـیمایێن هەرە گرنگێ ڤێ قوتابخانێ بەرێخۆدانە میللەت و نەتەوە و نیشــتمانە، قوتابخانا شـــیعری یا بابان هەڤدەم دگەل ڤێ قوتابخانێ ب هەلویســـت و باوەرییەکا موکم کەفتیە بن کاریگەرییا هزروبیرێن نەتەوەیێن ئەحمەدێ خانی و تەنانەت ب گەرم و گورتر ژی ل ســـەر ڤی بابەتی راوەســتیا، چــونکی هۆزانێن ســـەر ب قوتابخانا بابان ژلایێ ناڤ و نیشـان و ناڤەرۆکێڤە ژی تایبەتن ب هزر و بیرێن نەتەوەیی وبابەتێن خۆیێن مێژویی و نەتەوەیی و سیاسی و رەخنەیی و جڤاکی ب رێیا

ناڤەرۆکەکا رووناکبیری و پەروەردەیی دەردبرن، هەروەسا هۆزان دبیتە پەیامەک و دهێتە ئاراستەکرن بۆ تاک یان خەلکێ کورد ستانێ ب مەبەستا تێگەهشتن و هشیارکرنێ ل هەر رویدانەکا نەچاڤەرێکری، هەرچەندە ناڤبری د سەردەمێ ویدا ددەڤەرێدا میرنشینا بابان ل سەر تەختێ دەسەلاتێ بوویە بەلێ هۆزانڤانی ب دایالێکتا گۆرانی و ب تایبەت گۆڤەرا هەورامی هۆزانێن خۆ ڤەهاندینە، چونکی دوی سەردەمیدا ب رەخ دیالێکتا ناڤەراست کو زمانێ فەرمیێ نڤیسین و خواندن بوو ل دەڤ هۆزانڤانان، ب پلا دووێ دایالێکتا گۆرانی زمانێ ئەدەبی و رەوشەنبیری بووە ل دەڤەرێ.

### 3. کارتێکرنا ئەو رەوشا رەوشەنبیری و نەتەوەیی ل سەر فەقێ قادرێ هەمەوەندی و رەنگڤەدانا وان دهۆزانێن ویدا

ئەم دشێین گرنگترین بابەتێن رۆشنگەریێ دناڤەرۆکا هۆزانێن فەقێ قادرێ هەمەوەندیدا دڤان چەند خالێن ل خوارێدا دیاربکەین:

#### 1.3.گرنگیدان ب زمانێ کوردی و وەرگێران ژ زمانێ فارسی بۆ کوردی:

(( دەکرێ وەرگێران بە یەکێك لە شێوە هەرە کۆنەکانی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بزانین، کە بە گشتی لە راستی تێگەیشتن و درکی بەرامبەری مرۆڤەکان ئەنجام دراوە ))[16]، کو ل دەسپێکا هەبونا مرۆڤی وەرگێران چ وەکی زانست و چ وەکی هونەر هەبویە بۆ بوراندنا ژیانێ و ب دەستڤەئینانا کەل و پەل و پێدڤیاتیێن ژیانێ و موکمکرنا پەیوەندیێن ئایینێ و جڤاکی و زانستی و ... هتد، کەواتە ل ڤێرێ وەرگێران وەکی زمانەکێ ئاسایی رۆلێ خۆ دبینیت، ئەو ژی دروستکرنا پەیوەندی و پێك گهۆرینا پێزانینانە دناڤبەرا مرۆڤاندا دناڤ جڤاکیدا، ئاشکەرایە ل رۆژئاڤا و رۆژهەلاتێ ژی پەیدابون و سەرهەلدانا ئایینێن ئاسمانی و نەئاسمانی ژی کارتێکرنەك مەزن کریە سەر بزاڤێ وەرگێرانێ دناڤ میللەتێن جۆراوجۆرێن جیهانێ ، چونکی دەمێ زمانەك دبیتە زمانێ ئێك ژوان ئایینان ، بێ گومان دێ بیتە زمانەکێ پیرۆز و بەرز و بلند و جهێ گرنگیدانا رەوشەنبیر و رووناکبیران بویە و چەندین بەرهەمێن نەتەوەیێن خۆ یێن جۆراوجۆر وەرگێراینە سەر وی زمانێ ئایینی، ئەڤ چەندە ژی پشتی شەهرەزاییەکا زۆر دهێت ، چونکی دڤێت وەرگێر ئەڤ تایبەتمەندیێن ل خوارێ ل دەڤ هەبیت:

( 1– دڤێت وەرگێر ب باشی د ناڤەرۆکا دەقی و مەبەستا نڤیسەرێ دەقی بگەهیت.

2– دڤێت وەرگێر شارەزاییەکا باش و زۆر هەبیت د هەردو زمانان‌دا، مەبەست پێ ئەو زمانێ ژێ وەردگێریت و ئەو زمانێ کو دەقی پێ وەردگێریت، چونکی پێدڤیە وەرگێر شارەزاییەکا باش د کەلتورێ هەردو زماناندا هەبیت دا وەرگێرانەکا درست و زانستیانە ئەنجام بدەت.

3– دڤێت وەرگێر خۆ دویر بێخیت ژ وەرگێرانا پەیڤێ بۆ پەیڤێ، چونکی ئەڤ وەرگێرانە زیانێ دگەهینیتە واتایا دەقی بخۆ و جوانییا دەربرینا دەقی.

4– دڤێت وەرگێر مفایێ ژ گەلەك شێوەیێن ئاخفتنێن بەرنیاس وەربگریت و بکەتە رێکەك بۆ کارێ خۆ.

5– دڤێت وەرگێر ب رێیا هەلبژاردن و دارشتنا پەیڤێن گونجای کارتێکرنێ ل کەسێ بەرامبەر ( گوهدار ) ی بکەت و سەرنجا وی بۆ دەقێ سەرەکییا وەرگێرانێ راپکێشیت)[17] .

ل سەردەمێ هۆزانڤانێ مەدا ئایینێ ئیسلامێ ئایینێ سەرەکیێ نەتەوەیێن رۆژهەلاتێ بو و زمانێ وی ئایینی ژی عەرەبی بو و رەوشەنبیرییا وی دەمی ژی رەوشەنبیرییەکا عەرەبی یا ئیسلامی بو ، ئەڤ چەندە نە بتنێ ناڤ نەتەوا کوردا بەلاڤەبی ، بەلکو دناڤ نەتەوەیێن تورك و فارس ژی ب هەمان شێوە بو ، ئەڤە زێدەباری وێ چەندێ ژی کو هۆزانڤانێن مە یێن کورد یێن سەردەمێ کلاسیکێ مەلا و فەقێ بون و راستەوخۆ ل بن کارتێکرنا وێ ئایینێ و زمانێ وی ئایینی و زمانێ نەتەوەیێن دیتر بون وەکی تورك و فارس و ب تایبەت فارسی کو ئێك خێزانێ زمانینە دگەل زمانێ کوردی و پتر نێزیکی ئێکن ژ زمانێن دی یێن رۆژهەلاتی ، هەرچەندە ب ئەگەرێ هەوبنا ئیمپراتۆریەتا عوسمانی ل دەڤەرێن کوردستانێ ب گشتی و دە ڤەرا هۆزانڤانی ب تایبەتی زمانێ عەرەبی زمانێ فەرمیێ وێ دەسەلات و ئیمپراتۆریەتێ بو ، بەلێ فەقێ قادری ب شانازیێڤە بەرهەمێن فارسی بۆ سەر زمانێ کوردی وەرگێڕایە و ب کارەکێ باش ژی ل قەلەم دایە و چێدبیت ئەڤ چەندە ژی ب ئەگەرێ تێکەلی و هەڤالینیا وی بیت دگەل رەوشەنبیر و هۆزانڤان و ئەدیبێن رۆژهەلاتا کوردستانێ یێن وی دەمی و وەك هەڤ بونا زمانێ کوردی و فارسیێ بیت، کەواتە فەقێ قادر زمانێ کوردی ب فاکتەرەکێ گرنگ و پیرۆز دانایە بۆ مان و هەبونا کوردان و رشدیێ ل سەر وێ پیرۆزیێ دکەت و بەردەوامی و مانا مللتی ب زمانێ وی میللەتیڤە گرێددەت و دبێژیت:

هەرچەند بێ حەددەن سیەر نەبی
هەم بە فارسی، هەم بە عەرەبی
جاهیلان کورد بێ حەددو حیساب
نمەکەن تەفهیم فارسی کیتاب
هەر ئێد مەزانان ( سید الانام )
نەبییەن، رەسوول پەرێ خاص و عام
وە حەیفم زانا زومرەی جاهیلان
قەدر نەبیشان تەمام نەزانان
( د.ف.ق.ل: 62– 63 )

ل ڤێرێ هۆزانڤان وەرگێرانا بەرهەمێ ئەدەبی ژ زمانێ فارسی بۆ زمانێ کوردی ب فەرتردبینیت ژ وەرگێرانا بەرهەمێ ئەدەبی ژ زمانێ

عەرەبی بۆ زمانێ کوردی هەرچەندە زمانێ فەرمییێ دەولەتێ ل سەر دەمێ وی زمانێ عەرەبی بویە، بەلێ فەقێ قادری شانازییێ ب زمانێ فارسی کریە وەکی نزیکترین زمانێ ڕۆژهەلاتێ ژ زمانێ کوردی و ئەوی وەسا دیاردکر کو چێتر ئەوە مرۆڤ تام و چێژێ ژبەرهەمێن هەڤ زمانێ خۆ وەربگریت ، داکو پتر مفاییێ ژ بابەتێن وی بەرهەمی وەربگریت و تێکەلی بابەتێن وی ببیت.

چون فارسی بی پەند حەکیمان

بە لەفڤ کوردی کەردم تەرجومان

سا چون من ئەصلم صینف ئەکرادەن

هەر کەس بە ئەمپال وێش خاگر شادەن

( د.ف.ق.ل: 456 )

فەقێ قادر دڤێ پارچا هۆزانێدا دبێژیت ژبەرکو (پەندی حەکیمان) فارسیە، من ژ فارسییێ وەرگێڕایە سەر زمانێ شیرینێ کوردی ، چونکی ئەز بخۆ کوردم و هەمی مرۆڤ ب هەڤ پشك و هەڤ نەتەوە و هەڤ پەندێن خۆ کەیف خۆش و کامەرانە، ب ڤی ڕەنگی فەقێ قادر ب شێوەکێ سادە و ساکارانە و ب ڕووهنی دیار دکەت کو ژبەرکو زمانێ کوردی و فارسی وەکهەڤ و ئێك زمانن ئەو ژی هندو ئەورووپیە، لەوما فەقێ قادر مافێ ددەتە هەر کەسەکی کو ب بەرهەمێن هەڤ زمانێ خۆ شادبیت.

هەروەسا د دێڕەکا دی یا هۆزانێدا دەمێ باسێ ( کاك ئەحمەدێ شێخ ) دکەت و دبێژیت:

ئەو بە فارسی هەفتاد ئیستیغفار

تەرجەمەش کەردەن پەی تەسهیل کار

( د.ف.ق.ل: 33 )

دڤێ دێڕێدا دەمێ فەقێ قادر پاڕانەوە و نزایا حەزرەتی خچری ژ فارسییێ وەرگێڕایە سەر زمانێ کوردی، مەبەستاخۆ دیاردکەت کو ئەو ژی ب ساناهیکرنا وێ نزاییێیە ، داکو مرۆڤ ب تەمامی و ب درستی تێ بگەهیت ، چونکی هەردو زمان وەکهەڤن، هەروەسا ڤێ وەرگێڕانێ ب کارەکێ پیرۆز ددانیت و شانازییێ ژی پێ دکەت.

هەژیە بێژین فەقێ قادر شارەزاییەکا باش هەبویە د زمان و ئەدەبیاتا فارسی یا سەردەمێ خۆ و بەردەوام ئاگاداری بزاڤ و چالاکیێن هۆزانڤان و نڤیسەرێن فارسێن سەردەمێ خۆ بویە و بەرهەمێن وان خواندیە و هەتا ڕاددەکێ باش کەفتیە بن کارتێکرنا وان .

## 2.3. بابەتێ جڤاکی و ڕەخنەگرتنا دەسەلاتی و لایەنگرێن وی دەسەلاتی:

فەقێ قادرێ هەمەوەندی وەك هەر مرۆڤەکێ دی ئاسایی ژیانا خۆیا ڕۆژانە بوراندییە، هەرچەندە ئەو دەمێ هۆزانڤان تێدا ژیایە جڤاکا کوردی جڤاکەکا پاشڤەمای بو، بەلێ ئەڤە نە ڕامانا هندێ ددەت کو ئیکجار بوار و بیاڤێن باش دناڤ جڤاکێ کوردەوارییا وی دەمی نەبویە، لێ دیسان دێ بێژین ئەو بوار و بیاڤ نە ل ئاستێ پێدڤی دا بون، دهۆزانێن ویدا حەز و ڤیانا مرۆڤی بۆ مرۆڤی و هەستا مرۆڤایەتیەتییەکا هویر ب ئاشکرایی دەردکەڤیت.

فەقێ قادر زێدەباری ئەو ژیانا وی یا نەخۆش کو بەهراپتریا ژیانا خۆ ل سەر دەستێ عوسمانی (تورك) ان د زیندانێن کەرکوك و میسل و بەغدا ب سەر بریە، بەلێ بێ هێڤی نەبویە ژ جڤاکێ خۆ، هەردەم دژی یەك نەگرتن و خیانەت و شەڕو هەڤڕکیێن ناڤخۆیێن کوردان بویە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ هەول دایە گیانەکێ ئەکرێزی و یەکگرتنێ دناڤبەرا تاکێن کوردی و جڤاکێ کوردەواییێ و میر و میرگەهێن کوردی چێکریە ، هەروەسا داخوازا ژ کوردان کریە سەردانەچن و نەکەڤنە بن بار و کارتێکرنا نەرێنی یا تورکێن خوینمژ و دوژمنێ سەرسەختێ کوردان، ئەڤ چەندە دڤێ پارچا هۆزانا خوارێدا دیاردبیت و دبێژیت:

ئەر (جوامێر) مەغروور، ئەر برا بێ ڕا

ئەر کاك (عەبدوڵلاّ عەزیز) ناتەبا

ئەر حاکم نەپرس، ئەر قەوم نەشنەوا

ئەر ڕەعیە ڕەهزەن نەقەحگ و غەلا

بێ تەوفیق حەق، بێ یەد بەیچا

چێش مەیۆ جە دەست یەك فەرد تەنها

